# رۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٦١١) سێشەممە ٢٠١٠/١٢/٧ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار




گۆڕان لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا ڕۆڵی ئیجابیی هەیە

ل... ٧

# ئۆپۆزسیۆن نامەی ناڕەزایی دەداتە سەرۆکی پەرلەمان

# کۆنگرەی پارتی دانیشتنەکانی پەرلەمان پەکدەخات

چاوان عەلی و سەنگەر کوردە

بەهـۆی بەستنی کـۆنـگـرەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دانیشتنەکانی پەرلەمان پەکدەخرێت، هاوکات سێ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکە «ڕازی نابن» تەنیا لیستی دەسەڵات نوێنەرایەتی هەرێم بکات لە دەرەوە، بەوهۆیەوە نامەی ناڕەزایی دەدەنە سەرۆکی پەرلەمانو هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن دەکەن.

دوای ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دوو پەرلەمانتاری دەستنیشانکرد (کە هەردووکیان پارتین)، بۆئەوەی وەک وەفدێکی پەرلەمانی بچنە ئەڵمانیا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان، فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن (گـۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە «ناڕەزایی» نامەیەکیاندا داوایان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد بەیەکسانی مامەلە لەگەڵ سەرجەم کوتلەکاندا بکات.

لە چەند رۆژی رابـردوودا پەرلەمانی کوردستان وەفدێک (کە پێکهاتبوون لە دوو پەرلەمانتاری سەربەفراکسیۆنی کوردستانیی و ئەوانیش عەبدولسەلام بـەرواری و ئامینە زکری) دەستنیشانکرد، کە بچنە وڵاتی ئەڵمانیا بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان.

لە ناڕەزاییینامەکەی ئۆپۆزسیۆندا هاتووە: «نـاڕەزایـی خۆمان دەردەبـڕیـن بەرامبەر ناردنی وەفدەکە، چونکە ئەو وەفدە نوێنەری ئۆپۆزسیۆنی تیادا نییە».

لەوبارەیەوە کاروان سالح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەم هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان تەنیا بەرامبەر بە رەوانەکردنی ئەم وەفدە نییە، بەڵکو کۆکراوەی چەندین هەڵسوکەوتی هاوشێوەی سەرۆکی پەرلەمانە کە ئۆپۆزسیۆن پەراوێزدەخات، لەکاتێکدا ئۆپۆزسیۆن (٣٣٪)ی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن.

بۆ...ل٢

## بەپێی یاسای بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم دەبوایە وەک بەغدا هاوتا بکرایە

# حکومەت مووچەی فەرمانبەرانو هێزە ئەمنییەکانی زیاد نەکرد



فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

چاوان عەلی

حکومەتی هـەرێـم مادەیەکی یاسای بودجەی (٢٠١٠) پشتگوێدەخات، کە تایبەتە بە زیادکردنی مـووچـەی فەرمانبەران، خانەنشینان، هێزەکانی ئاسایش، پێشمەرگەو پۆلیس.

بەپێی مـادەی (٢٤)ی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) کە لە (٣) بڕگە پێکهاتووە، لەسەر وەزارەتـی دارایی و ئابووریی هەرێمە، یەکسانیی لەنێوان مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینانو هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیس لە هەرێم، لەگەڵ مووچەی هاوشێوەکانیان لە حکومەتی فیدراڵیی عێراق بێنێتە دی.

بەڵام بە وتەی عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەم مادە یاساییە لە یاسای بودجەی (٢٠١٠) تائێستا جێبەجێ نەکراوەو نادادپەروەریی هەیە لەنێوان مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمو بەغدا.

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەش کردەوە؛ کە مووچە لە کوردستان بە شێوەیەکی «هەڕەمەکی» بێگوێدانە بنەماکانی دابەشکردنی مـووچـەو ئاستی ژیانی مووچەخۆران دابەشدەکرێت، بە پێچەوانەی مووچەخۆران لە بەغدا.

هەرچەندە یاسای بودجەی (٢٠١٠) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوەو حکومەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی، بەڵام تائێستا ئەو مادە یاساییە جێبەجێ نەکراوە کە تەنیا سێ هەفتە ماوە بۆ کۆتاییهاتنی ساڵی (٢٠١٠)و پەرلەمانیش چاوەڕوانی گفتوگۆو پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١١)یە.

هەربۆیە عەدنان عوسمان داوا دەکات؛ کە بەر لـەوەی گفتوگۆ لەسەر بودجەی (٢٠١١) بکرێت، وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێم جێبەجێ نەکردنی ئەو مادە یاساییە بۆ پەرلەمانی کوردستان روونبکەنەوەو هەموو موستەحەقاتی ئەوانەی زیادەکە دەیانگرێتەوە، بۆیان خەرج بکرێتو ئەوانەی تائێستا نەشیاندراوەتێ، وەک قەرزێک لای حکومەت بمێنێتەوەو بەسەر یەکەوە بۆیان سەرف بکرێت.

## کۆبوونەوەی د.بەرهەم لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بێئەنجام بوو

ل... ٥

## یەکگرتووی ئیسلامیش داوای دوو ملیار قەرەبوو لە رۆژنامەیەک دەکات

ل... ٦

## کورد پۆستی بڕیاردەری پەرلەمانی عێراقی لەدەستدا

ل... ١٠

# لیستی دەسەڵات لە سلێمانی شکستیهێناو لە هەولێریش پاشەکشەی کرد

پشتیوان سەعدوڵڵا

لیستەکانی دەسـەڵات لە پارێزگای سلێمانی تووشی «دۆڕانـدن»و بەرەو دواوەچـــوون دەبـنو لـە سـنـووری پارێزگای هەولێریش لە بەرامبەر بردنەوەی ئۆپۆزسیۆندا، دەسەڵات لە پاشەکشەدایە.

لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کـوردسـتـان، لـــە هـەڵبژاردنی (١٢/٢)دا، لە پارێزگای سلێمانی لە کۆی (٣٠٢١٩) دەنگ، توانییان (١٨٩٧١) دەنگ بەدەستبهێنن، کە دەکاتە (٦٢٪)، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا، (٥٧٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو.

هەروەها لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەڵبژاردنی (١٢/٢)ی مامۆستایاندا لە پارێزگای هەولێر، لە کۆی (٣٠٢١٩) دەنـگـدەر، توانییان (١١٩٨٠) دەنگ بەدەستبهێنن، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٨٪)، لـەکـاتـێـکـدا لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پـەرلەمانی کوردستاندا، (٢٧٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو.

لە بەرامبەریشدا، لیستی کوردستانیی لــە هــەڵبژاردنی (١٢/٢)دا لە پارێزگای سلێمانی، (١١٢٤٨)ی دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٣٧٪)ی دەنگەکانو لە پارێزگای هەولێریش (١٧٦٨٠) دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە (٥٧٪)ی دەنگەکان، لەکاتێکدا هـەمـان لـیـسـت لـــە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پـــەرلەمانی کـوردسـتـانـدا، (٦٥٪)ی دەنگەکانی هەولێری بەدەستهێنابوو.

جگە لەوەی لە پارێزگای سلێمانی هەریەکە لە لیستەکانی دیکەی مامۆستایانی پیشەیی و مامۆستایانی سەربەخۆو مامۆستایانی زەحمەتکێشان (١١١١) دەنگیان بەدەستهێناوەو لە پارێزگای هەولێریش، لیستەکانی مامۆستایانی سێ لیستی تورکمانیو ئاشووریو پیشەییو سەربەخۆو زەحمەتکێشان (٢٦٤١) دەنگی مامۆستایانیان بەدەستهێناوە، کە لەدەرەوەی لیستی دەسەڵات، بەشداریی هەڵبژاردنیان کردبوو.

بۆ... ل٢

# د.شاهۆ: نیوملیۆن دەنگمان بەدەستهێناوەو بە سەربەخۆیی لە بەغدا گفتوگۆ دەکەین

رۆژنامە

سـەرۆکـی وەفـدی دانـوسـتـانـکـاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا، رایگەیاند: گۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆیەو بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنو بە شێوەی سەربەخۆ دانوستان دەکات لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقەوە.

د.شاهۆ سەعید، بە رۆژنامەی راگەیاند: بـڕیـارمـانـداوە کە بە وەفدێکی سەربەخۆ بەشداریی لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا بکەین، کە لە ئێستادا نوری مالیکی راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی، ئەم هەڵوێستەشمان پاش ئەوە هات کە بزووتنەوەکەمان لە رۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٩) بڕیاریدا لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکشێتەوە، پاش ئـەوەی هیچ وەڵامێکی ئەوتۆمان بە دەست نەگەیشت لەلایەن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو پرۆژەیەی کە لەپێناوی چاکسازیی سیاسیی لە هەرێمی کورستان خستبوومانەڕوو.

وتیشی: «وەک وەفدی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دەکەین کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەشداریمان کـــردووە، بـەو پێیەی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆینو نیوملیۆن دەنگمان بەدەستهێناوە، لە ئێستاشدا کوتلەیەکی پەرلەمانیمان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەیە، کە لە (٨) پەرلەمانتار پێکدێت، بۆیە بڕیارمانداوە بەپێی دەستوور دانوستان بکەین لەگەڵ لایەنی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت».

## پارەی گرێبەستە نەوتییەکانی لە بودجەی سیادیدا حساب کراوە

# (٥٪)ی داهاتی نەوتی هەرێم دەدرێتە قەرەبووی جەنگی کوەیت

هەستیار قادر

لە بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا، هەرێم ناچارکراوە کە داهاتی فرۆشتنی نەوتی بگەڕێنێتەوە بەغداو (٥٪)ی داهاتەکەی بۆ قەرەبووی جەنگی کوەیتەو بەپێچەوانەشەوە لە (١٧٪)کەی دەبرێتو پارەی گرێبەستە نەوتییەکانیشی لەنێو بودجەی سیادیدا ئەژمارکراوە کە لە بەشە بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە.

بە پێی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران کراوە بە مەبەستی تاووتوێکردنی، ڕێژەی (١٧٪)ی هەرێم دیاریکراوە بە جیاکردنەوەی بودجەی سیادیی‌و حاکمییەوە لەنێو ئەو بودجانەی کە خراونەتە خانەی جیاکردنەوەوە لە بودجەی گشتیی بۆ دیاریکردنی بەشە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم بڕی تێچوونی گرێبەستەکانی وەبەرهێنانی نەوتە بە پارەی ئەو گرێبەستانەشەوە کە کۆمپانیا بیانییەکان



پارەی داهاتی نەوت لە هەرێم گلدەدرێتەوە

لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی وەبەرهێنانی کەرتی نەوت ئەنجامیانداوە.

بەپێی پرۆژەیاسای بودجە کە بڕەکەی (٧٨)ترلیۆن‌و (٧٠٥)ملیارو (٢٣٧)ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دینارە، ڕێژەی خەمڵێنراوی هەناردەی نەوتی عێراق بە (٢) ملیۆن‌و (٢٥٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا خەمڵێنراوە بە نرخی (٧٣) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک‌و لە بودجەکەدا (١٥٠) هەزار بەرملیل لەو ڕێژەیە دیاریکراوە وەک هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی دەرهێنراو لە هەرێم. حکومەتی هەرێمیش ناچارکراوە کە داهاتی ئەو ناردنە دەرەوەیە بگەڕێنێتەوە بۆ سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق (dfi) لەدوای جیاکردنەوەی (٥٪) بۆ قەرەبووی جەنگی کوەیت، گەر ئەو ڕێژەیەش لەلایەن هەرێمەوە تەسلیم بەو سندووقە نەکرا، لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم دەبڕدرێت.

هەر لەو پرۆژەیاسایەدا هاتووە، کە دیوانی چاودێریی دارایی عێراق بە هەماهەنگیی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، ڕێژەی داهاتی هەرێم دیاریی بکەن بۆ ئەمساڵ‌و مانگانە وەزارەتی دارایی هەرێم دەینێرێت بۆ وەزارەتی دارایی عێراق‌و پاکتاوی بەرکەوتەی نێوان هەرێمی کوردستان، حکومەتی ناوەندیش بۆ ساڵانی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠)و ساڵانی دواتر دەکرێت لەدوای وردبینیکردنی لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی عێراقی بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، پرۆژەکە ماف بە وەزارەتی دارایی عێراقیش دەدات بە بڕینی ڕێژەی هەر زیانێک لە بودجەی ئەو هەرێم‌و پارێزگایەی کە ڕێنادات بە بەکارهێنانی ئاسمانی عێراق بۆ بەرژەوەندیی ئەو کۆمپانیایانەی مۆبایل کە مۆڵەت پێدراوە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە.

هەر لە پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)دا، وەک ساڵانی ڕابردوو کێشەی بوجەی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بە هەڵپەسێردراویی ماوەتەوەو ئاماژە بەوەکراوە کە دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر خەرجیی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) ڕێکبکەون کە (مووچەو پڕچەککردن‌و ئامێرپێدان) دەگرێتەوە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ دەستووردا بگونجێت‌و بەپێی ڕێککەوتن ئەو خەرجییانە بە سلفە بدرێت، تا ئەو کاتەی ئەو پرۆسەیە بە یاسایەک ڕێکدەخرێت.

# دەوڵەتی یاسا: (٦-٧) وەزارەت دەدەینە کورد

هەستیار قادر- عەلی ناجی

سەرکردەیەکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە (٦-٧) وەزارەت دەدەنە کوردو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش جگە لە یەکلاییکردنەوەی وەزارەتی دەرەوەو جێگری سەرۆک وەزیران داوای وەزارەتی گواستنەوەو خوێندنی باڵا دەکات.

کەمال ساعدی، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان(٦-٧)وەزارەتیان بەردەکەوێت»و ڕوونیشیکردەوە؛ کە حکومەتی نوێ لەسەر بنەمای خاڵ‌و تەوافوقی سیاسیی دابەشدەکرێت‌و نوێترین پێشنیازیش بۆ هەژمارکردنی خاڵ ئەوەیە، کە هەر پێنج کورسی پەرلەمان بەرامبەر بە (٤،٤٤) خاڵ بێت‌و لیژنەیەکی تایبەتیش پاڵێوراوەکانی هەرسێ وەزارەتی ناوخۆو بەرگریی‌و ئاسایشی نیشتمانیی یەکلایی دەکەنەوە.

هاوکات فەرهاد ئەتروشی، ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە هەریەک لە پۆستەکانی وەزارەتی دەرەوەو جێگری سەرۆک وەزیران بۆ ئیئتیلافەکەی یەکلایی بووەتەوەو چەند وەزارەتێکی تریش داوادەکات، کە تائێستا تەنیا وەزارەتی گواستنەوە وەک داواکاریی دیارە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بڕیارە هەر کوتلەیەک سەرۆکی لیژنەیەک وەربگرێت وەزارەتی پەیوەندیداریی وەرناگرێت، بەوپێیەش کورد ناتوانێت وەزارەتەکانی پیشەسازیی‌و شارەوانییەکان‌و نەوت‌و گاز وەربگرێت، بەوپێیەی لیژنەکانی لەناو پەرلەماندا وەرگرتووە.

لەلایەکی ترەوە بەکر حەمەسدیق، ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئاماژەی بەوەدا؛ کە جگە لە وەزارەتی گواستنەوە داوای وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەکەن، کە بە هەمان شێوەش ئیئتیلافی عێراقییە دەیەوێت وەرییبگرێت.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعەکان لەگەڵ ئەوەدایە، کە (٢،٢٤) کورسی بەرامبەر بە یەک خاڵ هەژمار بکرێت‌و سێ سەرۆکایەتییەکە (١٠) خاڵ‌و جێگرەکانیان (٥) خاڵیان بۆ دابنرێت‌و وەزارەتە سیادییەکانیش (٣) خاڵیان بۆ حساب بکرێت‌و وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانیش بکرێن بە دوو پلەوە، یەکەمیان: (٢) خاڵی دەوێت‌و دووەمیشیان: (١،٥) خاڵ‌و وەزارەتەکانی دەوڵەتیش پێویستیان بە خاڵێک دەبێت.

# بێ دیاریکردنی ڕێژەی ئەندامان
# پارتی هەفتەی داهاتوو کۆنگرە دەبەستێت

چاوان عەلی

بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا سیانزەیەمین کۆنگرەی پارتی لە هەولێر ببەسترێت، چاودێرانی سیاسیش، چاوەڕوانی بڕیارو گۆڕانکاریی گرنگ لەو کۆنگرەیە دەکەن.

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٣ پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای (١١) ساڵ لە نەبەستنی، سیانزەیەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر دەبەستێت، ئەویش دوای چەند جارێک لە دواخستن‌و گۆڕینی شوێنی بەستنی کۆنگرەکە.

فایەق تۆفیق، سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆنگرە لە کاتی دیاریکراوی خۆی، کە (١٣)ی ئەم مانگەیە لە شاری هەولێر دەبەسترێت»، بەڵام بە هۆی باری ئەمنییەوە ئامادە نەبوو شوێنی بەستنی کۆنگرەکە دیاریی بکات.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە بە تەزکیەی حیزبیی، فایەق تۆفیق، ڕەتیکردەوە کە ئەندامی کۆنگرە هەبن بە تەزکیەی حیزبیی کرابنە ئەندام: «ئەو قسانە دوورن لە ڕاستییەوەو بێ بنەمان»، ئاشکراشیکرد؛ بە هۆی ئەوەی تائێستا لە دیراسەکردندایە ناتوانرێت ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە دیاریی بکرێت.

بە وتەی سەرۆکی لیژنەی ئامادەکار: «چەندین میوان لەسەر میوانداریی سەرۆک بارزانی بەشداریی کۆنگرە دەکەن، تەنیا لە ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەدا ئامادەی دانیشتن‌و کۆبوونەوەکان دەبن، ئەوانیش بریتیی دەبن: لە دۆستەکانی کورد لە وڵاتانی عەرەبیی‌و ئەورووپیی‌و نوێنەرانی حکومەتی عێراقی‌و لایەنە سیاسییەکان، لەگەڵ نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەشداریی میوانەکانیش تەنیا لە ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەدا دەبێت.

لە سیانزەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتدا ڕێژەیەک بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان دیارینەکراوە، تائێستاش زیاتر لە (١١٥) ئافرەت ناسنامەیان بۆ کراوە، کە وەک ئەندام بەشداریی کۆنگرە بکەن.

# سەیدسادق حەوت هەزار
# ئیمزای ناردە پەرلەمان

ڕۆژنامە

کەمپەینی داواکاریی کردنەوەی کۆلێژێک بۆ قەزای سەیدسادق (٧٠٠٠) هەزار ئیمزای دانیشتووانی دەگەیەنێتە نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی.

هێمن عەلی، سەرپەرشتیاری کەمپەینی چالاکی کۆکردنەوەی ئیمزاکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەک ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووس‌و خوێندکارو مامۆستای زانکۆ، توانیمان (٧٠٠٠) ئیمزای تێکڕای چین‌و توێژەکانی دابەشبوو بەسەر لایەنە سیاسییەکان، کۆبکەینەوە، بە ئامانجی کردنەوەی کولێژێک بۆ قەزاکەمان».

ئەو چالاکوانەی سەیدسادق، قەزاکەیان بە گونجاوتر دەزانێت لەو قەزایانەی ئێستا خاوەنی کولێژو زانکۆن، لەوبارەیەوە وتی: «پێشتر بڕیاری ئیداریی بۆ کردنەوەی هەبووە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، بینای تایبەتمان هەیەو کێشەی نەبوونی بینامان نییە، هاوکات ژمارەیەک مامۆستای زانکۆمان هەیە، کە ئامادەن بگەڕێنەوەو وانەکان وەربگرن».

سەیدسادق، ژمارەی دانیشتووانی (٨٠) هەزار کەسەو کەوتووەتە نێوان (٣) قەزاو (١٠) ناحیەو سەدان گوندەوە، لەو چوارچێوەیەدا چالاکوانانی کەمپەینەکە لە ئەگەری نادیدەگرتنی داواکەیان دەڵێن: «پەنا بۆ چالاکی مەدەنی دیکە دەبەین».

لای خۆیەوە سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بە پشتیوانیی‌و بەدواداچوونی داواکەیان دەکات‌و دەڵێت: «(٣) مانگ بەر لە ئێستا ئەو داوایەم گەیاندووەتە وەزیری خوێندنی باڵاو ئەویش بەڵێنی دیراسەکردنی داوە، ئێستا کە داواکەیان فراوانتر بووە بەڵێنی بەدواداچوون‌و پشتیوانیمان پێداون».



شارۆچکەی سەیدسادق

# سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ڕاپۆرتەکانی
# چاودێریی دارایی نادات بە لیژنەی نەزاهە

هەنگاو هاشم- هەولێر

ئەندامانی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەوەدەکەنەوە کە بەهۆی ئەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی پێ نەداون، نەیانتوانیوە هیچ کارێک لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بکەن.

ڕۆژی شەممە (٢٠١٠/١٢/٤) بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەیاسای دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان، لە هۆڵی هوتێل شیراتۆنی شاری هەولێر، ڕێکخراوی (IRI) وۆرکشۆپێکی بۆ ئەندامانی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان ڕێکخست، ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیش، ئاماژە بەوەدەکات، بەهۆی ئەوەی کە هیچ ڕاپۆرتێکمان بەردەست نەکەوتووە، نەیانتوانیوە هیچ کارێک لەسەر گەندەڵیی بکەن، لەگەڵ ئەوەی هەردوو دیوانی چاودێریی هەولێرو سلێمانی یەکیانگرتووەتەوەو سەرۆکی پەرلەمان هیچ پاساوێکی نەماوە.

لە وۆرکشۆپەکەدا (سوجەی کالۆ) بەڕێوەبەری بەشی سیاسیی ڕێکخراوی (IRI) ڕایگەیاند: پڕۆژەیاسای دەستەی نەزاهەی هەرێم کە لە پەرلەمانی کوردستان کاری بۆکراوە، پڕۆژەیەکی گرنگە، بەڵام دەبێت کاری زیاتری بۆ بکرێت‌و هەندێک گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

سوجەی، باسی لەوەکرد، وشەی «گەندەڵیی» کە لە پڕۆژەیاساکەدا هاتووە، پێویستە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، چونکە زۆر تاوان هەیە دەچێتە چوارچێوەی ئەو وشەیەو لەداهاتووشدا هەندێک شتی تر دەچێتە بواری گەندەڵییەوە.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، ماوەی ساڵ‌و نیوێکە دروستبووە، نەیتوانیوە هیچ کارێک بکات لەسەر گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستان‌و تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکیشی دەست نەکەوتووە».

وتیشی: سەرۆکایەتیی پەرلەمان، هۆکاری پەکخستنی لیژنەکەمانە بەهۆی پێنەدانی ڕاپۆرتەکانی چاودێریی داراییەوەیە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا پاساوی سەرۆکی پەرلەمان بۆ پێنەدانی ڕاپۆرتەکان بە لیژنەکەمان، یەکنەگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاوێریی دارایی هەولێرو سلێمانی بوو، بەڵام لەئێستادا ئەم دوو دەزگایە یەکیانگرتووەتەوە، بەڵام لیژنەکەمان هەر چاوەڕێی ئەم ڕاپۆرتانەیە.

بڕیاربوو ئەم وۆرکشۆپە دوو ڕۆژ بخایەنێت، بەڵام بەهۆی کۆبوونەوەکانی بەشێک لە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە، وۆرکشۆپەکە یەک ڕۆژ بەردەوامبوو.

ئەڤین عومەر، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا نازانرێت کە ڕێژەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستاندا چەندە، چونکە تازە هەردوو دەزگای چاودێریی دارایی یەکیانگرتووەتەوە».

وتیشی: دەستبەکاربوونی دیوانی چاودێریی دارایی بەشێوەیەکی یەکگرتوو، کاتی دەوێت‌و بڕیاریشە لەداهاتوودا لیژنەکەمان لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی دابنیشێت بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکانمان پێبدرێت.

هەندێک زانیاریی لەبارەی بلۆکەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان 4

# (٥٧) ئەفسەر داوای لابردنی بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی دەکەن

شارا عەبدولڕەحمان

(٥٧) ئەفسەری هاتوچۆی سلێمانی لە یاداشتێکدا داوای لەسەر کارلابردنی بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی دەکەنو ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە ئەگەر داواکەیان جێبەجێ نەکرێت، مانگرتن رادەگەیەنن.

یەکێک لەو ئەفسەرانە کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە یاداشتەکەمان ئاراستەی سەرکردایەتی یەکێتی کردووەو ئەوانیش بە پەلە تەداخولیان کردووە، بڕیاریشمان دابوو کە ئەگەر داواکەمان جێبەجێ نەکەن، دەست بە مانگرتن بکەین، بەڵام لە ئێستادا مانگرتنەکەمان وەستاندووە، چونکە ئەوان بەڵێنی بەدواداچوونی کێشەکەیان پێداوین».

ئەو ئەفسەرانە لە یاداشتەکەیاندا نووسیویانە: «ئێمە وەک کارمەندانی حکومەت ئەم کارە دەکەین لەپێناو بەرژەوەندیی میللەتدا، نەک بەرژەوەندیی خۆمان».

لە بەرامبەردا لیوا مەریوان شێخ کەمال، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بێئاگایی خۆی لەو داوایە ڕاگەیاندو بۆ ڕۆژنامە وتی: «یەکەمجارە ئەو هەواڵە دەبیستم، خەڵکیش ئازادە ناڕەزایی دەربڕێت، بەڵام بەبێ هۆ نا، خۆ هەر کەس ناڕەزایی دەرببڕێت، دەبێت هۆکارەکەی رابگەیەنێت».

بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی وتیشی: «ئەگەر من دەستم هەبێت لە گەندەڵیدا، یان پیاوێکی دەستپیسو داوێنپیس بم، فەرمانگەکەم بەرەو فەسادیی ببەم، هەقە نەک (٥٧) ئەفسەر، بەڵکو هەرچی دامودەزگای ئەم حکومەتەیە لێم هەستن، بەڵام من، یان هەر کەسێکی تر بیەوێت دائیرەکە بەرەو ئاراستەیەکی وابەرێت، کە گەندەڵیی نەهێڵێتو فەسادیی نەهێڵێتو هێشتا هەر داوای لابردنی بکرێت، ئەوەیان شتێکی ترە».

بەڕێوەبەری هاتوچۆ، بەرگریی لە خۆی دەکاتو دەڵێت: «ئەفسەرم، دەرچووی کۆلێژی پۆلیسم، ئیشو کارەکانم بە ئاراستەیەکی باشدا دەبەم، دەمەوێت ئەم دائیرەیە بەپێی یاساو ئەو ڕێنماییانەی کە هەیە، کاربکات، بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی بە سیستمێک کار دەکات، کە بە یاسایەک دەڕوات بەڕێوە، ئەرکی سەرشانی منە کە ئیلتیزام بە یاساکەوە بکەم، بۆ ئەوەی سیستمی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بپارێزم».

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری پێشووی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی لەسەر کار لابرا، لەدوای جەژنی رەمەزانی ئەمساڵ لیوا مەریوان شێخ کەمال وەک بەڕێوەبەر دەستبەرکاربوو، واتە تەنیا دوای سێ مانگ لەکارکردن لە پۆستەکەیدا، داوای لەسەر کارلابردنی دەکرێت.

ئەفسەرەکەی هاتوچۆ ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە خستە ڕوو؛ کە «لیوا مەریوان لەماوەی کارکردنیدا لەو پۆستەدا ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی تۆمەتبار کردووە بە کاری نایاسایی، بەڵام تائێستا کەسیشی نەداوە بە دادگای سەربازیی، بۆیە ئێمەش لە نزیکترین کاتدا داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەین، ئەگەر لانەبرێت».


پۆلیسێکی هاتوچۆ لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا
فۆتۆ: ئینتەرنێت

پرسیار لە تێچوونی بیرە نەوتەکان دەکرێت

# لە هەرێم بە (٣٠)و لە عێراقیش بە (١١) ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت

دلێر عەبدولخالق

پەرلەمانتارێکی کوردستان، پرسیار ئاراستەی سەرۆکی حکومەتو وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم دەکات لەبارەی جیاوازیی بری تێچوونی بیرە نەوتەکان، کە لە هەرێم بە (٣٠) ملیۆن دۆلارو لە ناوچەکانی تری عێراقیش کەمتر لە (١١) ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت.

بورهان ڕەشید؛ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دوو پرسیاری ئاراستەی بەرهەم ساڵح؛ سەرۆکی حکومەتو ئاشتی هەورامی؛ وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووەو داوای کردووە، هۆکاری جیاوازیی بڕی تێچوونی لێدانی بیرە نەوتەکان لەنێوان هەرێمو عێراق ڕوونبکرێتەوە، کە بەپێی زانیارییەکان (١٩) ملیۆن دۆلارە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەگەر ئەو زانیارییە هەڵەیە، داواکارن بە بەڵگەنامەی ڕەسمیی ژمارە ڕاستەقینەکە بۆ پەرلەمان ئاشکرا بکرێت، ئەم داوایە لەکاتێکدایە ئەو گرێبەستانەی بە شێوەی (هاوبەشیی) لەنێوان حکومەتو کۆمپانیاکان هەیە، بری تێچوونی هەر بیرێکی نەوت لەسەر حکومەتو دانیشتووانی هەرێم بە قەرز دەمێنێتەوە.

لەو بارەیەوە، ئەڤین عومەر؛ جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: «ئەم بابەتە، کارێکی زۆر پیشەیی‌یەو وەزیری پەیوەندیدار خۆی کەسێکی پرۆفیشناڵە، بەڵام وەک پێشتر بۆیان ڕوونکردووینەتەوە، هۆکاری ئەو جیاوازییە سروشتی خاکی هەرێمو زەوی ناوچەکانی تری عێراقە».

ئەڤین وتیشی: «کوردستان شاخاوییەو نەوت زیاتر لەژێر تەپۆلکە بەردینەکانە، بە شێوەیەک بڕینی ئەو تەپۆلکانە کولفەی زیاتری دەوێت، وەک لەناوچەکانی عێراق کە زەوییەکانی نەرمنو خاکی زووتر دێتە دەست».

بۆ وەرگرتنی ڕاستیی ئەو ژمارەیە، «ڕۆژنامە» پەیوەندیکرد بە عەلی بەلۆ؛ ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم، بەڵام ناوبراو بە پاساوی نەبوونی زانیاریی هیچی نەوتو تەنیا ئەوە نەبێت جیاوازیی تێچوونەکەی بە ڕاست نەزانی.

# کێشەی «لامەرکەزییەت» لەنێوان حکومەت و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەردەوامە

ڕۆژنامە

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند؛ گرفتی لایەنگیریی سیستمی مەرکەزییو لامەرکەزیبوون لە ئیدارەدا لەنێوان خۆیانو حکومەتی هەرێم، بێ چارەسەر هێڵدرایەوە.

هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی چەند وەزیرو ڕاوێژکارێکی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنو سەرۆکی لیستەکانو چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبووەوە، بە مەبەستی قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو دیاریکردنی یاسایەکو چارەسەری ئەو کێشەیەی نێوان ئەنجومەنو پارێزگاری نوێ، کە زیاتر لە (٨) مانگی خایاندووە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرۆکی حکومەت بە ئامادەبوونی (١٣) ئەندامی ئەنجومەنو (٢) وەزیرو چەند ڕاوێژکارێکی، دووپاتی کردەوە کە ساڵی داهاتوو مانگی (٣ بۆ ٤)، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامدەدرێت».

وتیشی: «سەرۆکی حکومەت پێیوایە؛ لە هەرێم بە یاسای ساڵی (١٩٦٩) کار دەکرێت، بەڵام بە ڕای ئێمە بە پێچەوانەوەیە، چونکە لە کەرکوکیش وایەو کار بە یاسای بریمەر دەکرێت، خێرە لە هەموو عێراق کار بەو یاسایە دەکرێت، سلێمانی نەبێت، بەڵام گرفتەکە لەوەیە ئێمە بۆ لامەرکەزیی دەڕوانین، بەڵام دەسەڵات بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی مەرکەزیی»، باسی لەوەشکرد؛ دوای ئەوەی پەیوەندییان پێوەکردووە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتوویەتی: «شەرمە کورد بەو یاسایە کار بکات».

بۆ... ل٥

# پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی جارێکی دیکە دەبرێتەوە پەرلەمان



ڕۆژنامە

لەپێناو کاراکردنی داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە فراکسیۆنی گۆڕان، پرۆژەیاسایی داواکاری گشتیی ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەکاتەوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: بۆئەوەی داواکاری گشتیی سەربەخۆبێتو دامەزراوەیەکی سەربەخۆبێتو بتوانێت لەمەڕ پرسەگشتییەکان بەدەنگ خەڵکی هەرێمەوە بێت، جارێکی تر پرۆژەیاسای داواکاری گشتییمان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد.

کاردۆ محەمەد، باسی لە گرنگیی پرۆژەیاساکە کردو وتی: «گرنگیی ئەو پرۆژەیاسایە لەوەدایە کە بە پەسەندکردنی، سەربەخۆیی تەواو دەدات بە داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان بەوەی کە لەسەر پرسەگشتییەکانو ئەوانەی پەیوەندیی بە هاوڵاتییانەوە هەیە، کاربکاتو چیتر داواکاری گشتیی دەستەوەستان نەبێت».

لە ماوەی ڕابردوودا، فراکسیۆنی گۆڕان هەمان پرۆژەیاسای ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد، بەڵام ڕەتکرایەوەو بە وتەی ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان: «بیانووەکانی ڕەتکردنەوەی پرۆژەکەیان، یاسایی نەبوون».

## پاشماوەی... ئۆپۆزسیۆن نامەی ناڕەزایی...

وتیشی: مەبەست لێیی شاردنەوەی ئەو کەموکورتی و پێشێلکارییانەیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەیکەن لەم هەرێمەدا و پیشاندانی ڕوویەکی ناڕاستەقینەی ئەم هەرێمەیە لەدەرەوە، چونکە بینییان لە کۆنفرانسو بەشدارییەکانی دیکەمان بۆ وڵاتانی دەرەوە ڕاستییەکانمان نیشانداوە، کە دەسەڵات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکاتو سزای سیاسی هەیەو ئەوان بەو ڕاستییانە زۆر ناڕەحەت دەبن.

لەلایەکی ترەوە، پێشبینی دەکرێت دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە هۆی بەستنی کۆنگرەی پارتییەوە ڕابگیرێت، کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو ببەسترێت، ئەوەش دوای ئەوە دێت، کە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا بە هۆی بەستنی کۆنگرەی یەکێتییەوە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕاگیرا.

سەرچاوەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێدەچێت بەهۆی کرنگرەی پارتییەوە دووهەفتە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئەنجام نەدرێن، بەڵام پەرلەمانتارێکی پارتی ئاماژە بەوە دەکات؛ ڕاگرتنی کۆبوونەوەکان هەفتەیەک دەخایەنێت.

دلشاد شەهاب، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانییو پەرلەمانتاری پارتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا هیچ بڕیارێک نییە پەرلەمان بە بۆنەی کۆنگرەی پارتییەوە کۆنەبێتەوە، بەڵام بڕوام وایە دوور لە حەساسیەتو حساباتی سیاسیی، ڕەنگە عورفێکی ئاسایی بێت لە تەکوینی وا دا بۆ هەر حیزبێک کۆبوونەوە ڕابگیرێت، بۆ نموونە، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆبوونەوەیەکی وا بکاتو (٢٥) ئەندامی پەرلەمان بەشداریی کۆبوونەوە نەکەن، من یەکێک دەبم لەوانەی پێشنیاز بکەم، لە کاتی ئامادەنەبوونی ئەواندا دانیشتنی پەرلەمان بەردەوام نەبێت». وتیشی: «ئەو بەرنامەیەی دانراوە لە داهاتوودا پەرلەمان دانیشتنی لەسەر بکات پەیوەندیی بە مەسەلەی سیاسییەوە هەیە، وەک بودجەی حیزبەکانو درێژەدان بە گفتوگۆی یاسای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە کارێکی باش نییە لە غیابی هەر پێکهاتەیەکی سیاسیدا باس لەو مەسەلانە بکرێت، کە لەو کاتەشدا سەرۆکو سکرتێری پەرلەمانیش ئامادە نابن».

پەرلەمانتارەکەی پارتی پێشبینی دەکات؛ ڕاگرتنی کۆبوونەوەی پەرلەمان هەفتەیەک بخایەنێت، لە شەممە بۆ شەممەی داهاتووتر.

بەڵام سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ بەهۆی بەستنی کۆنگرەی پارتییەوە، پەرلەمان دوو هەفتە کۆنابێتەوە.

## پاشماوەی... لیستی دەسەڵات لەسلێمانی شکستیهێناو...

مامۆستا فەرمان عیزەدین، سەرۆکی لیستی مامۆستایانی سەردەم لە هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەنگی ئۆپۆزسیۆن، بەردەوام لە هەڵکشاندایەو دەنگی دەسەڵاتیش لە پاشەکشەو کەمبوونەوەدایە، چونکە خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دەسەڵات خزمەتیان ناکاتو بە پێچەوانەوە ئۆپۆزسیۆن نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکە».

سەرۆکی لیستی سەردەم، پێیوایە: «هەڵبژاردنی (١٢/٢)، نیشانەی ئەوەیە کە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە قاڵبی قۆرخکاریی چووەتە دەرەوەو دەنگو ڕەنگی جیاوازی تێدا دەبێتو پێکهاتەی ڕێکخراوەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەگۆڕێت».

هەروەها م.ڕێبوار عەلی، سەرۆکی لیستی مامۆستایانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئۆپۆزسیۆن لە هەڵکشاندایەو دەسەڵات لە پاشەکشەدایە، ئەوەش دەرەنجامی ئەوەیە کە دەسەڵات وێنەیەکی ناشرینیان پیشانداوەو خزمەتیان نەکردووە، لەبەر ئەوە دەبوو شکستی زیاتر بهێنن، بەڵام پەنابردنیان بۆ ساختەکارییو تەزویراتو فشار، بەشێک لە شکستەکەیانی ڕاستکردەوە».

دەرەنجامی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی مامۆستایان، کاریگەریی دەبێت لەسەر پێکهاتەی نوێی ڕێکخراوەکەو پێکهاتەو ستافی نوێی لقەکانی لە شارو قەزاکاندا، کە بەپێی وتەی مامۆستا ڕێبوار: «دەتوانین وەک ئۆپۆزسیۆن ستافی چەند لقێک تەشکیل بکەینو دەسەڵات بکەینە دەرەوە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن یەکبگرێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە دەنگی ئۆپۆزسیۆن زیاترە لە دەنگی دەسەڵات، بۆ نموونە دەتوانین لقی سلێمانی پێکبهێنینو لە هەولێرو گەرمیانو هەتا دهۆکیش، کاریگەریمان دەبێتو گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی لقەکاندا دەکرێت».

# ئەو ڕۆژەی پەرلەمان کۆنترۆڵ نەکرا

## «ئازادبوونی پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتی لەکاتی دەنگداندا، لە بەرژەوەندیی خەڵک دەشکێتەوە»

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق



دانیشتنێکی پەرلەمان

فۆتۆ: ئەرشیف

پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتییەکانی هەرێم، زۆرینەی پەرلەمانتارانی پارتیو یەکێتی لە دوو بەرەی جیاواز کۆکردەوەو بەپێچەوانەی خواستی سەرۆکی پەرلەمانو زۆرینەی پارتییەکان گفتوگۆی پرۆژەکە دواخرا.

چاودێران جەخت دەکەنەوە؛ ئەوەی فراکسیۆنی کوردستانیی خاوەن (٥٩) کورسی لە فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمان جیادەکاتەوە، ئەو تایبەتمەندییەیە کە بوونی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئەو دوو هێزەیە، کە هەموو گەمە بچووکەکانی خـــوارەوە، بە ڕێککەوتنەکەی سـەرەوە دەبەستێتەوە.

بەڵام پێدەچێت گەمەکارە سیاسییەکانی خـــوارەوە تـاســەر پەیوەست نەبن بە ڕێککەوتنەکە، بە تایبەت لە دانیشتنی ژمـارەی (١٦)ی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٩ی پەیوەست بە گفتوگۆی پرۆژەیاسای زانکۆ تایبەتییەکانی هەرێم، زۆرینەی یەکێتییەکان بەپێچەوانەی زۆرینەی پارتییەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەنگیان بۆ هێشتنەوەی پرۆژەکە دا بۆ داهاتوو.

گـۆران ئـازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی ڕایگەیاند: «ئاساییە ئەگەر لەگەڵ ئەندامانی تری لیستەکان بەدەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە، لەو خاڵەدا یەکبگرینەوە لەپێناو بەرگریی لەحیزب، مافی میللەت پێشێل نەکەین، یان شتی بچووک بەدەستنەهێنین بۆئەوەی شتی گشتیی لەدەست بدەین».

ئەو پەرلەمانتارە ڕەخنە لەو کەسانەش دەگرێت، کە حیزبیبوونی پەرلەمانتار بە «عەیب» دەزانـنو وتی: «لەهەموو دنیادا حیزبەکان دێنە پەرلەمانەوە، بۆیە پرسی بەحیزبیبوونی ئەندامانی پەرلەمان، نە نایاساییەو نە ناشەرعیی».

لەبارەی کاردانەوەی پێچەوانەکەیان بەرامبەر ئەندامانی پارتی، گۆران ئازاد، ئاماژەی بـەوەکـرد؛ ئـەوان دوو حیزبی جیاوازن، لەهەڵبژاردنی ڕابردووی عێراقدا هـەر لایەنەو بۆ بـەرژەوەنـدیی خۆیو دەرچوونی کاندیدی خۆی کاری کردووە، ئەندامانی هەر لایەکیان دەیانەوێت زۆرترین قازانج بۆ قاعیدەو حیزبەکەی خۆی بێت، بۆیە ئەو حاڵەتە لەناو فراکسیۆنەکەیان ئاساییە.

ئەگەرچی ئەو حاڵەتە جێی دڵخۆشیی لایەنی زیانمەندی فراکسیۆنی کوردستانیی نییە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا وەک نیشانەیەکی ئیجابی ئەو فراکسیۆنە تۆمارکرا، بەتایبەتر کـە دەردەکــەوێــت ئەندامانی یەکێتی لـەدەرەوەی مەسەلە سیاسییەکان کەمتر پەیوەست بە ڕەئی حیزبو پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیانن.

### ئاسۆ کەریم: هەڵوێستی ئەندامانی یەکێتی نیگەرانی نەکردین

جەعفەر عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان ئەو دانیشتنەی پەرلەمان بە یەکێک لەو حاڵەتە ئیجابییانە دەخوێنێتەوە، کە پەرلەمان توانیویەتی بە ڕادەیەکی باش تەجاوەزی هەیمەنەی حیزبەکان بکات.

وتیشی: «دەنگی زۆرینەی ئەندامانی یـەکـێـتـیو ژمـــارەیـــەک لـەپـارتـیو ئۆپۆزسیۆنەکان، دەریخست ئەمجۆرە دەنگدانە پێشووەخت لـەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ئامادەکاریی بۆ نـەکـراوە، کۆنترۆڵەکانی دەرەوە کاریاننەکردووەو زۆرینەی پەرلەمانتاران وەکو کەسێکی پیشەیی کاریانکرد».

ســـــەرەڕای ئـــەوەی زۆریـنـــەی پەرلەمانتارانی پارتی لەگەڵ ئەوەبوون لەو دانیشتنەدا گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکرێت، بەڵام چەند ئەندامێکیان دژی ئەوەبوون دیارترینیان: عومەر نورەدینی، سەرۆکی لیژنەی پـەروەردەو خوێندنی باڵا بووە، لەناو یەکێتیش پێچەوانەی زۆرینەیان عەونی بەزاز، لەگەڵ گفتوگۆکردنی بووە، فراکسیۆنی گۆڕانیش هەموویان بە یەکەوە دژی گفتوگۆکردنی بوون.

جەعفەر عەلی، کە ئەندامی لیژنەی پــەروەردەو خوێندنی بـاڵایـە، ئـەوەی خستەڕوو دەنگدانەکەی ئەندامانی گۆڕان بۆ دواخستنی، ڕێککەوتنی پێشووەخت نەبووە، بەڵکو دوایئەوەی پاساوی دواخستنەکەی بۆ ڕوونکردبوونەوەو هەموویان پێیانباشبووە بۆ کاتێکی تر دوابخرێت.

ئەگەرچی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژە بـەوەدەکـەن؛ ئەو حاڵەتە نەبووەتە کێشە لەنێوانیان، بەڵام زانیارییە بەدەستهاتووەکان نیگەرانیی هـەردوولا بەرامبەر یەکتر دەسەلمێنن، بەتایبەت ئەندامانی پارتی گلەیی ئەوەیان کردووە، پەرلەمانتارانی یەکێتی پەیوەست نابن بە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیانو لەبەرامبەریشدا یەکێتییەکان سکاڵای ئەوەیان کردووە، هاوکێشەکان بەشێوەیەکن ئـەوان بوونە پاشکۆی ڕەئی ئەندامانی بەرامبەریان لەدەنگدان بۆ پرۆژەیاساکان.

ئاسۆ کەریم، وتەبێژو ئەندامی پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی وت: «یەک فراکسیۆنو یەک بەرنامەمان هەیە، بـەڵام (٥٩) ئەندامینو بەسەر دوو حیزبی هاوپەیماندا دابەشبووین، مەرج نییە هەموومان کتومت وەک یەک بیربکەینەوە».

ئــەو ئـەنـدامـەی پـارتـی، وتیشی: «هەڵوێستی ئەندامانی یەکێتی نیگەرانی نەکردووین، چونکە یەکەم کەس پێشنیازی دواکەوتنی پرۆژەیاساکەی کرد کادیرێکی پێشکەوتووی پارتیو سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیدار بـوو بـەو باسە، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو پاساوانەی وەزیری پەیوەندیدار ئاماژەی پێکرد».

لەبارەی ئەو ئاماژانەی پەیوەستبوونی ئەوان بە بڕیارەکانی حیزبەوە گرێدەدات، ئاسۆ کەریم، پێچەوانەکەی دەبینێتو دەڵێت: «تـەواوی فراکسیۆنەکان لەپێناو بـەرژەوەنـدیـی خـەڵـک کـاردەکـەنو فراکسیۆنێک نییە بڵێت؛ دژی بەرژەوەندیی خەڵکم، نابێت کەسیش ئەو مافە بەخۆی بدات بەو شێوەیە قسە لەسەر لایەنێکی تر بکات، ئەو دەنگانەی لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە هەبوو، بۆچوونی فراکسیۆنی ئێمە بوو».

## حکومەت کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چارەسەر ناکات

# «کۆبوونەوەی د.بەرهەم لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بێئەنجام بوو»

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە



کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

هەرچەندە پێشبینیی چارەسەرکردنی کێشەی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری سلێمانی دەکرا لەو کۆبوونەوەیەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتو چەند وەزیرێک کۆتایی هەفتەی ڕابردوو کردیان، بەڵام کێشەکان تێیدا بە چارەسەرنەکراویی مانەوە.

هەفتەی ڕابـردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی چەند وەزیـرو ڕاوێژکارێکی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنو سەرۆکی لیستەکانو چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبووەوە، بە مەبەستی قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو دیاریکردنی یاسایەکو چارەسەری ئەو کێشەیەی نێوان ئەنجومەنو پارێزگاری نوێ، کە زیاتر لە (٨) مانگی خایاندووە.

لە کۆبوونەوەکەدا باسی درێژەکێشانی کێشەکانی ئەنجومەنو پارێزگار کرا، بەڵام نەگەیشتنە چارەسەرو داوای ئەنجومەنی پارێزگا جێبەجێ نەکرا، کە کارکردنە بە یاسای (٧١)ی بریمەر، یان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان، بەو پاساوەی دەبێت لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆیە جەخت لەوە کرایەوە کە تا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ کار بە یاسای (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩) بکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە لە هیچ پارێزگایەکدا کار بەو یاسایە ناکرێت.

لەوبارەیەوە، کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کە یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەنجومەنی پارێزگاکان، یان بە یاسای (٧١)ی بریمەر، یان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پەسەندکراوی پەرلەمانی کوردستان، کە سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردووە، کار بکەن، «هەرچەندە سەرۆکی حکومەت پشتگیریی کردین، بەڵام ڕایانگەیاند کە ئەوە بە پەلە ناکرێتو باشترین چارەسەر بۆ ئەو گرفتە هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنەکانە».

ئەوەشی خستە ڕوو؛ کە سەرۆکی حکومەت بە ئامادەبوونی (١٣) ئەندامی ئەنجومەنو (٢) وەزیرو چەند ڕاوێژکارێکی دووپاتی کردەوە، کە ساڵی داهاتوو مانگی (٣ بۆ ٤)، یان ئەگەر زۆربخایەنێت ناگاتە مانگی (٦) هەڵبژاردنەکە ئەنجامدەدرێت «ئەوەش شتێکی باش بوو، چونکە دوای هەڵبژاردن ئەو قەیرانەی هەیە، دەڕەوێتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە لەدەست حکومەتدایە، نەک ئێمە».

کێشەی ئەنجومەنو پارێزگاری نوێی سلێمانی دوای ئەوە هات، کە پارێزگاری پێشتر دەستی لەکار کێشایەوەو سەرۆکی حکومەت بەبێ هەڵبژاردن لەناو ئەنجومەنی پارێزگادا پارێزگارێکی نوێی بۆ سلێمانی دانــاو لــەو کـاتــەوە پەیوەندیی نێوان ئەنجومەنو پارێزگاری نوێ پچڕا، بەو هۆیەی «بەپێی یاسا دانەنراوە».

لەو ڕووەشـەوە، کاوە عەبدوڵڵا، وتی: «سەرۆکی حکومەت پێیوایە؛ لە هەرێم بە یاسای ساڵی (١٩٦٩) کار دەکرێت، بەڵام بە ڕای ئێمە بە پێچەوانەوەیە، چونکە لە کەرکوکیش وایەو کار بە یاسای بریمەر دەکرێت، خێرە لە هەموو عێراق کار بەو یاسایە دەکرێت، سلێمانی نەبێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئێمە بۆ لامەرکەزیی دەڕوانین، بەڵام دەسەڵات بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی مەرکەزی»، باسی لەوەشکرد؛ دوای ئـەوەی پەیوەندییان پێوەکردووە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتوویەتی: «شەرمە کورد بەو یاسایە کار بکات».

لەلایەکی دیـکـەوە، ئـەنـوەر فـەرەج، سەرۆکی لیستی کۆمەڵ لە ئەنجومەنی پـارێـزگـای سلێمانی، کـە ئـامـادەی کۆبوونەوەکە بـووە، ئەوە دەخاتە ڕوو؛ کە کۆبوونەوەکە ئەنجامی باشی نەبووە بەوپێیەی حکومەت چارەسەری بنەڕەتی پێ نەبووە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئومێدمان هەبوو ئەو بانگهێشتکردنە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بێت، کە هەیە، بەڵام کەچووینە ئەوێ هەستمان نەکرد بە چارەسەرێکی بنەڕەتییەوە هاتبنو بیانەوێت کێشەکە چارەسەر بکەن».

ئەو ڕەخنەی لەوە گرت لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستانەوە سەرپەرشتی بکرێت «ئەوەش واتە نەکردن، چونکە تائێستا کۆمسیۆنەکە وجـودی نییەو لە لایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر نەدراوەو نازانرێت کەی هەڵدەبژێردرێت».

لــەبــارەی کێشەکەی ئەنجومەنو پارێزگاریشەوە، وتی: «ئــەوەی لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە باسکرا، ڕەوینەوەی کێشەکە بــوو، بــەڵام چــارەســەریــان بەدەستەوە نەبوو بۆ ئەو مەبەستەو تەنیا ڕایگەیاند لەلایەن پارێزگارەوە ڕاوێژمان پێبکرێت، ئەوەش چارەسەر نییە، چونکە یاسا هەیەو دەبێت ئەو کێشانە لەو ڕێیەوە چارەسەر بێت، بۆیە ئـەوەی بیستمان چارەسەرێکی دڵخۆشکەرانە نەبوو، وە ئەو کۆبوونەوەیەش بەرهەمێکی جەزری نەبوو بۆ چارەسەری ئەو گرفتەی کە هەیە».

## د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی:

# گۆڕان لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا ڕۆڵی ئیجابیی هەیە


د.فوئاد مەعسوم

سازدانی: ڕۆژنامە

**د.فوئاد مەعسوم، تازە پۆستی سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەران وەرگرتووە، پێیوایە کە خولی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جیاواز لەخولی پێشوو زیندوویەتی زۆری پێوە دیار دەبێتو تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکان ئاسان نابێت.**
**د.فوئاد مەعسوم سەبارەت بە بۆچوونی لیستی هاوپەیمانیی لەمەڕ پێکهێنانی کابینەکەی مالیکی دەڵێت: «ئەگەرێکی زۆر لاوازە ببینە ئۆپۆزسیۆنو بەشداردەبین لە حکومەت».**

**ڕۆژنامە: پێکهاتەی سیاسیی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق، گۆڕاوە، ئێوە لەوڕووەوە چ خوێندنەوەیەکتان هەیە؟**
* هەستدەکەمو واپێشبینی دەکەم کە خولی ئەمجارەیان چالاک بێتو کێشەی زۆری تێبکەوێتو بڕیارو پرۆژەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی نەڕۆنو گفتوگۆی زۆریان تێبکەوێت. بەکورتی، پەرلەمانێکی حەیەوی دەبێت.
**ڕۆژنامە: پێگەی کوردو ئەو تەحەدییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لەناو پەرلەمان، چۆن لێکدەدەنەوە؟**
* پێگەی کورد دیارە کە لەئێستاوە ڕۆڵی کاریگەری هەیەو دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕۆڵەی، یەکەم: بە بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، دووەم: بەرگریکردنیش لە مافەکانی هەموو خەڵکی عێراق، سێیەم: دەبێت پەرلەمانتارانی کورد لاچەپ نەوەستن بەرامبەر ئەوکێشانەی ڕووبەڕووی هەموو ناچەکانی عێراق دەبنەوە، بۆئەوەی لای لایەنەکانی تر واهەست نەکرێت کە کورد گرنگی نادات بە ناوچەکانی تری عێراق.
**ڕۆژنامە: لەم سەرەتایەی کارکردنتاندا، هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانتارانو فراکسیۆنەکوردییەکان چۆن دەبینن؟**
* لەگەڵ ئەوەی هەندێک بۆچوونی سیاسیی جیاوازمان هەیە، بەڵام قەناعەتم وایە کە لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان، هەموومان هەڵوێستمان وەک یەکە.
**ڕۆژنامە: فراکسیۆنی گۆڕان، لەم سەرەتایەوە جۆرێک لە مرونەتی سیاسیی نواندووە لە بەغدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیئتیلافە کوردستانییەکانو مەسەلە نەتەوەییەکاندا، ئێوە چۆن ئەو هەڵوێستە لێکدەدەنەوە؟**
* هەڵوێستەکەی گۆڕان بە ئیجابیی دەبینم، بۆیە دەڵێم لەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی کوردستانو خەڵکی کوردستانو کەسایەتیی کوردستانەوە هەیە، باوەڕناکەم کە هیچ ناکۆکییەک بکەوێتە نێوانمان.
**ڕۆژنامە: پێتانوایە، فراکسیۆنی گۆڕان لە بەرگریکردن لە مافەنەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ڕۆڵی ئیجابیی هەیە؟**
* بێگومان، ڕۆڵی ئیجابیی هەیە.
**ڕۆژنامە: دواپێشهاتی تازە لە بارەی پێکهێنانی حکومەتەوە، چییە؟**
* سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەت، تا ئێستا یەک کۆبوونەوە لەنێوان ئیئتیلافی کوردستانییو هاوپەیمانیی نیشتمانیی کراوەو لەناوەڕاستی ئەم هەفتەیەوە کۆبوونەوەی زیاتر ئەنجامدەدرێتو کۆبوونەوەی لایەنەکانی دیکەش چڕدەبێتەوە.
**ڕۆژنامە: ئەجێندای (ئیئتیلافی کوردستانیی) بۆ بەشداربوونو وەرگرتنی پۆست لە حکومەتی تازەدا، چییە؟**
* دیارە کە پێویستە وەزارەتێکی سیادیمان هەبێت کە بەدوری نازانمو پێویستە ئەو وەزارەتە سیادییەش، وەزارەتی دەرەوە بێتو دوای ئەوە بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ هاوپەیمانیی نیشتمانیی دەیکەین، دەبێت ئیستیحقاقی خۆمان هەبێت.
**ڕۆژنامە: بۆچی داوای وەزارەتی دەرەوە دەکەن، لەکاتێکدا پێشتر بەپێی ڕێککەوتنو ڕازیبوونی هەر پێنج حیزبەکەی ناو ئیئتیلافەکەو سەرۆکی هەرێمیش، ڕاگەیەنرابوو کە ئیئتیلافەکە، ئەمجارە وەزارەتی دەرەوە وەرناگرێتو ئەو پۆستە زۆر لەقازانجی کورد نییە؟**
* تا ئێستا، ناتوانم بڵێم، بەتەواوەتی گەیشتووینەتە بڕیاری کۆتایی لەوبارەیەوە، ئێمە باس لەوە دەکەین، وەزارەتی دەرەوە، یان نەوت، یەکێکیانمان قبووڵە.
**ڕۆژنامە: وەک پێشتر بڵاوکراوەتەوە، دابەشکرنی پۆستە سەروەریی‌و وەزارییەکان لەسەر بنەمای خاڵ دەبن، ئایا هیچ ئالیەتێکی تر هەیە جگە لە مەسەلەی خاڵ بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان بەسەر فراکسیۆنەکاندا؟**
* سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەت، هەر لەسەربنەمای خاڵو کورسی پەرلەمانی دەبێتو لە گفتوگۆکانی داهاتوودا دەگەینە ئەنجام.
**ڕۆژنامە: جگە لە مەسەلەی خاڵ، پێتانوایە کە لایەنی پێکهێنەری حکومەت، مەسەلەی ئیستیحقاقی نەتەوەییش بۆ کوردو پێدانی پۆست لەو ڕووەوە حساب بۆ بکات؟**
* هەست دەکەین کە حسابی بۆ دەکات، چونکە بەڕاستی کوتلەی کوردستانیی ڕۆڵێکی بەرزی نواند لەم دواییەدا، بەتایبەت کە ئێمە هەرێمێکی گەورەمان هەیەو حسابی بۆدەکرێتو جگە لەوەی کە لەڕووی مێژووییەوە، باس لەوەدەکرێت کە کورد نەتەوەی دووەمەو دیارە ئیستیحقاقی نەتەوەیمان، ڕەنگە لەڕووی نەوعییەتی وەزارەتەکانەوە بۆمان حساب بکرێتو لەڕووی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیشەوە، چەند وەزارەتێکمان بەردەکەوێت.
**ڕۆژنامە: پێتانوایە، چەند وەزارەتتان بەردەکەوێت؟**
* ئێمە داوامان کردووە کە لەخولی پێشوو کەمتر نەبێتو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆگفتوگۆکانو لایەنەکانی دیکەی بەرامبەر.
**ڕۆژنامە: بەڵام ئەگەر دابەشکارییەکە لەسەر بنەمای خاڵ بێت، خاڵەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیی، (١٥)ی ڕۆیشتووەو کەمتر لە پێنج خاڵی ماوە، کە ئەوپەڕی دەتوانێت پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران وەربگرێت؟**
* نەخێر، ئێمە داوامان کردووە کە مەسەلەی پۆستە سەروەرییەکانی سەرۆکایەتیی کۆمارو سەرۆکایەتیی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی وەزیران، لە دەرەوەی خاڵ بن.
**ڕۆژنامە: پێتانوایە، لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانییو عێراقییە، بەوە ڕازیبن؟**
* بەڵێ، ڕازییینو ئەوجارە کە لەگەڵیان دانیشتین، تێگەیشتنیان بۆ ئەو مەسەلەیە هەبوو.
**ڕۆژنامە: ئایا مالیکی دەتوانێت لەکاتی دیاریکراودا، حکومەت پێکبهێنێت؟**
* پێشبینی دەکەین کە لەکاتی یاسایی خۆیدا، واتە لە (٣٠)ڕۆژەکەدا بتوانێت کابینەکەی پێکبهێنێت.
**ڕۆژنامە: پێتوایە، مالیکی (٥٠+١)ی کابینەی وەزارەتەکەی دەباتە پەرلەمان، یان هەموو وەزیرەکانی وەک (پاکیجێک) دەهێنێت؟**
* ئەوجا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکانی مالیکی لەگەڵ لایەنەکانی ترو لیستەکەی خۆشی، من وادەزانم کە حکومەتەکەی پێکدەهێنێت، نەک بە (٥٠+١)ی وەزیرەکانی، چونکە ئەوە دەبێت بە حکومەتێکی لاواز کە پێکهاتەیەک بچێتە دەرەوەو دوایی گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت، ڕەنگە ئەوە حکومەتەکە لاواز پیشانبدات، بۆیە وەکو بزانم، مالیکی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت لەوماوەیەدا بەتەواوەتی حکومەتەکەی پێکبهێنێت؟
**ڕۆژنامە: چاوەڕوان دەکرێت کە مالیکی خۆی بەلایەوە مەبەست بێت، چەند گرووپێکی بچووکی ناو لیستە گەورەکان بەشداریی پێنەکات بۆ جوانکردنی ڕووخساری کابینەکەی، بۆئەوەی وای نیشانبدات کە حکومەتەکەی بەرهەڵستکاری هەیە؟**
* ئێستا ئاستەنگێک هاتووەتە پێش، ئەوەش مەسەلەی ئەنجومەنی نیشتمانییە بۆ سیاسەتەباڵا ستراتیژییەکان، کە ئەوە هەندێک کێشەی لەسەر هەیە، چونکە بەوشێوەیەی کە عێراقییە داوای دەکات، زەحمەتە بۆی بچێتە سەر، ڕەنگە ئەوە ببێتە هۆی ئاستەنگو دواکەوتنی ڕاگەیاندنی حکومەت.
**ڕۆژنامە: ئەگەر هەیە لایەنی کوردی لەئەنجامی بوونی هەر سیناریۆیەکدا، نەچێتە ناو کابینەکەی مالیکییەوە؟**
* ئیئتیلافی کوردستانیی، نەخێر، دەچێتە ناوحکومەتەوە.
**ڕۆژنامە: لەئەگەری بوونی هەرسیناریۆیەکو پێنەدانی وەزارەتیش بەخواستی خۆتان، هەر بەشداریی حکومەت دەکەن؟**
* ئەوە ئەگەرێکی زۆر لاوازە کە نەگەینە یەک، چونکە وەک هەستی پێدەکەین، لە تەرازوودا لایەنی کوردستانیی سەنگەکەی قورسە.
**ڕۆژنامە: جێگەکەی پەرلەمانتاری کۆچکردوو سامی شۆڕش، بە کێ پڕکراوەتەوە؟**
* ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمسیۆن کە تائێستا گوێمان لە بۆچوونی ئەوان نەبووە کە ئایا هەر لە پارێزگای هەولێر کەسێکی دیکە دەچێتە شوێنی، یان بەشێوەیەکی تر، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کە بڕیاری لەسەربدات.
**ڕۆژنامە: پێشبینیو بۆچوونی شەخسیت چۆنە، دەدرێتەوە بە پارتی، یان بەپێی یاساکە بۆ سەعدی پیرەی کاندیدی یەکێتی دەبێت لە یەکێتی؟**
* من بێلایەنم لەم مەسەلەیەداو ڕای لەسەر نادەم.
**ڕۆژنامە: سەبارەت بە بەشداریکردنی گۆڕان لەحکومەتی بەغدا، وابڵاوکرایەوە کە بەڕێز بارزانی، ڕازیی نییە وەزارەت بدرێتە گۆڕان، ئەم مەسەلەیە چۆن لەوکۆبوونەوەیەدا باسکراوە؟**
* بەوشێوەیە نەوتراوە، ئەو ڕەئی وابوو کە ئێمە بەباشی دەزانین، بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە، گۆڕان بەشداربێت لە گفتوگۆکان لەگەڵ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو بەشداریشی هەبێت لەحکومەت، ئێستا بۆنموونە، ئەوێ ڕۆژێ باسی لیژنەکانی پەرلەمانو دابەشکردنی بەسەر فراکسیۆنەکان کراو لیژنەیەکیش دانرا بۆ گۆڕان، کەسمان ناڕازیی نەبووین، قسەکەی جەنابی کاک مەسعودیش بەوشێوەیە بوو، ئینجا هەیە لێکیدەداتەوە کە ئەگەر وانەبوو، دیارە وادەبێت! نا ئەو وای نەوت، وتی؛ حەزدەکەین کە پێکەوە بینو لەگەڵ ئێمەبن، ئەو کات بەشیشی دەبێت کە لەسەری ڕێکدەکەوین، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبووە کە وەزارەت نەدرێت بە گۆڕان، بەڵکو بەپێی ئیستیحقاقی خۆی، مافی هەیە وەزارەت وەربگرێتو گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی هاوپەیمانیی نیشتمانیی بکات کە بەرپرسە لە پێکهێنانی حکومەت، بۆیە وەکو ئیئتیلافەکە، پەیوەندیی بەئێمەوە نابێتو مافی خۆیەتی، بەڵام زەرورییەتی نەتەوەیی ئەوە دەخوازێت کە پێکەوە بینو سەرکەوتنمان لەڕێگەی یەکبوونەوەیەو پارچەپارچەبوونمان لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نییە.

> گۆڕان مافی خۆیەتی، وەزارەت وەربگرێت

> سێ پۆستە سەروەرییەکە، لە دەرەوەی دابەشکردنی خاڵ حساب دەکرێن



---

## مستەفا ساڵح کەریم: ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی لێدوانەکەی ئەنوەر حسێن

# «ئەوانەی لە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بوون، حەق وایە خۆیان نەپاڵێونەوەو هەڵپەی پۆستیان نەبێت»

لە ژمارە (٦١٠)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەدا)دا کە لە ٢٠١٠/١٠/٣٠ دەرچووە، لێدوانێکی (ئەنوەر حسێن) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ناڕاستییەک سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕابگەیەنم.
ئەنوەر حسێن، دەڵێت: «نەقیبو جێگر ناتوانن خۆیان هەڵبژێرنەوە»، ئەم قسەیە زۆر نامەسئوولانەیە یان بێئاگایی خاوەنەکەی دەردەخات لە یاسای سەندیکا، یان مەبەستێکی تری لەدوایە، چونکە لە یاسادا بۆ نەقیب دەستنیشان کراوە کە لە دووجار زیاتر بۆی نییە خۆی بپاڵێوێت، «بەڵام بۆ جێگری نەقیب هیچ کۆسپێک نییە، بەتایبەتیش جێگری نەقیب کۆنگرە بەجیا هەڵینابژێرێ، بەڵکو ئەندامانی ئەنجومەنی هەڵبژێراو ئەوان پۆستەکان دابەش دەکەن».
* من کە ئەو هەڵەیەی ئەندامەکەی ئەنجومەن ڕاست دەکەمەوە بۆ ئەوەم نییە بڵێم: حەقی خۆمەو خۆم دەپاڵێومەوە، نەخێر، من پێشەکیش وتوومەو ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، لە کۆنگرەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسان کە لە سلێمانی گیرا، بە هەڵبژاردنو بە لیستی کراوە دەرچوومو بوومە جێگری نەقیب هەر بەو شەرعییەتەشەوە، وەک نوێنەری ڕێکخراوەکەی سلێمانی، بووم بە جێگری نەقیب لە سەندیکا لە یەکەم خولی یەکگرتنەوەماندا.
* لە خولی دووەمدا داوای لێبووردنم کرد، بەڵام سووربوونی برادەرانو ڕوولێنانیان وایکرد خواستەکەیان بێنمە دیو ئەو خولەش پۆستەکە وەربگرمەوە، ئێستاش بۆ زانیاریی ئەندامەکەی ئەنجومەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانو ئەو لایەنە سیاسییەش کە من نوێنەری بووم، هەمان خواستیان هەیە کە خۆم بپاڵێومەوە، بەڵام من بڕیاری خۆم داوە لە دووخول زیاتر نامەوێ بەردەوام بم.
بەڕای من هەموو ئەوانەی کە لەدوو خولی ئەنجومەنی سەندیکادا بوون، حەق وایە ئەوانیش خۆیان نەپاڵێونەوەو هەڵپەی پۆستیان نەبێ، با جێگا چۆڵ بکرێ بۆ دەستەیەکی تر کە بتوانن ئەوانیش خشتی تر بخەنە سەر تەلاری سەندیکا.
*بەکورتی: بەندە بۆم هەیە خۆم بپاڵێومو یاساش ئەو مافەی داومەتێو هەمان گوڕو توانا‌شم ماوە کە لەم حەوت ساڵەدا خستوومەتە گەڕ بۆ خزمەتی سەندیکاو بە نیسبەت ئەو لایەنە سیاسییەشەوە کە منی دەستنیشان کردبوو بۆ جێگری نەقیب، تا ئێستا ڕای پێچەوانەی نەبووە، بەڵام من بەویستو ئیرادەی خۆم بڕیارم داوە کە خۆم نەپاڵێومو ڕەواش نییە خەڵک نانو پیازی پێوە بخۆن لەگەڵ سوپاسێکی زۆرم بۆ هەموو ئەو دۆستو برادەرانەی پێیان خۆش بوو بەردەوام بمو بۆ ئەو لایەنە سیاسییەش کە پشتیوانی لێ کردووم.

**مستەفا ساڵح کەریم**
**جێگری نەقیب**

(٢١١)ملیار دینار لە بودجەی پترۆدۆلاری کەرکوک، خەرج نەکراوە 8

# یەکگرتووی ئیسلامیش، داوای (٢)ملیار قەرەبوو لە ڕۆژنامەیەک دەکات

## سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکا:

## ئەو داوایە هەمان ئەو مۆدێلەیە کە پارتی لەسەر چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیکە تۆماری کردوون

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی (٢)ملیار دیناری لەسەر هەفتەنامەیەک لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە، نارەزایی لێدەکەوێتەوەو بە لاساییکردنەوەی پارتی دەزانرێت‌و وتەبێژی یەکگرتووش دەڵێت: «ئەو داوایە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە مەعنەوییانەیە کە بەرامبەر «تۆمەتی هەڵبەستراو» کە مەبەستی سیاسیی لەپشتەوە بووە».

داوا یاساییەکەی ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی «لەڕێگەی پارێزەرەکەیەوە» بەرامبەر هەفتەنامەی (باس)، لەسەر هەواڵێکە کە لە ژمارە (٢٠)ی رۆژی (٢٠١٠/١١/٢٣)ی هەفتەنامەکەدا بڵاوکراوەتەوەو تیادا هەفتەنامەکە، نامەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە گوایە «سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین، ئاراستەی ئوسامە تکریتی ئەمینداری گشتیی حیزبی ئیسلامیی عێراقی کردووە»و یەکگرتوو لەسەر بنەمای یاسای سزادانی عێراقی، داوای (٢)ملیار دینار وەک قەرەبوو لە هەفتەنامەی(باس) دەکات، کە هەفتەنامەیەکە لەهەولێر دەردەچێت.

ئەو داوایە، دوای ئەو زنجیرە داوایەیە کە سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، لەسەر چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێک بە یاسای سزادانی عێراقی تۆماریکردن‌و داوای قەرەبووی خەیاڵیی دەکات.

ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، لەوبارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو داوایانە نایاسایی نین، بەڵام داواکردنی ئەو بڕەپارانە، خەیاڵین»، داواکەی یەکگرتووش بە هەمان ئەو مۆدێلە دەزانێت کە پارتی لەسەر چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیکە تۆماریکردن، وتیشی: «بەبڕوای ئێمە، داوای یاسایی شتێکی ئاساییە، بەڵام بڕی پارەکە دەبێت دادگا لەلایەن کەسی پسپۆڕەوە بیخەملێنێت، ئەم داوایەش بۆ یەکگرتوو لەو شوێنەدا خراپە کە خۆیان زۆرجار کێشەیان بۆ دروستبووە، یان باوەڕیان بەوە نەبووە، بەڵام ئێستا خۆیان ئەو ڕێگەیە دووبارە دەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکاو پەرلەمانتاریان هەیە کە دەنگیان بە یاسای ڕۆژنامەگەریی داوە».

داواکردن بە یاسای سزادانی عێراقی دژی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، خەریکە دەبێتە مۆدێل‌و ئەوەش لەکاتێکدایە کە لەساڵی(٢٠٠٧)دا یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەریی لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراو سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر کردووە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەندیکا، بەپێویستی دەزانێت کە هەر داوایەک لەسەر ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تۆمار دەکرێت، بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی بێت‌و پێشیوایە کە ئەو جۆرەداوایە بۆ قەرەبووکردنەوەی خەیاڵیی، مەبەستی فشار دروستکردن‌و ترساندنی لایەنی بەرامبەرەو دەڵێت: «پێویستە ئەو لایەنانە پەیوەست بن بە یاسای ڕۆژنامەگەرییەوە، چونکە ئەویش ئەگەر سەلمێنرا، ئەوا سزای دارایی تێدایە بۆ ڕۆژنامەو کەناڵەکەش، جگە لەوەش پەنابردن بۆ هەر یاسایەکی تر لە گرنگیی یاسای ڕۆژنامەگەریی کەم دەکاتەوەو بارودۆخی ڕۆژنامەگەریی دەخاتە ژێر پرسیارەوە».

لەلایەکی دیکەوە، ڕەحمان غەریب، ڕێکخەری سەنتەری میترۆ، نیگەرانیی سەنتەرەکەیانی ڕاگەیاندو وتی: «نیگەرانیی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر ئەم جۆرە سکاڵایانە، پەنابردن بۆ یاسا مافی هەموو کەس‌و لایەنێکە لە بەرامبەر تاوانەکانی بڵاوکردنەوەدا، بەڵام داوادەکەین لەبری پەنابردن بۆ یاسای سزادانی عێراقی، پەنا ببرێت بۆ یاسای کاری ڕۆژنامەنوسیی».

ڕێکخەری سەنتەری میترۆ، ئاماژەی بەوەشدا کە ڕەفتارو دنیابینیی ئۆپۆزسیۆن، دەبێت لەگەڵ دەسەڵات جیاواز بێت بۆ مەسەلەکان، بەڵام لە مەسەلەی تەشهیردا بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن کە یەکگرتووی ئیسلامییە، لاسایی حیزبی دەسەڵات دەکاتەوە لە تۆمارکردنی داوای یاسایی، وتیشی: «پێمانباشە، ئەگەر لاسایی حیزبی دەسەڵات دەکەنەوە، لاسایی شتە باشەکانیان بکەنەوە، نەک لە شتە خراپەکاندا، چونکە ئەو ڕەخنانەی لەو ڕووەوە ڕووبەڕووی دەسەڵات بوونەوە، ڕووبەڕووی ئەمانیش دەبنەوە».

بەڵام د. سەلاحەدین بابەکر، وتەبێژی یەکگرتووی ئیسلامیی، بڕوای وایە، ئەو بەڵگەنامەیەی بڵاوکراوەتەوە «هەڵبەستراوو دوور لە ڕاستییەو بووەتە هۆی ناوزڕاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی».

ئەو، باس لەوە دەکات کە قەرەبووەکەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرامبەرەکەیان کۆمپانیایەو ئەگەر ڕێکخراوێکی مەدەنیی بوایە، ڕەنگە هەڵوێستەکە جۆرێکی تر بوایەو دەشڵێت: «دەبێت ئەو مافە بدرێت بە ئێمەش کە لەڕێی یاساوە داوای مافی خۆمان بکەین».

لە وەڵامی ئەوەی کە بە پێویست دەزانرێت یەکگرتوو پەنای بۆ یاسای ڕۆژنامەگەریی ببردایە، وتی: «ئەوە ڕاستە، بەڵام ناچمە وردەکاریی داواکەوەو ئەوە لە پسپۆڕی ئەو پارێزەرەیە کە تۆماریکردووە، جگە لەوەش، ئەگەر ئەو لایەنە پێیانوایە، بەڵگەنامەکانیان ڕاستن، چ خەمیانە کە ئێمە چەندمان داواکردووە، هەروەها کاتێک کەسایەتیی مەعنەویی حیزبێک، یا ئەمینداری گشتیی، ناوبانگی دەزڕێنرێت، بە شتێک کە ئێمە دەزانین هەڵبەستراوەو مەبەستی سیاسیی لە پشتە، دەبێت ڕۆشنبیرانیش لەوە تێبگەن کە بوونی ئێمە لە ئۆپۆزسیۆن، دەبێت خاڵی ئیجابی بێت کە بەرگریی لە خۆمان بکەین».

وتەبێژی یەکگرتوو، ئەوەش ڕەتدەکاتەوە کە لاسایی هیچ کەس‌و لایەنێک بکەنەوەو پێیوایە، ستایلی خۆیان هەیە لە حیزبایەتی‌و ئۆپۆزسیۆنبوون‌و «ئەوەش بە ڕێگەیەکی ئاسایی دەزانین کە بەرگریی لە کەسایەتیی مەعنەویی خۆمان‌و ناوبانگی حیزب‌و سەرکردەکانمان بکەین، دەبێت ئەو پرسیارانە بکەین کە بۆچی ئێمە دەکەوینە بەر ئەو هێرشە لەو بەڵگەنامە ناڕاستانەدا».

# هەڵبژاردن بۆ کۆنگرەی کارمەندانی تەندروستیی دەستپێدەکات

## (٢٠) هەزار کارمەندی تەندروستی لە سێ پارێزگاکەی هەرێم‌و کەرکوک (٢٠٠) نوێنەر بۆ کۆنگرە دیاریی دەکەن



کارمەندانی تەندروستی لە چاوەڕوانی هەڵبژاردندان بۆ کۆنگرە

فۆتۆ: ئەرشیف

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

بڕیارە ڕۆژی (٢٠)ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی دەستپێبکات‌و نەقیبی سەندیکاکەش ئاماژە بەو ئەرکانە دەکات کە پێویستە لە کۆنگرەدا کاریان بۆ بکرێت.

جەبار محەمەد ڕەحیم، نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: (٢٠)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ کۆنفرانسە ناوچەییەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کارمەندانی تەندروستیی بۆ کۆنگرەی سەندیکا دەستپێدەکات‌و لە ئێستادا ئەوەی کە پێویستە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، ئامادەکراوە.

سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی لە ساڵی (٢٠٠٠) یەکەم کۆنگرەی خۆی سازکردو دەستەی بەڕێوەبەرانی سەندیکاکەی دیاریکرد. بە پێی ڕێنماییەکانی ئەو کۆنگرەیەش دەبوو لە ساڵی (٢٠٠٤)دا کۆنگرەی دووەم ئەنجامبدرێت، بەڵام نەکراو لەدوای ئەوە، ئەو سەندیکایە دوو کۆنفرانسی گشتیی‌و پلینیۆمێکیان بەست کە تێیدا متمانە درایەوە بەو دەستەیە تا کاتێک کە هەردوو سەندیکاکەی هەولێرو سلێمانی یەکدەگرنەوە. لە ئێستاشدا یەک سەندیکای یەکگرتووی کارمەندانی تەندروستیی لە هەرێمدا هەیە.

لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم‌و کەرکوک، زیاتر لە (٢٠)هەزار کارمەندی تەندروستیی هەیە، بەو پێیەش کە بۆ هەر (١٠٠) کارمەندێکی تەندروستیی بڕیارە نوێنەرێک بنێردرێتە کۆنگرە. لە سلێمانی (٨٥) ئەندام‌و هەولێر (٦٥)ئەندام‌و کەرکوک (٢٠) ئەندام‌و دهۆک (٣٠) ئەندامی کۆنگرە بەشداریی دەکەن.

لە ڕابردوودا باس لەو کەموکورتییانە دەکرا کە لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی دەکرا، بە شێوەیەک کە دەوترا ئەو سەندیکایە کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کارمەندانی تەندروستیی ناکات. لە وەڵامی ئەوەشدا نەقیبی سەندیکا وتی: «هیچ ڕێکخراوێک لە کەموکورتی بەدەر نییە، بەڵام ئێمە تاکە ڕێکخراو بووین کە مانگرتنمان هێنایە کەلتووری ڕێکخراوە پیشەییەکانەوە. کە دوو جار مانگرتنمان کردووە لەسەر داخوازییەکانی کارمەندانی تەندروستیی، چەندین جار بەیاننامەمان دەرکردووە لەسەر دەسەڵاتی ئیداریی‌و تەداخولاتی ئەملاوئەولاو پێشێلکاریی بەرامبەر بە کارمەندانی تەندروستیی».

سەبارەت بەو ناهەقیانەش کە بەرامبەر کارمەندانی تەندروستیی کراوە، ئەوەی خستەڕوو کە بەحوکمی دەسەڵاتی ئیداریی لە زەمانی حیزبی بەعسەوە، دەسەڵاتێکی ڕەها دراوە بە پزیشکان لە ناوەندی تەندروستیدا، «ئێمە نالێین ئەوان تەجاوزیان کردووەتە سەر مافی ئێمە، بەڵکو بە حوکمی ئەو واقیعەی کە لەناو ناوەندی تەندروستیدا هەبووە، کارمەندی تەندروستیی هەردەم پەراوێزخرابوو، بەڵام لە ئێستادا پێویستە کارمەندان لەسەر ئاستی پلە یەک بێت، ئەگەر مافەکانی وەکو هەموو چین‌و توێژەکانی تر زیاتر مسۆگەر نەکرێت، نابێت کەمتر سەیر بکرێت. هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە، ئەوەیە کە کارمەندانی تەندروستیی ئەرکی (٧٠٪)ی بنکەو نەخۆشخانەکانیان لەسەر شانە».

بەوتەی جەبار محەمەد ڕەحیم، کاردەکەن بۆ ئەوەی کە هاوشان لەگەڵ داکۆکیکردن لە مافەکانی کارمەندانی تەندروستیی، خزمەتکردن بە خەڵکی لە سیستمی تەندروستیی بەرنامەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی هاوڵاتییان، سەرەکیترین کارەکانیان بێت. وتیشی: «دەبێت کارێک بکەین کە کارمەندانی تەندروستیی بە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە پێش ئەوەی کە بڵێت من سەر بە فلان لایەنم، بڵێت من کارمەندی تەندورستیم هەولدەدەم ڕەوشی کارمەند چاک بکەم‌و بیخەمە خزمەتی پرۆسەی خزمەتگوزاریی تەندروستییەوە».

«نوجێفی، توندڕەو نییەو لەگەڵ کورددا کێشەی هەیە»

# شاکر کەتاب، سەرکردەی عێراقییە: کورد، ناتوانێت بە تەنیا سەرۆکایەتیی کۆمار بەڕێوەبەرێت

سازدانی: عەلی ناجی- بەغدا

**شاکر کەتاب، سەرکردەی ئیئتیلافی عێراقییە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بارودۆخێکی گونجاو نییە بۆ سازدانی سەرژمێریی لە ناوچە کێشەلەسەرەکاندا و دەڵێت: «شتێک نییە بەناوی ناوچەجێناکۆکەکانەوە».**
**شاکر کەتاب کە هاوکات راوێژکاری راگەیاندنی عێراقییەشە، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کارنامەی حکومەتی نوێ زۆربەی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارەسەر دەکاتو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە کورد بەتەنیا ناتوانێت ئیدارەی سەرۆکایەتیی کۆمار بکات.**



شاکر کەتاب

**ڕۆژنامە: عێراقییە، بە سەرسەختترین دوژمنی سازدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەقەڵەم دەدرێت، ئێوە ناترسن کە کورد لەبەرامبەر ئەو تێڕوانینەتاندا هەڵوێست لە دژتان وەربگرێت؟**

* ئەگەر کورد هەڵوێستمان بەرامبەر وەربگرێت، دەچینە دانوستاندنەوە لەگەڵیاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو هێورکردنەوەی هەڵوێستەکەیان، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین، لەبارەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانەوە، ئەوەیە کە کەشێکی گونجاو فەراهەم بکرێت بۆ سازدانی، بەڵام تا ئێستا ئەو کەشە نییەو گۆڕانکاریی‌و کۆچپێکردن‌و گواستنەوەی خێزانیش لە ناوچەکێشەلەسەرەکان ڕوویانداوە.

> هیچ کوتلەیەک دۆڕاو نییەو هەموو کوتلەکان بەشدارن لە بردنەوەی ئیدارەکردنی دەوڵەتدا

**ڕۆژنامە: کەواتە عێراقییە چۆن لە ناوچەکێشە لەسەرەکان دەڕوانێت؟**

* شتێک نییە بەناوی ناوچەی کێشەلەسەرەوە، چونکە ئێمە لە یەک دەوڵەتو یەک کۆمەڵگەدا دەژین‌و دەستەواژەی کێشەلەسەر بۆ کێشەی نێوان دوو وڵاتی جیا دەوترێت، بەڵام ئەم ناوچانەی عێراق، جیاوازییان لەسەر هەندێک باری سیاسیی هەیە کە پێویستە بەشێوەیەکی یەکجاریی کۆتایی پێبهێنرێت، ئەویش کاتێک کە فەزلی بەرژەوەندیی نیشتمانیی بدرێت بەسەر بەرژەوەندیی حیزبیدا.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، تێبینیی لەسەر هەندێک لە ئەندامەکانتان هەیە کە سەر بە ناوچە کێشەلەسەرەکانن، هەست بەوە دەکرێت؟**

* تێبینیی نییەو کاری هاوبەش پێکەوە کۆی کردووینەتەوەو کێشەش لە نێوان ئیئتیلافە کوردییەکەو عێراقییەدا نییە

**ڕۆژنامە: ئێوە لەسەر دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری عێراق، هەڵوێستتان هەیە، بەڵام لە بۆردومانکردنی سنوورەکانی ئێراندا، هیچتان نەدەوت، بۆچی؟**

* ئێمە بۆردومانکردنی باکووری عێراقیش لەلایەن ئێرانەوە ئیدانە دەکەین، وەک چۆن دەستوەردانی ئێران لە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق رەتدەکەینەوە، هەروەها بەهەمانشێوەش بۆ تورکیاو سەرجەم وڵاتان.

**ڕۆژنامە: ئێوە، سەرۆک وەزیرانتان بەمافی خۆتان دەزانی، بەڵام تەنازولتان لێکرد لەبەرامبەر کام گرەنتیدا؟**

* عێراقییە پێویستی بە گرەنتی‌و بەڵێن نییە بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا، چونکە لیستی براوە بووە لە هەڵبژاردنەکانداو مافی شەرعیی خۆشمانە بەشداریی لە حکومەتدا بکەین‌و هەموو ئەو کارانەش کە لە چوارچێوەی حکومەتدا ئەنجامی دەدەین، مومارەسەکردنی مافو ئەرکەکانمانە.

**ڕۆژنامە: بەپێی زانیارییەکانمان، مالیکی رازیی نەبووە لەسەر داوایەکی ئێوەو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، کە ئەگەر لە حکومەتەکەی کشانەوە، ئەو حکومەتە بەهەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت، بەدیلتان بۆ ئەو کارتە چییە؟**

* ئەگەر بەشێکی زۆرو گەورە لە حکومەتی نوێدا، بکشێتەوە، دواجار حکومەت دەبێت بە حکومەتێک کە گۆت دەبێت لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا، ئەمە جگەلەوەی ئەو خاڵە هێشتا جێگەی مشتومڕی نێو کوتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانەو دوابڕیاری لەسەر نەدراوەو ئەوەی لەسەری ڕێککەوتووین، ئەوەیە کە کاری هاوبەش بکەن بۆ ئیدارەدانی دۆسیەو پرسە دەوڵەتی‌و حکومییەکان.

**ڕۆژنامە: ڕێککەوتنی نارەسمیی‌و زارەکیی لە نێوان ئێوەو کوردا هەیە بۆ کشانەوە لە حکومەت، ئەگەر پێویستی کرد؟**

* نەخێر، هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی لەو جۆە نییەو باسی ئەو دۆسییەیەشمان نەکردووە.

**ڕۆژنامە: ئێوە ناترسن کە هەمان ئەزموونی چوار ساڵی رابردووتان لە حکومەتی مالیکدا، دووبارەبێتەوە کە سەرەڕای کشانەوەتان، حکومەتەکەی نەڕووخا؟**

* بارودۆخەکە لە ساتەوەختی ئێستاداو قۆناغە سیاسییەکەش، باشتر لە قۆناغی پێشوو بەڕێوە دەچێت، چونکە بارودۆخی سیاسیی‌و ئەمنیی جیاوازە لەگەڵ پێشووداو هەموو کوتلەیەک ڕۆڵی خۆی دەبینێت بەپێی قەبارەی هەڵبژاردنی خۆی‌و شێوازی دانوستان‌و گفتوگۆی نێوان کوتلەکانیش لە قۆناغی پێشوو باشترە.

**ڕۆژنامە: لە ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتدا، کێ بردییەوەو کێ دۆڕاندی؟**

* هیچ کوتلەیەک دۆڕاو نییەو هەموو کوتلەکان بەشدارن لە بردنەوەی ئیدارەکردنی دەوڵەتدا.

**ڕۆژنامە: ئێوە نەتانتوانی حکومەت پێکبهێنن‌و کوردیش پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرت، ئایا سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ عێراقییە لەو دوو پۆستە باشترە، بۆچی؟**

* پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، لەهەموو پۆستەکان مەترسیدارترو گرنگترە لەڕووی کارکردنەوە، چونکە سیستمی وڵات پەرلەمانییەو هەمولایەک پشت بە یاساو پرۆژەیاساکان‌و بڕیارەکانی دەبەستن، جگە لەوەش ڕۆڵی چاودێریکردن دەبینێتو دەسەڵاتەکەی بچووک نییەو هیچ کوتلەیەکیش ناتوانێت بە تەنیا خۆی بیبات بەڕێوە، هاوپەیمانیی نیشتمانیی ناتوانێت بەتەنیا ئیدارەی حکومەت بکاتو کوردیش بەهەمانشێوە، ناتوانێت بە تەنیا سەرۆکایەتیی کۆمار بەڕێوەبەرێت.

**ڕۆژنامە: ئوسامە نوجێفی کە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە، لەلایەن کوردەوە بە کەسێکی توندڕەو ناسراوەو مەترسیی ئەوە دەکرێت لە گەڵاڵەکردنی یاساکاندا لە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو «توندڕەوییەی» تەوزیف بکات، ئەوە چۆن دەبینن؟**

* ئوسامە نوجێفی، توندڕەو نییە، بەڵکو کێشەو جیاوازی لەگەڵ کورددا هەیە، ئەمەش بە دانوستاندن چارەسەر دەکرێت، بەڵام لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەستەی سەرۆکایەتیی هەیە بۆ سەرۆکایەتیکردنی کارەکانی ئەنجومەن کە لە سەرۆکی ئەنجومەن‌و دوو جێگرەکەی پێکهاتووەو بڕیارەکان لەلایەن پەرلەمانتارەکانەوە دەدرێت.

**ڕۆژنامە: عێراقییە لەپەرلەمان‌و حکومەتدا، چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسییەی ناوچە کێشەلەسەرەکان‌و بودجەی هەرێم‌و بودجەی پێشمەرگەو گرێبەستە نەوتییەکان دەکاتو کام میکانیزم ئەو کێشانە یەکلایی دەکاتەوە؟**

* پشت بە مەبدەئی تەوافوق‌و دەنگدان دەبەستین لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ چارەسەرکرنی ئەو دۆسیە هەڵپەسێردراوانە، جگە لە کارنامەی حکومەت کە سەرۆک وەزیران پێشکەشی دەکات، کە ئێمەو کورد تیایدا ڕۆڵ دەبینین‌و پێویستە ئەو کارنامەیە چارەسەر بۆ سەرجەم ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە دابنێتو دڵنیاین لەوەی کە ئەو کارنامەیە چارەسەری دەکات.

**ڕۆژنامە: چاودێران پێیانوایە کە لە قۆناغی رابردوودا، کورد هەڵەی زۆری کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی نوری مالیکدا، بە تێڕوانینی تۆ، ئەو هەڵانە چی بوون‌و چۆن کورد خۆی لە دووبارەکردنەوەیان لابدات؟**

* پێویستە ئەو پرسیارە ئاراستەی کورد بکرێت، نەک عێراقییەو جگەلەوەش ئەوانەی کە کورد هەیبووە لەگەڵ حکومەتی پێشوودا، هەڵە نەبووە، بەڵکو جیاوازیی‌و کێشە بووە لە تێڕوانینی نێوان هەردوولادا سەبارەت بە پرسی نەوتو پێشمەرگەو کارنامەی حکومەتی نوێش، چارەسەریان دەکات.

**ڕۆژنامە: ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتی ستراتیژیی چۆن دەبێت، هەندێک پێیانوایە، تەنیا دیکۆر دەبێت؟**

* ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، جێبەجێکردن دەبێتو دەسەڵاتەکانیشی مولزەم دەبن‌و دیکۆر نابێت وەک هەندێک ئاماژەی بۆ دەکەن.

> عێراقییە پێویستی بە گرەنتیو بەڵێن نییە بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا، چونکە لیستی براوە بووە لە هەڵبژاردنەکاندا

---

# کورد لە عێراقدا



د. گیان کامیل بەسیر*

ناوە ناوە دیموکراتییەتیش کەڵبەتێژەکانی دەردەخات وەکو گەفوگوڕ، گوایە گۆڕانکارییش هەر لە خواستە سەرەکییەکانی ژیانەو پێویستیی بە پەرەپێدانە، بەڵام چی!؟

ئەمە چ جۆرە گۆڕانکاریی‌و پێشکەوتنێکە کە خەڵکانێک بە ئارەزوو تەماشای خۆیان دەکەن‌و بە هەڕەمەکی بەناو قسان دەکەون!؟

هەروەک راهاتووین، دەبێت هەر سەیری کەناڵە ئاسمانییەکان بکەین‌و بزانین بەرپرسانی سیاسیی چ جۆرە گفتوگۆیەک دەرهەق بەو بارودۆخەی عێراق دەکەن بەگشتی‌و باردۆخی کورد لە عێراقدا بە تایبەتی، بەڵام بەداخەوە، پتر قوڕو زێلاق بۆ ئەو نەتەوە قوڕبەسەرە دەگرنەوە.

وتمان ئەوە بەرنامەی (کورد لە عێراقدا)ی کەناڵی (KNN) هاتە مەیدان‌و کوردەکانی عێراق دەکەونە بەر ڕووناکی‌و هەژماری تایبەتیان بۆ دەکرێت لە چوارچێوەی عێراقداو هەروەها کەسایەتیی بە ئەزموون دێنە ئەم گۆڕەپانەو زانیارییان هەیە لەسەر ئەم نەتەوە ستەمدیدەیەو شێوازەی پێکهاتەیان لە عێراقدا چونکە ئەمە شاراوە نییە کە تەنیا ئەوانەی بیانەوێت خۆیانی لێ بخەڵەتێنن.

لەپێناوی ئەو مەسەلە گرنگانەدا، میوانداریی چەند بەڕێزێک کرابوو، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر هاوپەیمانێتییەکانی سیاسیی کورد لەگەڵ کوتلەکانی عەرەبی سوننەو شیعەوکامیان لەوهاوپەیمانێتییانەدا بە ئەزموونترو نزیکتر بوو بۆ کورد لە ساڵانی پێشوو، هەروەها لەو باسانەدا میوانێکی بەرنامەکە پێداگریی لەسەر ئەوە کرد، کە کورد سوننەیەو پێشکەشکەری بەرنامەکە بەبێدەنگییەکی سەیر، گوێی گرتبوو، هەروەها میوانە بەڕێزەکانی دیکەی ئەو بەرنامەیەش، بەهەمانشێوە.

ئێستا ئەوەی جێگای لێوردبوونەوەیە، ئەوەیە کە ئەو میوانە لە دەروازەی نەزانی، یان لە دەروازەی ئینکاریکردن،ئەم‌هەواڵەی دا!؟، واتا نەخوێندنەوەی ڕێژەی ئەو شیعە کوردانە کە بۆ هەموو کەسێک ئاشکرایە، دانیشتووی کوێی عێراقن‌و دانیشتووی کوێی شارو ناوچەکانی کوردستانی عێراقن‌و هەروەها کوردستانی گەورەش کە ڕۆڵی کارایان هەبووە لە کردە سیاسییەکانی کورد لە عێراقداو دروستکردنی حیزبەکان کە خوێنیان رشتووە لەم پێناوەدا، نازانم ئەم نەخوێندنەوەیە بۆچی‌و بە هەردوو لایەنی میوانە بەڕێزەکان‌و پێشکەشکەری بەرنامەکە دەڵێم، ئەگەر نازانن، ئەوە قوڕمان بەسەرو ئەگەر دەشزانن، ئەوا هەشمان بەسەر!!

*** ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

کورد وەزارەتی دەرەوە وەردەگرێت 10

## جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک:

# بۆ وەرگرتنی پرۆژە، داوای بەرتیل لە چەند بەڵێندەرێک کراوە

سازدانی: شاڵاو محەمەد

**ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاشکرای دەکات کە بەهۆی دیارینەکردنی بودجەی چاودێریکردن لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە دەستیان لە چاودێریکردن کێشاوەتەوەو دەسەڵاتیان بەسەر گۆڕینی بەڕێوەبەری فەرمانگە حکومییەکانیشدا نییە، سەرەڕای بوونی گەندەڵی ئیداریی لەبەشێکی زۆری فەرمانگەکانی کەرکوکدا.**



ڕێبوار تاڵەبانی

**ڕۆژنامە: هۆکاری لاوازیی پارێزگای کەرکوک لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا چییە؟**

* هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو یاسایانەی کە لە وەزارەتەکانی (پلاندانان‌و دارایی) عێراقەوە دەردەچن، کە ڕێنماییەکانی ڕژێمی پێشووی عێراقن کە پێش ساڵی (٢٠٠٣) کاریان پێکراوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئەو سیستمەی ئێستای عێراق پێیدا تێپەڕدەبێت، کە سیستمی فیدڕالییەت‌و لامەرکەزیی پارێزگاکانە، ئەو ڕێنماییانەی هەردوو وەزارەت پێداچوونەوەیان پێدانەکراوەو وەکو خۆیان ماونەتەوە. ئەو ڕێنماییانەش، حیزبی بەعس لە پارێزگاکە پرۆژەیەک، یان دوو پرۆژەی پێ ئەنجام داوە لەماوەی یەک ساڵدا، بەڵام ئێستا پارێزگاکانی عێراق‌و شاری کەرکوک، وەکو نموونە ساڵانە (٤٠٠) تا (٥٠٠) پرۆژە ڕادەگەیەنرێن‌و دوای ڕاگەیاندنی بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پلاندانان‌و دارایی، دەبێت بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕێنرێن، کە بریتین لە قۆناغی ڕاگەیاندنی پرۆژە، کە (١٥)ڕۆژی بۆ دانراوەو هەروەها قۆناغی (فەتح‌و تەحلیل) دەکرێت، دواتریش ئیحالە دەکرێت‌و بەڵێندەرێک وەریدەگرێت، ئینجا بۆ ماوەیەک لە تانەلێدان بۆ ئیحالەکردنی ئەو پرۆژەیەی کە کراوە، دەمێنێتەوەو ئەم قۆناغانە (٣)مانگیان دەوێت‌و ڕەزامەندبوونی بودجەکەش تا ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری لەسەر دەدات (٣)مانگی دەوێت‌و بەم شێوەیە (٦)مانگ لە ساڵی سەرفکردنی دارایی دەڕوات‌و ئەوەی کە دەمێنێتەوە (٦) مانگی کۆتایی ساڵە، بۆیە بۆ پرۆژەیەکی فراوان وەکو دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی، یان گەیاندنی کارەبا بە گوندێک بەو (٦)مانگەی ماوە، بە دڵنیاییەوە، تەواو نابێت، ئەمە سەرەڕای نەبوونی کەسی پسپۆڕو کۆمپانیای بەتواناو گەندەڵیی ئیداریی‌و کەسایەتیی سیاسیی هەیە، پرۆژە قۆرخ دەکات تا ئەوکاتەی ئەو پرۆژەیە بەشێکی بۆ حیزبەکەی نەبێت، بەربەستی بۆ دروست دەکات.

**ڕۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت کە بەهۆی ناشارەزایی بەشێک لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە نەتوانراوە بە ئەرکی خۆیان هەستن، کە چاودێریکردنی پرۆژەکانە؟**

* بەوپێیەی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەن، نوێنەری خەڵکن، بەڵام یاسایەکیان بۆ دانەنراوە کە چۆن چاودێریی بکەن، لەبەرئەوە کاتێک چاودێریی دەکەن، پرۆفیشناڵ نین لە چاودێریکردنەکەدا، چونکە مەرج نییە کە هەموو ئەنجومەن ئەندازیار بن، لەبەرئەوە ئەندامێکی ئەنجومەن کە دەرچووی ئامادەیی بێت، بە دڵنیاییەوە، ناتوانێت چاودێریی پرۆژەیەکی ستراتیژیی بکات‌و لەلایەکی دیکەوە، تا ئێستا بودجە بۆ چاودێریکردن دانەنراوە، لەکاتێکدا وڵاتێکی وەکو یاباندا (٢٠٪)ی بودجەکەی دیاریکردووە بۆ چاودێریکردن، بۆیە ئەمەش هۆکارە بۆ دواکەوتنی جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکان.

**ڕۆژنامە: ساڵانە، ئەو بڕەبودجەیەی بۆ کەرکوک دیاریکراوە، خەرج ناکرێت، لەمساڵیشدا لە کۆی (١٢١)ملیار دینار، لە ماوەی (١٠)مانگدا، تەنیا (٥٠)ملیار دینار سەرفکراوە، هۆکاری خەرج نەکردنی بەشی زۆری بودجەی کەرکوک، چییە؟**

* بەپێی لێدوانەکانی پارێزگار، بەشی دووەمی بودجەکە تائێستا نەنێردراوە تا بەردەوام بن لە خەرجکردنی بودجەو هۆکاری پێنەدانی بودجەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، بەوپێیەی کە تا ئێستا عێراق بە فەوزایەکدا تێدەپەڕێت کە حکومەتی تێدا پێکنەهێنراوە، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی کۆتاڕۆژی ساڵ بین کە کۆتاڕۆژی سەرفکردنی بودجەیەو ئەو کاتە ڕاستیی ئەو بابەتە دەردەکەوێت.

**ڕۆژنامە: چەند بەڵێندەرێک، باس لە پێدانی (بەرتیل) دەکەن بۆ وەرگرتنی پرۆژەیەک، ئەمە تاچەند ڕاستە، ئەگەر وایە، لێپرسینەوەتان بۆ کردووە؟**

* چەند بەڵێندەرێک گلەیی ئەوەیان کردووە کە بۆ وەرگرتنی پرۆژەیەک، (بەرتیلیان) داوە، ئەمەمان بە شێوەی زارەکیی پێوتراوە، بەڵام تا ئێستا هیچکام لە بەڵێندەرەکان ئامادە نەبوون یەک دۆکیۆمێنتمان لەسەر ئەو بابەتە پێدەن، تەنیا یەک بەڵێندەر نەبێت کە جورئەتی کردو وتی، بەرتیلم داوە تا ئەو پرۆژەیەم بۆدەرچووە. بە ئامادەبوونی پارێزگارو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا، ویستیان وتەکانی بەڵێندەرەکە بکەنە بەڵگەیەک، بەداخەوە، ئەو بەڵێندەرە ڕایکردو لەوە ترسابوو ئەو بەڵگەیە بدات‌و ئیتر جارێکی تر پرۆژەی پێنەدرێتەوەو خۆشتان ئاگادارن کە عێراق یەکەمە لەگەندەڵیدا.

> «* پارێزگار، ناتوانێت لێپرسینەوە لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بکات
>
> * بە نووسراوی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، دەستمان لە چاودێریکردن کێشاوەتەوە»

**ڕۆژنامە: لە ڕاگەیەنراوەکەی پارێزگای کەرکوکدا بۆ بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، ئاماژە بە چەندین فەرمانگە کراوە کە ڕێژەی سەرفکردنی بودجەیان سفرە، ئایا ئەمە چ ئاماژەیەک دەگەیەنێت؟**

* ئەوەی باسی دەکەیت، ڕاستە، فەرمانگە هەیە کەمتر بەدەم کێشەکانییەوە بووە، بەداخەوە، ئەو فەرمانگەیەی ڕێژەی خەرجکردنی سفر بوو، نە ئێستاو نە ساڵانی پێشوو، ئیجرائاتیان لەگەڵدا نەکراوە، بۆیە ئەرکی پارێزگارە کە ئەو فەرمانگانەی پێشکەوتوون، پاداشتیان بکات‌و ئەوانەی کەمتەرخەم بوون، سزایان بدات، بەڵام ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا، کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی کەرکوک‌و ئەو ئەنجومەنە لۆکاڵییانەی کە هەن، کرد، بەڵام بەداخەوە، بەهۆی ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دەستی لە چاودێریکردن کێشاوەتەوە، چونکە تا ئێستا بودجەیەک بۆ چاودێریکردن دیاریی نەکراوەو هەروەها ئەندامەکانی ئەنجومەن، یەک پاسەوانیان بۆ دیاریی نەکراوە، ئیتر چۆن دەتوانیت بە بەڵێندەرێک بڵێت، کەمتەرخەم بوویت، لە کاتێکدا لەکەرکوک لەسەر چەند هەزارێکی پارەی مۆلیدە، خاوەن مۆلیدەکەیان کووشتووە، نەخواستە چاودێریی بەڵێندەرێک بکەیت‌و لەکاتی کەمتەرخەمیدا دووری بخەیتەوە لە قازانجێکی یەک ملیار دیناریی، بۆیە بە نووسراوی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، دەستمان لەچاودێریکردن کێشاوەتەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەنجومەنی پارێزگا، دەسەڵاتی بەسەر گۆڕینی بەڕێوەبەری فەرمانگەکاندا هەیە؟**

* تائێستا، کار بە یاسای ژمارە (٧١)ی بریمەر دەکەین کە کارمان تەنیا لەگەڵ پارێزگارو پۆستە باڵاکانە، بۆیە وەزارەتەکان لێکۆڵینەوە لە بەڕێوەبەرەکان دەکەن‌و پارێزگاریش لە بەڕێوەبەری بەشەکان دەپرسێتەوەو بەپێی ئەو سەڵاحییەتە، پارێزگار ناتوانێت لێپرسنەوە لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بکات، لەبەرئەوە تا ئێستا وەزارەتەکان (٤٠)بەڕێوەبەری فەرمانگەیان گۆڕیوەو پارێزگار دەسەڵاتی نەبووەو ئەنجومەنیش بێدەنگ بووە، بۆیە بەدڵنیاییەوە، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، گرفتێکی سەرەکیی بووە.

---

# (٢١١)ملیار دینار لە بودجەی پترۆدۆلاری کەرکوک، خەرج نەکراوە

## پارێزگار: هەفتەی داهاتوو، بەشی یەکەمی بودجەکەمان پێدەگات

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

تا ئێستا بودجەی پترۆدۆلاری کەرکوک کە زیاتر لە (٢١١)ملیار دینارە، سەرف نەکراوەو سەرچاوەکیش ئاماژە بە ئەگەری فەوتانی دەکات، ئەگەر تا کۆتایی ساڵ سەرف نەکرێت.

دوای ئەوەی کە پارێزگای کەرکوک‌و بەسرە داوای دابینکردنی دۆلارێکیان لە بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق کرد لە هەر بەرمیلە نەوتێک کە لەو دوو پارێزگایەوە بنێردرێتە دەرەوە، بەو هۆیەوە لە ئێستادا پارێزگای کەرکوک خاوەنی (٢١١)ملیار دینارە لەو بودجەیە، بەڵام تا ئێستا ئەو بودجەیە بۆ پرۆژە ستراتیژیی‌و خزمەتگوزارییەکان خەرج نەکراوە.

بەپێی دۆکیۆمێنتێک کە دەست ڕۆژنامە کەوتووە، نەخشەی پترۆدۆلاری کەرکوک بۆ ساڵی (٢٠١٠) بۆ بەشی یەکەم، ئاشکرای دەکات، کە ئاماژە بە (١٩)پرۆژەی خزمەتگوزاریی‌و ستراتیژیی دەکات لە بوارەکانی: شارەوانی، تەندروستی، ئاوو ئاوەڕۆ، کارەباو وەرزشەوانیی، بەڵام بەهۆی ئەوەی دوو پرۆژەیان لە بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکاندا هەبوون بۆیە لە بودجەی پترۆدۆلار دەرهێنراون، بەوپێیەش لە ئێستادا (١٧)پرۆژەی خزمەتگوزاریی‌و ستراتیژیی لە بودجەی پترۆدۆلاری کەرکوک، بوونیان هەیە، بەڵام تا ئێستا (٧) پرۆژەیان چوونەتە قۆناغی ڕاگەیاندن بۆ ساڵی (٢٠١٠)، بەڵام بەهۆی نەگەیشتنی بودجەکە، تا ئێستا هیچکام لەو پرۆژانە جێبەجێ نەکراون.

لەوبارەیەوە، ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی لیژنەی نەوت‌و غاز لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە ئەنجومەنی پارێزگا پێنج خاڵی دیاریکردووە کە بودجەکە لە پرۆژە ستراتیژییەکاندا سەرفبکرێت‌و یەکەم پرۆژە کە ئەنجومەن مسادەقەی لەسەر کرد، دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا بوو، کە بڕی (٢٠٠)ملیار دیناری بۆ تەرخانکرد، ئەوەی کە مایەوە دابەشکرا بۆ پرۆژەی ستراتیژیی بۆ (١٤) کەرت، ئێستا ئەو پرۆژانە چوونەتە وەزارەتی پلاندانان‌و دارایی عێراق، وتیشی: «وا بڕیار بوو کە بەشی یەکەمی ئەو بودجەیە بگاتە کەرکوک، بەڵام ئەو بودجەیە گەیشتووەتە کەرکوک، یان نا، ئاگاداری نین».

ڕێبوار تاڵەبانی، ئاماژەی بەوەشدا کە هیچ یاسایەک نییە ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئایا ئەو پارەیە تا کۆتایی ساڵ، ئەگەر خەرج نەکرێت، دەمێنێتەوە، یان دەگەڕێتەوە، وتیشی: «ناکۆکییەک لەنێوان وەزارەتی دارایی‌و نەوتدا هەیە، کە ژمارە بە یەکتر نادەن، لەبەرئەوە تەنیا پارێزگا کە بەشی یەکەمی پارەکەی پێگەیشتووە، پارێزگای بەسرەیە، بۆیە لە ئێستادا ئەرکی ئەندامەکانی پەرلەمانی عێراقە کە نوێنەری کەرکوکن، ئەو پارەیەی بۆ بودجەی پترۆدۆلار دیاریکراوە، وەکو بودجەکانی تر مەرجی گەڕانەوەی نەبێت».



نەوتی کەرکوک دەبێتە مایەی خێر بۆ خەڵکی شارەکە؟

فۆتۆ: ئینتەرنێت

لەلایەکی ترەوە، فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ئەگەر هەیە لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، ئەو بڕەپارەیەی بودجەی پترۆدۆلار دیاریکراوە، خەرج بکرێت‌و ئەوەشی خستەڕوو: بودجەی پترۆدۆلار کە بڕیارە بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان خەرج بکرێت، دوای ئەوەی هەردوو پارێزگای کەرکوک‌و بەسرە فشارێکی زۆریان خستە سەرمان، لە کاتێکدا نەماندەتوانی ئەو پارەیە لە (٢٠١٠) خەرج بکەین، بەو پێیەی پێچەوانەی یاسا بوو، چونکە لە یاسای موازەنەدا هەبوو، بەڵام بڕەپارەکەی بۆ تەرخان نەکرابوو.

هەرچەندە چەند هەفتەیەک بەسەر لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقدا تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستا ئەو بودجەیە نەگەیشتووەتە پارێزگای کەرکوک‌و سەچاوەیەک لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە تا ئێستا دەسەڵاتی جێبەجێکار لە پارێزگای کەرکوک، بێهەڵوێست بووە لەسەر داواکردنی بەشی یەکەمی بودجەکە.

بە وتەی ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت: «ئەگەر هەیە کە لەماوەی ئەمساڵدا، ئەو بودجەیە سەرف نەکرێت، بە جیاوازتر لە پارێزگای بەسرە کە بەشی یەکەمی بودجەی پترۆدۆلارەکەیان پێگەیشتووەو لە ئێستادا لە بواری سەرفکردندان».

لە بەرامبەردا، عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، وێڕای ئەوەی بودجەی پترۆدۆلار بە دەستکەوتی ئیدارەکەی لەقەڵەم دەدات، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا مانگی (٢٠١٠/٨)، بەشە بودجەی پترۆدۆلاری کەرکوک (٢١١)ملیار دیناربوو، ئەوەش زۆر لەو بودجەیە زیاترە کە لە بودجەکانی تر بۆ کەرکوک دیاریکراوە، کە بەشی یەکەمی ئەو بودجەیە (١١١)ملیار دیناری عێراقییە، بڕیاری سەرفکردنی بۆ دەرچووەو لە هەفتەی داهاتوودا دەگاتە کەرکوک‌و داوای بەشی دووەمی بودجەی پترۆدۆلاریشمان کردووە».

سەبارەت بە ئەگەری فەوتانی بودجەی پترۆدۆلاریش لەباری سەرف نەکردنیدا تا کۆتایی ساڵ، عەبدولڕەحمان مستەفا، وتی: «نەخێر وانییە، ئەگەر لەماوەی ئەمساڵیشدا سەرف نەکرێت، هیچ کێشەیەک نابێت، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان کار دەکەین‌و ناتوانرێت لەماوەی یەک مانگدا، (١١١) ملیار دینار سەرفبکرێت، بۆیە هەرکاتێک پرۆژەکان بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەبێ گرفت کۆتایی دێت».

## مایکڵ نایتس لە پەیمانگەی واشنتۆن:

# ریفۆرمی سیاسیی دەتوانێت هەرێمی کوردستان پێرفێکت بکات

سازدانی: شاڵاو فەتاح

مایکڵ نایتس، تایبەتمەندی بواری ئاسایش‌و سەربازیی عێراق‌و ئێران‌و یەمەن‌و وڵاتانی کەنداوی عەرەبییە، لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی نزیک‌و راوێژکاری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکایە‌و چەندین وانەی لە پەیمانگە سەربازییەکاندا وتووەتەوە. چەندین سەردانی عێراق‌و وڵاتانی خەلیجی کردووە‌و لەسەر کێشە ئەمنییەکانی نووسیوە.

لەم چاوپێکەوتنەدا، دەربارەی عێراق بەگشتیی‌و هەرێمی کوردستان بەتایبەت پێیوایە بەشداریی سوننەکان بۆ ئاسایشی عێراق باشە‌و بزووتنەوەی گۆڕانیش نیشانەی ئەوەیە کە هەندێک لە خەڵکی کورد گۆڕان دەخوازن لە سروشتی سیاسەتی هەرێمدا.

**ڕۆژنـامـە: هێشتاش ئەمریکا باسی دروستکردنی مۆدێلێک دەکات لە عێراق، مۆدێلێک کە ئەوانیتر بتوانن کۆپی بکەن، ئایا عێراق دەتوانێت ببێتە ئەو مۆدێلە؟**

مایکڵ نایتس: عێراق دەتوانێت ببێتە یەکەم وڵاتـی دیموکراسی فرەنەتەوە، فرە تایفیی، جووت زمان لەم هەرێمەدا، (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست). گەر عێراق لەرێی سیستمی فیدرالییەوە بەردەوام بێت لەسەر لامەرکەزییەت، ئەوا دەبێتە ئیستیحقاقێکی گرنگ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش.

**ڕۆژنامە: پێتوایە بەربەستەکانی بەردەم عێراق کامانەن، تایفییەت، سوڵتەوییەت، یان سەرچاوەکانی دیکە؟**

گشت ئەوانەی وتت کێشەی گەورەی



مایکڵ نایتس

بەردەم سیاسەتی عێراقین، بەڵام پێموایە گەندەلیی گەورەترین کێشەیە‌و تاکە تەحەداشە کە رووبەڕووی سەرکەوتنی عێراق دەبێتەوە لە ئایندەدا.

**ڕۆژنامە: چۆن پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت، ئایا سەرکەوتنێک بوو بۆ عێراقییەکان، یان سەرکەوتنێک بوو بۆ دراوسێکانی عێراق یان ئەمریکا؟**

مایکڵ نایتس: پێموایە پێکهێانی حکومەت شتێکی باش بوو بۆ عێراقییەکان، بوونی گشت پارتەکانیش لەو پرۆسەیەدا ئەمەی دووپاتکردەوە، حکومەتی هەموەکی رەنگە بۆ ئێستای عێراق‌و لەم کاتەدا پێویست بێت. هەبوونی رەگەزەکانی عێراقییەش لەناو حکومەتدا بەتایبەتی باشە، بۆ باشترکردنی ئەمنییەت، هێزە دەرەکییەکان رۆڵیان هەبوو لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، بەڵام هیچ وڵاتێک ناتوانێت سیاسەتی عێراق بەئاسانی کۆنترۆڵ بکات. پاڵنەری سەرەکی سیاسەتی عێراقیی، عێراقییەکان خۆیانن.

**ڕۆژنامە: تێڕوانینی تۆ بۆ داهاتووی عێراق چۆنە، ئایا بەو جیلە سیاسییە نوێیەی عێراق گەشبینیت یان رەشبین؟**

مایکڵ نایتس: پێموایە هەموو جیلێک شتێکی پێیە ببەخشێت. زۆربـەی جیلی کۆنی سیاسییە عێراقییەکان پەیوەندیی زۆر باشیان لەگەڵ حکومەتە دەرەکییەکاندا هەبوو، زۆربەشیان سیاسیی‌و بزنسمانی خاوەن ئەزموون بوون، ئەم نەوە نوێیەی سیاسەتی عێراق، زۆر پێویست بوو بۆ راکێشانی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی عێراقیی بۆ نـاو سیاسەت، بە تایبەت سەدرییەکان، هەموو بلۆکەکان پێشبینیی ئەوە دەکەن کە سەدرییەکان رووبەڕووی تەحەدای زۆر دەبنەوە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لە سەرکردە، لە ئێستادا بۆشاییەک لەنێوان نەوەکاندا هەیەو دەبێت پڕبکرێتەوە، بەڵام من گەشبینم بەوەی ئەم نەوە نوێیە دەردەکەوێت.

**ڕۆژنامە: تێڕوانینت چییە دەربارەی کوردەکانی عێراق‌و ستراتیژیان؟**

مایکڵ نایتس: وابزانم زۆر رەخنەم لێگیراوە لەسەر تێبینیدان لەسەر ستراتیژی کوردیی، چونکە هەستیاریی زۆر هەیە دەربـارەی رۆڵی کوردەکان لە پرۆسەی

> بزووتنەوەی گۆڕان نیشانەی ئەوەیە کە هەندێک کورد گۆڕان دەخوازن لە سیاسەتی هەرێمدا

پێکهێنانی حکومەتدا، لەبەرئەوە تەنیا چەند تێبینییەکی کەم دەڵێم، قوڕسە وەک بیانییەک ستراتیژی کورد هەڵبسەنگێنم، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە، ئـەوە ئاسانە بڵێین کوردەکان لە ئێستادا تەنیا بلۆکێکن لەو هەموو بلۆکەی پەرلەمانی عێراق‌و قورساییان کەمبووەتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێدەچێت کوردەکان رۆڵـێـکـی بەهێزی نارەسمیی (ناڕاستەوخۆ)یان هەبێت لە سیاسەتی عێراقدا، چونکە دەتوانن بلۆکە رکابەرەکانی سـەرۆک وەزیرانی عێراق رابکێشن، لە حاڵەتێکدا گەر مالیکی هەوڵیدا دەسەڵات دابەش نەکات‌و پەشیمان بێتەوە لەوەی پەیمانی داوە. تەنیا، کات لەوە دڵنیامان دەکاتەوە، بەڵام پێموایە پێگەی کورد لاوازبووە بە نەمانی مافی یاسایی ڤیتۆ بۆ سەرۆک تالەبانی.

**ڕۆژنامە: پێتوایە حکومەتی هەرێم چیرۆکی سەرکەوتنە یان هێشتا چەندین بەربەست ماون لەبەردەم ئەو سەرکەوتنەیدا، بە کورتی تۆ باوەڕت بە دیموکراسی هەیە لەسەر شێوازی هەرێمی کوردستان؟**

حکومەتی هـەرێـم، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ کوردەکانی عێراق، بەراورد بەوەی کوردەکان چەشتوویانە لە (١٩٦٠) بـەدواوە، حکومەتی هەرێم سەلامەتیی زیاتری دابینکردووە، ئابووریی‌و ئازادیی زیاتری دابینکردووە، هەرێمی کوردستان شوێنێکی باشە بۆ ژیان‌و بۆ وەبەرهێنە بیانییەکانیش سەرنجڕاکێشە، بەڵام هیچ شوێنێک پێرفێکت نییەو دەرکەوتنی گۆڕانیش ئەوە دەردەخـات کە هەندێک خەڵک لە هەرێمی کوردستان گۆڕانیان دەوێت لە سروشتی سیاسەتی هەرێمدا، ریفۆرمی سیاسیی دەتوانێت هەرێمی کوردستان پێرفێکت بکات.

# میـسـر، بـەرەو تـاکـڕەویـی دەچـێـت

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی میسر، ئەو وڵاتـە بـەرەو تاکڕەوێتیی زیاتر دەبـات، لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەش بەهۆی بوونی ساختەکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکە کشانەوە.

پەرلەمانی میسر لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، (ئەنجومەنی گـەل) کـە لە (٤٥٤) ئـەنـدام پێکدێت، (٤٤٤) بە هەڵبژاردن دیاریدەکرێن‌و (٨) کاندیدیش دیاریدەکرێن. (ئەنجومەنی شورا) (٢٦٤) ئەندامی هەیەو (١٧٤)یان، راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن‌و (٨٨)یـان لەلایەن سەرۆکەوە دیاریدەکرێن، هەر خولێکی پەرلەمان بۆ ماوەی (٥) ساڵە.

میسر، وڵاتێکی تاک حیزبییەو حیزبی حاکم (حیزبی دیموکراتی نیشتمانیی) حوکمی دەکـات، ئۆپـۆزسـیـۆن بە شێوەیەکی لاوەکیی رێگەی پێدەدرێت.

هەفتەی پێشوو، خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی میسر کراو لەم خولەدا پارتی دەسەڵات، زۆرینەی رەهای دەنگەکانی بەدەستهێنا، هەرچەندە پارتی ئیخوان موسلیمین، گەورەترین بلۆکی ئۆپۆزسیۆنە لە میسرو لە پەرلەمانی پێشوودا (٨٨) کورسی، واتە نزیکەی (٢٠٪)ی هەموو کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنابوو، لەم هەڵبژاردنەدا نەیتوانی یەک کورسی بەدەستبێنێت، هەربۆیە ئەو پارتە دەستبەجێ بڕیاری کشانەوەی دا لە خولی دووەمی پەرلەمان‌و دەسەڵاتی بە ساختەکاریی‌و تەزویری بەرفراوان تۆمەتبار کرد.

دوای ئیخوان موسلیمین، پارتی وەفدیش کە ئۆپۆزسیۆنێکی دیکەی میسرە، بڕیاری کشانەوەی لە هەڵبژاردنەکان دا، بەمشێوەیە هەڵبژاردنەکە بەبێ ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر مایەوە.

ڕۆژی یەکشەممەی ئەم هەفتەیەش، خـولـی دووەمـی هـەڵـبژاردنـەکـانی میسر ئەنجامدرا، راپۆرتی رێکخراوە سەربەخۆکان ئاماژە بە تۆقاندن‌و دەنگدانی بە کۆمەڵ دەکەن لەم رۆژەدا، بـەڵام هێشتاش نـاوی کاندیدەکانی



حوسنی موبارەک، جەمالی کوڕی بۆ سەرۆک کۆمار ئامادە دەکات

هەریەکە لە ئیخوان‌و وەفد لەسەر کارتی دەنگدان بوو، لەبەرئەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان وتوویەتی: یاسا رێگە بە کاندیدەکان نادات لەو کاتەدا بکشێنەوە.

هـەر پـێـش خـولـی یـەکـەمـی هەڵبژاردنەکانیش، ئەوە ئاشکرابوو کە پارتی دەسەڵات دەیەوێت بوونی خۆی زیاتر لە پەرلەماندا جێگیر بکات‌و بوونی ئیسلامییەکانیش کەم بکاتەوە.

چاودێرە سەربەخۆکان لە هەردوو خولی هەڵبژاردنەکەدا باس لە تەزویرو ساختەکارییەکی بێشوومار دەکـەن، بـەڵام کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەڵـێـت: «تـەزویـر سـنـووردارکـراوەو سـەدان سندووقی دەنگدانیش بەهۆی ساختەکارییەوە قبووڵنەکراون».

لە خولی یەکەمدا، ململانێ لەسەر (٢٢١) کورسی پەرلەمان دەکـراو لە خولی دووەمیشدا لەسەر (٢٩٧) کورسی، ململانێی خوولی دووەم زیاتر لەنێوان کاندیدەکانی پارتی دەسەڵات‌و ئەو کاندیدە سەربەخۆیانەی لێی جیابووبوونەوە بەڕێوەچوو، کاندیدە سەربەخۆکان لە پارتی دەسەڵات جیابووبوونەوە، چونکە کاندیدی نەکردبوون وەک ئەندامی خۆی، لەگەڵ ئەوەشداو لە کاتی سەرکەوتنی هەر کاندیدێکی سەربەخۆدا، پێشبینی ئەوە دەکرێت دووبـارە پەیوەندیی بە پارتی دەسەڵاتەوە بکەن.

پارتی دەسـەڵات ململانێی خۆی دەکات بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکان، چونکە بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن چەند کاندیدێکی داناوە، ئەم تاکتیکەش بۆ یەکەمجارە بەکاردێت‌و تەنیا بۆ لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆنیشە.

هەر بەو هۆیەشەوە، خۆپیشاندان‌و توندوتیژییەکی زۆر دروسـتـبـوو، بە شێوەیەک رێکخراوی (ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال) داوای لە بەرپرسانی میسر کرد کە لێکۆڵینەوەی گشتگیر بکەن بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ‌و قوربانییانی توندوتیژییەکانی یەکشەممەی رابردوو.

مالکۆلم سمارتی؛ بـەڕێـوەبـەری خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت‌و باکووری ئـەفـریـقـای ئـەو رێـکـخـراوە داوای «لـێـکـۆڵـیـنـەوەی سـەربـەخـۆ»و دەستبەجێی بۆ کوژراوان‌و قوربانییانی توندوتیژییەکان کـردو نیگەرانیی ئەمنستی پیشاندا بەرامبەر سەرکوتکاریی لە دژی هاوڵاتییانی میسر لە رۆژی خۆپیشاندان‌دا.

ئەمریکا، کە هاوپەیمانێکی نزیک‌و ستراتیژیی وڵاتی میسرە «نائومێدیی» خـۆی لـە شـێـوازی بـەڕێـوەچـوونـی هەڵبژاردنەکان پیشاندا، بەڵام میسر ئەوەی بە «دەستێوەردان» لەقەڵەمدا.

میسر، وڵاتێکی عەرەبی باکووری ئەفریقایەو یەکێکە لە وڵاتـە هەرە بەهێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و خاوەن شارستانییەتێکی هەرە بەهێزی دنیای کۆن بووە.

سیـسـتـمـی کـۆمـاریـی نیمچە سـەرۆکـایەتیی هەیەو لە ساڵی (١٩٥٣)و لـەدوای شۆڕشێک بوو بە کۆمار، ژمـارەی دانیشتووانی (٧٩) ملیۆنەو کێشەی کەمینەی قیبتییەکانی هەیە، بە هاوپەیمانێکی نزیکی خۆرئاوا لـەقـەڵـەم دەدرێــت‌و وەک وڵاتێکی نیمچەدیموکراتیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لە نیوەی سەدەی رابردوودا، میسر بەهێزترین وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەڵام بەهۆی نزیکیی لە بلۆکی سۆڤیەت‌و دوژمنایەتیکردنی ئیسرائیل، تواناکانی لەدەستداو لـەدوای جەنگی (١٩٦٧) لەگەڵ ئیسرائیل‌و هاتنە سەر حوکمی ئەنوەر سادات، سیاسەتەکانی بەرەو خۆرئاوابوون چووەو لە ئێستاشدا هاوپەیمانێکی هەرە نزیکی خۆرئاوایە.

ئۆپۆزسیۆنی میسر زیاتر لە نیو سەدەیە (بەتایبەت ئیخوان موسلیمین)، لەژێر رەوشێکی نالەباردا سیاسەت دەکەن‌و دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات، بەڵام زیاترو زیاتر بەهۆی دەسەڵاتدارێتیی بـوونـی حوکمی میسرەوە نائومێد دەبـن، نوێترین نائومێدیی میسرییە دیموکراتیخوازەکان‌و ئۆپۆزسیۆنیش لەوەدایە، کە (حوسنی موبارەک) جەمالی کوڕی ئامادە دەکات بۆ بوونە سەرۆک کۆماری میسر.

چۆن چاکسازیی لە پەرلەمانی کوردستاندا بکرێت؟ 12

## کورد پۆستی بڕیاردەری پەرلەمانی لەدەستدا

# رۆژنامە وردەکاریی دابەشکردنی لیژنەکانی پەرلەمانی عێراق بڵاودەکاتەوە

راپۆرتی: هەستیار قادر

لە کۆی (٢٦) لیژنەکەی پەرلەمانی نوێی عێراق، شیعەکان سەرۆکایەتی (١٢) لیژنەو عێراقییە (٦) لیژنەو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان (٤) لیژنەو هەریەک لە گۆڕان‌و هاوپەیمانی ناوەندو کەمایەتییەکانیش سەرۆکایەتی یەک لیژنەیان بەرکەوتووەو لەسەر سەرۆکایەتیکردنی دوو لیژنەش کێشە دەکەوێتە نێوان ئیئتیلافە کوردییەکەو عێراقییەوە، هیچکام لە بڕیاردەکانی پەرلەمانیش بەر کورد نەکەوت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەغداوە دەست رۆژنامە کەوتوون؛ لە کۆی (٢٦) لیژنەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراق، هەریەک لە هاوپەیمانی نیشتمانیی کە سەرجەم هێزە شیعەکانی تێدایە، سەرۆکایەتی زۆرترین لیژنەکانی پەرلەمانی بەرکەوتووە کە (١٢) لیژنەیەو بریتین: لە لیژنەکانی ئاسایش‌و بەرگریی، دەرەوە، نەزاهە، پەروەردە، لاوان‌و وەزرش، گەشتوگوزارو شوێنەوار، کشتوکاڵ‌و ئاو، پەرەپێدانی پەرلەمان، رۆشنبیریی‌و راگەیاندن، شەهیدان، مافی مرۆڤ، ئیئتیلافی عێراقییەش بە پلەی دووەم دێت لە وەرگرتنی سەرۆکایەتی لیژنەکان، کە (٦) لیژنەن‌و بریتین: لە سەرۆکایەتی لیژنەکانی دارایی، خوێندنی باڵا، ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی‌و لێپرسینەوەی دادوەریی، کۆچ‌و کۆچبەران، عەشایەر، ژن‌و خێزان، هاوکات ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش سەرۆکایەتی (٤) لیژنەی وەرگرتووە، کە بریتین: لە لیژنەکانی نەوت‌و گاز، تەندروستی، خزمەتگوزاریی، کۆمەڵگەی مەدەنی‌و فراکسیۆنی گۆڕانیش سەرۆکایەتی لیژنەی هەرێم‌و پارێزگاکان‌و هاوپەیمانی ناوەندیش سەرۆکایەتی لیژنەی ئەوقاف کاروباری ئایینیی وەرگرتووە، کەمایەتییەکانیش سەرۆکایەتی لیژنەی چاودێریی کۆمەڵایەتیان پێدراوەو دوو بڕیاردەرەکەی پەرلەمانیش لە تورکمان‌و مەسیحییەکانە، کە ئەرکیان رێکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان‌و رێژەی ئامادەبووان‌و نیسابی یاسایی دانیشتنەکانە.



پەرلەمانی عێراق
فۆتۆ: ئەرشیف

هاوکات بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسایی‌و ئابووریی‌و وەبەرهێنان لەنێوان ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و عێراقییە یەکلایی نەبووەتەوە، لەکاتێکدا کە عێراقییە داوای لیژنەی یاسایی دەکات، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش داوا دەکەن، کە سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەیان پێبدرێت‌و ئامادەن لە بەرامبەردا دەستبەرداری سەرۆکایەتی لیژنەی نەوت‌و گاز بن‌و ئاڵۆزبوونی ئەو کێشەش لایەنەکانی ناچار کردووە پەنا بەرنە بەر لیژنەی بچووکراوە کە بە لیژنەی دەستپێشخەریی ناسراوەو هەریەک لە د.رۆژ نوری شاوەیس، لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و حەسەن سنێد، لە هاوپەیمانی نیشتمانیی‌و رافع عیساوی، لە ئیئتیلافی عێراقییە تیایدا ئەندامن بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی، ئەمە جگە لەوەی لە چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتدا ئەگەری ئاڵوگۆڕی لیژنەکانی ئەوقاف‌و کشتوکاڵ‌و ئاو لەنێوان هاوپەیمانی نیشتمانیی هەیە، بەوپێیەی هەر کوتلەیەک وەزارەتێک وەربگرێت، نابێت سەرۆکایەتی لیژنەی پەیوەندیداری ئەو وەزارەتە لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا وەربگرێت.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لە کۆی سەرۆکایەتی ئەو چوار لیژنەیەی کە بەر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکەوێت، سەرۆکایەتی لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدرێت بە یەکگرتووی ئیسلامیی‌و یەکێتیش لیژنەیەک‌و پارتیش سەرۆکایەتی دوو لیژنەی بەردەکەوێت‌و کۆمەڵی ئیسلامیش سەرۆکایەتی هیچ لیژنەیەک وەرناگرێت.

پێوەری پیادەکراو بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بریتییە: لە (١٣) کورسی بەرامبەر بە سەرۆکایەتی یەک لیژنەو لیژنەکانیش بەپێی سیادیی‌و گرنگیی بەسەر سێ سەبەتەی جیادا دابەشکراون.

ئەمەو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوودا، کە (٢٤) لیژنە بوو (١١) لیژنە بەر شیعەکان کەوتبوو، سوننەکانیش بە عێراقییەوە سەرۆکایەتی (٧) لیژنەی بەدەستەوە بوو، کوردیش سەرۆکایەتی (٥) لیژنەی هەبوو، کە هەریەکە لە لیژنەکانی نەوت‌و گازو تەندروستی لەم خولەشدا دووبارەبووەتەوەو دەستبەرداری لیژنەکانی کۆچبەران‌و شەهیدان‌و کارو چاودێریی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی بووە، ئەمە جگە لەوەی لە خولی پێشوودا فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان یەکێک لە دوو بڕیاردەرەکەی پەرلەمانی هەبوو، کە ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بوو، بەڵام لەم خولەدا هیچ بڕیاردەرێکی بەرنەکەوت.

---

## «کورد ئەزموونی دارایی‌و نەوتی نییە»

# کورد وەزارەتی دەرەوە وەردەگرێت

هەستیار قادر- کاروان عومەر

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەرەو وەرگرتنی وەزارەتی دەرەوە دەڕوات‌و پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش دەڵێت: «ئەو پۆستە ناتوانێت لە مەسەلە نەتەوایەتییەکانی کورددا رۆڵ ببینێت».

هاوکات، لەگەڵ چڕبوونەوەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئاماژەکان بەرەو ئەوەن کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو، وەزارەتی دارایی بداتە عێراقییەو وەزارەتی نەوتیش لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوەو بۆ جاری دووەم، حسێن شەهرستانی ئەو پۆستە وەربگرێتەوەو سەرچاوەکانی هەواڵیش ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد، وەزارەتی دەرەوە وەردەگرێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە کارنامەی دانوستکاری خۆیدا، داوای یەکێک لە وەزارەتە سیادییەکانیان کردبوو لە حکومەتی نوێدا، بەڵام دیندار نەجمان، ئەندامی وەفدی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەوە رەتدەکاتەوە کە لە کارنامەکەدا، ناوی وەزارەتێکی دیاریکراویان هێنابێت‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوای وەزارەتی دارایی ناکەین‌و یەکێک لە وەزارەتەکانی نەوت‌و دەرەوە وەردەگرین».

هاوکات، ئەم گۆڕانکارییە دەبەسترێتەوە بە چەند ئەگەرێکەوە، لەوانە، سازشکردنی کورد لەسەر داواکارییەکانی، یان ناچاربوونی بۆ وەرگرتی وەزارەتی دەرەوە، بەوپێیەی تەنیا ئەو وەزارەتە سیادییە ماوەتەوە بۆی‌و سێیەمیشیان دۆزینەی پۆستی گونجاوە بۆ وشیار زێباری کە پاڵێوراوی پارتییە.

سەبارەت بە لێکدانەوەی سێیەمیش، دیندار نەجمان دەڵێت: «لەگەڵ رێزمدا بۆ کاک وشیار، ئەگەر وەزارەتی دەرەوە داوابکەین، لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە شوێنێک بۆ ئەو بدۆزینەوە».

هاوکات، چاودێرانی سیاسیی عێراقیش، ئاماژە بە کەمئەزموونی کورد دەکەن لە بەڕێوەبردنی وەزارەتەکانی نەوت‌و داراییداو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە کورد بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە.

لەوبارەیەوە حازم نعێمی، لێکۆڵەری ئابووریی عێراقی، بە رۆژنامەی راگەیاند: کورد ناتوانێت هیچ سوودێکی ئەوتۆ لە وەزارەتی نەوت‌و دارایی وەربگرێت، چونکە هەر بڕیارێک کە تایبەتە بەو دوو وەزارەتە، پێویستی بەزۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمان هەیە.


هوشیار زێباری

د. عامر حەسەن فەیاز، راگری کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی بەغداش، پێی وایە: باشترە کە کورد وەزارەتی دەرەوە وەربگرێت تا ئەزموونی زیاتر وەربگرێت لە بەڕێوەبردنی ئەو وەزارەتەدا، ئەمەش باشترە لە وەزارەتی دارایی، یان نەوت کە بە وتەی ناوبراو: «هێشتا کورد ئەزموونی نییە لەبەڕێوەبردنیاندا»، بەڵام پەرلەمانتارێکی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوە، گرنگ نییە بۆ کورد.

هەڤاڵ کوێستانی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە وەزارەتی دەرەوەی عێراق، گوزارشت لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەکات‌و کورد ناتوانێت رۆڵی تیا ببینێت کە گوزارشت لە مەسەلە نەتەوایەتییەکانی کورد بکات، بەڵام وەزارەتی دارایی‌و نەوت، پەیوەندیی ئۆرگانییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیەو کاریگەریی زیاتریان دەبێت لە حکومەتی نوێدا، وتیشی: «ئەگەر کورد پۆستی وەزارەتی دەرەوە وەربگرێت، تەنیا لەبەرئەوەیە کە کەسانێکی سەر بە حیزبەکانی خۆیان لە سەفارەتەکان دابمەزرێنن».

---

# نوجێفی، دەسەڵات لە عارف تەیفورو قوسەی سوهەیل وەردەگرێتەوە

رۆژنامە

دادگای فیدراڵیی، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق هەڵدەوەشێنێتەوەو دەسەڵاتەکان دەداتە سەرۆکی پەرلەمان‌و پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێت: «هاوپەیمانیی کوردستان‌و شیعەکان لەگەڵ ئەو بریارەدا نین».

لەسەر بنەمای داوایەکی پێشتری ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئاراستەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقی کردبوو، سەبارەت بە کێشەی پێکداچوونی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەن‌و دوو جێگرەکەی، دادگای ناوبراو بە بریاری ژمارە (٨٧)ی ساڵی (٢٠١٠) روونیکردووەتەوە کە لە دەستووری عێراقدا ئاماژە بە چەمکی دەستەی سەرۆکایەتی نەکراوە، بەڵکو سەرۆکی ئەنجومەن‌و جێگری یەکەم‌و دووەم هەیەو دەبێت لە پەیڕەوی ناخۆی پەرماندا، ئەرکی جێگری یەکەم‌و دووەمی سەرۆکی ئەنجومەن جیابکرێتەوە.

بەمەش دەسەڵاتی تەواو لەبری دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران، دەدرێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە، کە ئوسامە نوجێفیەو بە پێچەوانەشەوە، دەسەڵاتەکانی هەریەک لە عارف تەیفورو قوسەوی سوهەیل، کە جێگرانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانن، کەمدەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەن.

لەوبارەیەوە بەکر حەمەسدیق، یاساناس‌و پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران، وێڕای ئاماژەدان بە دروستیی بریارەکەی دادگای فیدراڵیی لەرووی دەستوورییەوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئیئتیلافی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرۆک کۆمار نەماوە، نابێت دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بمێنێت».

بەکر حەمەسدیق، کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییە، ئاماژەی بەوەدا، کە شیعەکان لەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی مەترسییان هەیە، کە رۆڵی پەرلەمان لە چاودێریکردنی حکومەت بەهێز بێت‌و نوجێفی تاکڕەوانە بڕیار بدات، وتیشی: «هاوپەیمانی کوردستانیش لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نەبووە».


نوجێفی‌و دوو جێگرەکەی

# ...مانی کوردستاندا بکرێت؟




## ... پاراستنی
## ... شکست دەبن

هەربۆیە پێشنیاز دەکەم کە سەنتەرێکی رۆشنبیریی گرێدراو بە پەرلەمانی کوردستان دابمەزرێت و تایبەت بێت بەبەرزکردنەوەی تواناکانی ئەندامانی پەرلەمانیی و زیاتر بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی پەرلەمانیی.

**رۆژنامە: زۆریی دەسەڵاتەکانی سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتیی کە لە پەیڕەودا چەسپێنراوە چ کاریگەرییەکی هەیە، دەبێت ئەو هاوسەنگییە چۆن بێت لەنێوان پەرلەمانتارو دەستەی سەرۆکایەتیدا؟**

*دیارە کە سەرۆکی پەرلەمان بە یەکێک لەپۆستە سیادییەکان هەژماردەکرێت، هەربۆیە دەبێت سەرۆکی پەرلەمان خاوەن دەسەڵات بێت تا بتوانێت کارەکانی دەزگاکەی وەکو پێویست جێبەجێبکات، بوونی ئەم دەسەڵاتانەش بە کارێکی ئاسایی هەژمار دەکرێت، ئەگەر بتوانرێت بەپێی یاسا پەیڕەو بکرێت، بەمەرجێک

**دەکرێت سەرۆکی پەرلەمان هەندێک لە کارەکانی رابسپێرێت بە جێگرەکەی، یان سکرتێری پەرلەمان، یان بەڕێوەبەری گشتیی دیوان، وەک ئەوەی ئێستا لە پەرلەمانی عێراق هەیە**

نەبێتە هۆی ئەوەی سەرقاڵییەکی زۆر بۆ خودی سەرۆکی پەرلەمان دروست بکات، لەم بوارەدا دەکرێت کارە لاوەکییەکان رابسپێرێت بە جێگرەکەی، یان سکرتێری پەرلەمان، یان بەڕێوەبەری گشتیی دیوان وەک ئەوەی ئێستا لە پەرلەمانی عێراق هەیە، تا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەن زیاد بکرێت، بەوەی کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان پۆستێکی سیادییەو لەهەوڵی ئەوەدان ئەم دەسەڵاتانە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەربهێنن و بیخەنە چوارچێوەی یاسایەک، کە ئەمەش جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە.

**رۆژنامە: کارکردن بە پەیڕەوێک کە (١٩)ساڵ لەمەوبەر دانراوە چ مانایەکی هەیە، دەبێت پەیڕەوی پەرلەمان لەسەر چ بنەمایەک نوێ بکرێتەوە؟**

*وابزانم، هیچ لارییەک لەوەدا نابینرێت کە چاوپێداخشاندنەوەیەک بە پەیڕەوی ناوخۆدا بکرێت و هاوڕاییەک هەیە لەسەر هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام دەبێت لیستەکان، لەم بوارەدا پێشنیازەکانیان پێشکەش بکەن و دواتر گفتوگۆی لەسەر بکەن، تا پەسەند بکرێت و دەبێت بنەماکانی کە پشتی پێدەبەسترێت، بنەمای شارستانی و هەڵقوڵاوی کاری پەرلەمانی بن و دەکرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دەوڵەمەند لە کاری پەرلەمانیی و پسپۆڕانی ئەم بوارە وەربگیرێت.

**رۆژنامە: ئایا پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی، چاودێرێکی جدیی بێت بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، ئەگەر نەخێرە بۆچی؟**

* پەیڕەوی ناوخۆ، ئالیەتی چاودێریکردن و مومارەسەکردنی دارشتووەو دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ئەم ئالیەتە کار بکەن، ئەگەر وەکو پێویست نەکراوە، ئەوا دەبێت لە خودی ئەندام پەرلەمانەکان بپرسین کە هۆکار بۆ ئەمە چییەو بەربەستەکان کامانەن و چی کراوە تا ئەم بەربەستانە وەلا بنرێن.

**رۆژنامە: ئایا دەبێت رۆڵی پەرلەمان و پەرلەمانتاران چۆن بێت کە کاریگەریی حیزبیان لەسەر نەبێت و لە بەرژەوەندیی گەل و دوارۆژدا کار بکەن؟**

*دیارە کە هەم حیزب و هەم پەرلەمان، بە دامەزراوەی یاسایی و سیاسیی وڵات هەژماردەکرێن، حیزب و پەرلەمان گرێدراوی یەکترن، چونکە حیزبەکان گوزارشت لە ئیرادەی خۆیان دەکەن لە رێگای پەرلەمانەوە، بۆیە دەبینرێت کە هەموو پارتەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن تا بتوانن بەرنامەکانیان لە رێگای کورسییەکانی خۆیان لە پەرلەمان، بخەنە بەر دیدی لایەنگرەکانیان، بۆیە ئاساییە کە ئەندام پەرلەمان گوزارشت لە بیروراکانی حیزبەکەی بکات لەنێو هۆڵی پەرلەمان، بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت حیزبەکانیش هەوڵی پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی بدەن و بەپێچەوانەوە تووشی شکست دەبنەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

**رۆژنامە: چ پێوەرێک هەیە بۆ سەرکەوتنی پەرلەمان؟**

*پێوەری سەرکەوتنی هەر پەرلەمانێک، بە دەرەنجامی کارەکانییەتی، بەوەی تا چەند لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکدا بووەو تا چەند توانیویەتی وەزیفەکانی خۆی جێبەجێبکات لە گشت بوارەکانی تەشریعی و چاودێریکردن و دارایی و رێکخستنی کارەکانی و دادگەریی و راوێژکردن. ئەگەر پەرلەمان توانیی ئەم ئەرکانە پەیڕەو بکات، ئەوا رێژەی پەیڕەوکردنی دەبێتە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتوویی پەرلەمان و سەرخستنی کاری پەرلەمانیش، پێویستی بە زەمینەخۆشکردن هەیە تا بتوانین پەرلەمانێکی سەرکەوتوو بەرجەستە بکەین.

# بەرنامەی کار لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا

عەبدوڵڵای مەلانوری



پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە یەکەم خولی هەڵبژاردنیداو لە بارودۆخێکی سیاسیی تایبەتدا دانراوە، هەنووکە تەمەنی لە دوو دەیە نزیک دەبێتەوەو هێشتا برگەو مادە سەرەکییەکانی ئەو پەیڕەوە، گۆڕانیان بە سەردا نەهاتووە، لەکاتێکدا گۆڕانکاریی گەورە لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و عێراق و جیهاندا روویانداوەو بێگومان، ئەمەش رۆڵی بەرچاوی هەیە لە سەر لاوازیی ئەدای پەرلەمان. یەکێک لە کەموکورتییە سەرەکییەکانی ئەو پەیڕەوە، ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی فراوانی داوە بە دەستەی سەرۆکایەتیی کە دەتوانن دەزگای پەرلەمان بە ئارەزوی خۆیان هەڵسووڕێنن، بە تایبەت کە دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتییە، هەر ئەمەش وای کردووە کە بەرنامەی زۆربەی دانیشتنەکان لەگەڵ خواستی بەشێکی گرنگی پەرلەمان یەکنەگرێتەوە، کە ئۆپۆزسیۆنە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم، تیشک بخەمەسەر کەموکورتییەکانی مەبدەئی دانانی بەرنامەی کار لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانداو هاوکات هەوڵدەدەم، پێشنیازی بەدیل بخەمەڕوو.

لە بەرنامەی کاردا، بابەتی گفتوگۆی دانیشتنەکان دیاری دەکرێت، جا دەشێت بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن بێت لەسەر پرۆژەیاسا، یاخود بابەتێک کە بچێتە خانەی چاودێرکردنی حکومەت، یان هەر کێشەیەکی تری کتوپڕو گشتی...هتد. لە مادەی (٢٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا کە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی سەرۆکایەتیی بە چوار خاڵ دیاریکردووە، لە برگەی(١)دا دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی سپاردووە بە دەستەی سەرۆکایەتیی، لە برگەی(١)ی مادەی (٥٤)دا هاتووە «هیچ دانیشتنێک بەبێ بەرنامەی کاری پێشوەخت نابەسترێت» و لە برگەی (٣)ی هەمان مادەدا هاتووە «نابێت هیچ بابەتێک بخرێتەڕوو و گفتوگۆی لەسەر بکرێت کە لە بەرنامەی کاردا نەهاتبێت».

لە مادەی (٥٩)دا بە سێ برگە، سزا دانراوە بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێک کە سەرۆک پێی وابێت قسەو کردارەکانی کار دەکاتە سەر رێکوپێکی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان، بەم شێوەیە قسەکردن لە سەر هەر بابەتێک کە لە بەرنامەی کاردا ئاماژەی پێ نەدرابێت، دەچێتە خانەی سەرپێچی و پێشێلکردنی سیستمی گفتوگۆکان لەناو هۆڵی پەرلەماندا، کە دواجار ئەمە سزای لە سەرە، واتە ئەگەر ئەندامێک لە دەرەوەی بەرنامەی کارەوە شتێک بخاتەڕوو و بیەوێت داکۆکیی لە سەر بکات، بە دەرچوون لە بەرنامەی کار ئەژمار دەکرێت و سەرۆک بۆی هەیە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران، بێبەشی بکات لە دانیشتنەکان. دیارە کە ئەم مادەیە بە شێوەیەک دارێژراوە کە سەرۆکی پەرلەمان داتوانێت وەکو تیغێکی دووسەر، بە کاری بهێنێت.

بۆیە دیاریکردنی دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کار لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەر وڵاتێکدا، ئەگەر بە هاوبەشی هەموو لایەنەکانی ناو پەرلەمان نەبێت، دەشێت بۆ مەبەستی خراپ کەڵکی لێوەربگیرێت، لە خولی ئێستای پەرلەمانی کوردستاندا کە دەستەی سەرۆکایەتیی لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەو زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێنن، بۆ خۆیان بەشێکن لەو ململانێ سیاسییەی لە کوردستاندا هەیە، لە دۆخێکی وادا زەحمەتە ئەو بەڕێزانە بتوانن بێلایەنیی خۆیان بپارێزن و من پێم وایە، نەیانتوانیوە، چونکە دواجار هەرشکستێکی حکومەت، یان زۆرینەی پەرلەمان، واتە شکستی حیزبەکانی ئەوان و بە دڵنیاییەوە، هەرسکردنی ئەمە ئەستەمە، بەڵگەی زۆر هەیە کە بێلایەنیی دەستەی سەرۆکایەتیی دەخاتە ژێر گومانەوە، بۆ نموونە، زۆرجار ئۆپۆزسیۆن چ لەناو هۆڵی پەرلەمان و چ لە دەرەوە، رەخنەی ئەوە دەگرن کە

**لێرەدا بۆئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا خۆی بگونجێنێت، پێویستە هەوڵی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆکەی بدات**

پرۆژەیاساکانیان ناخرێنە بەرنامەی کارەوە، یان چەندین جار ئۆپۆزسیۆن داوای کردووە کە چەند پرسێکی گرنگی وەکو تیرۆری رۆژنامەنووسان و پرسی بەقاچاخبردنی نەوت و زۆر دۆسیەی تری گرنگ، بخرێنە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانەوە، بەڵام سەرۆکایەتیی ئەو داواکارییانەی ئۆپۆزسیونی پشتگوێخستووە.

هەر بۆیە لە زۆر وڵاتدا بۆ رێگریی لە خراپ بەکارهێنانی، یاخود بۆ دانانی باشترین و پێویستترین بابەت لە بەرنامەی کاردا، دەسەڵاتی دانانی دراوە بە دەستەیەکی فراوانتر.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراقداو لە مادەکانی (٩ و٣٧)دا، دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کاری سپاردووە بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند، ئەمە بۆ ئەنجومەنی شورای وڵاتی سعودیەش وایە، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی ئومەی وڵاتی جەزائیردا، دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کار بە شێوەیەکی وردتر رێکخراوە بۆ دوو بەشی سەرەکیی، یەکەم: (خشتەی کاری خولی گرێدان)، دووەم: (بەرنامەی کاری دانیشتنەکان)، لە مادەی(٤٧)دا دانانی خشتەی کاری خولی گرێداندا، هاتووە کە دادەنرێت لەلایەن (دەستەی سەرۆکەکان) ەوە، کە سەرۆکی ئەنجومەنی ئومەو پێنج ئەندامی سەر بە فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکان لەخۆدەگرێت کە پرۆژەیاسا، یاخود هەر پرسێکی گرنگ کە بە پێویست بزانرێت، دەشێت لە خشتەی کاری خولی گرێدان دیاریی بکرێت و ئەم دەستەیە (١٥ رۆژ جارێک یاخود بە بانگێشتی سەرۆکی ئەنجومەن کۆدەبێتەوەو کۆنووسی دانیشتنەکانی بە لایەنی کەمەوە پێش (٧٢) کاتژمێر بەسەر ئەندامانی ئەنجومەندا دابەش دەکرێت، دیارە بابەتەکانی ناو خشتەی کاری خولی گرێدان، رێگر نییە لەوەی کە هەر بابەتێکی تری پێویست و کتوپڕ بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانەوە، هەر بۆیە لە مادەی (٤٨)دا دەستەیەکی دیکە بە ناوی (دەستەی تەنسیق) هەڵدەسێت بە دانانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و ئەم دەستەیەش پێکدێت لە دەستەی سەرۆکەکان کە پێشتر ئاماژەمان پێداو هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنەکان (مجموعە)ی ناو پەرلەمان، لێرەدا دەبینین لە ئەنجومەنی ئومەی جەزائیردا، هەریەک لە سەرۆکی ئەنجومەن و پێنج ئەندامی سەر بە فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، رۆڵیان هەیە لە دانانی بەرنامەی کاری ئەنجومەندا.

لەم رووەوەو بۆ بەشداریکردنی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە دانانی بەرنامەی کاردا، دەکرێت بە هەندێک گۆڕانکارییەوە سوود لە پەیڕەوی ناخۆی ئەنجومەنی ئومەی وڵاتی جەزائیر وەربگیرێت، بە تایبەت زۆر پێویستە پەرلەمانی کوردستان خشتەی کاری خولی گرێدانی هەبێت و لەو خشتەیەدا ئەو پرۆژەیاسایانە بخاتەڕوو کە دەشێت لە خولی گرێداندا کە چوار مانگە، گفتوگۆیان لە بارەوە بکات و دەتوانرێت ئەو خشتەیە لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی کەسانی پسپۆڕ و رێکخراوەکان و هەر لایەنێکی تر پێش گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاساکان خوێندنەوەو سەرنج و پێشنیازیان هەبێت، بەمەش دەتوانرێت راستەوخۆ بەشداریی بە خەڵک بکرێت لە دەوڵەمەندکردن و دانانی یاساکاندا.

لێرەدا بۆئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا خۆی بگونجێنێت، پێویستە هەوڵی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆکەی بدات و لەمڕووەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیاری یەکەمە، چونکە دواجار هەر پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، تا ئەو کاتەی ئۆکەی ئەوانی لە سەر نەبێت، ناخرێتە بەرنامەی کارەوە.

# چۆن چاكسازیی لە پەرلەم

پەرلەمانی كوردستان یەكەمین دامەزراوەی یاسایی‌و تەشریعی هەرێمی كوردستانە.
ئەم دامەزراوەیە كە ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵەو سێ خولی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە بە رای شارەزایان‌و چاودێران پێویستی بە چاكسازیی‌و گۆرانكارییە.
(رۆژنامە) بۆ ئەو مەبەستە دۆسیەیەكی لەم بارەیەوە كردووەتەوەو چاوەروانی بۆچوونی جدیی‌و رەخنەگرانەی كەسانی شارەزاو چاودێران‌و پەرلەمانتارانە، كە بە تێروانینەكانیان دۆسیەكە دەوڵەمەند بكەن.
دۆسیەكە تیشك دەخاتە سەر ئەم بوارانەی كاری دامەزراوەی پەرلەمان:
١- سیستمی بەرێوەبردنی كارەكانی پەرلەمان (پەیرەوە ناوخۆییەكەی).
٢- كەسایەتی ئەندام پەرلەمان.
٣- بودجەی ساڵانەی پەرلەمان‌و مووچەی پەرلەمانتاران‌و خانەنشینكردنی سەدان پەرلەمانتار.
٤- پێكهێنانی هێزێكی بێلایەن بۆ پاسەوانیكردنی دامەزراوەی پەرلەمان.

ئامادەكردنی دۆسیە: سەنگەر جەمال

## یاساشكێنیی

دلێر عەبدولخالق



زۆرینەی پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان، بێدەنگن لە ئاست پووكانەوەو نادیدەگرتنی یاساكانیان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە.

ئـەم دۆخـە لـە كاتێكدایە، یاساناسان جەختدەكەنەوە «یاسا گوزارشت لە ئیرادەی كۆمەڵ دەكـات». گرنگیبوونیشی پێدەچێت لە نەبوونیدا بەرجەستە بێت، كە لانیكەم پەیوەندیی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ پەرتەوازە دەكات، بەها مرۆییەكان كاڵدەكاتەوە، تاكەكان دەستەوەستان دەكـات لە بەئاكامگەیشتنی پرۆژەكانیان لە بەدیهێنانی داخوازییەكانیان، لە بەریەككەوتنی ئازادییەكانیان. واتـە لە كورتترین ئاماژەدا وێنەی كۆمەڵگایەكی لەبەریەك هەڵوەشاو و بێ سەرپەرشت دێتە بوون.

لەو چوارچێوەیەو بۆ یەكگرتنی كۆمەڵایەتی‌و پەرتەوازە نەبوونی پێكهاتەكانی كۆمەڵ، پەرلەمان وەك دامەزراوەیەكی باڵای یاسادانان لەپێناو رێكخستنی كایەكانی ژیان، پەیوەندییەكانی نێوان دەسەڵات‌و خەڵك، دەسەڵات‌و تایپەكانی لەناو خۆیدا، خەڵك‌و خەڵك، سەرگەرمی رەنگرێژی سیستمی یاساییە.

تەنیا ئـەو كاتەش پەرلەمان دەتوانێت دوو دەسـەڵاتـەكـەی تـرو خەڵك بە بڕیارو مادە یاساییەكانی پەیوەست بكات كە ئاوڕ لە پەرێزی كارەكانی بداتەوە، بەدواداچوون بكات بۆ جێبەجێكردنی یاساكانی، پێش ئەوەی خۆی وەكو باشترین كارگەی بەرهەمهێنانی یاسا بناسێنێت، لە بویەردا دەریبخات یاساكانی چۆن جێبەجێدەكرێن؟!

لێرەوە مەبەستمانە بڵێین: بوونی پەرلەمان وەك (بوون) بەس نییە، بەڵكو یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) بە روونی ئاماژەی بە ئەركەكانی كردووەو تێیدا هاتووە «لەتەك كاری یاسادانان‌و تێپەڕاندنی بـودجـەی سـاڵانـە، گەورەترین دامەزراوەی چاودێری جێبەجێكردنی یاساكانی‌و كارەكانی حكومەتە»، بەڵام كاتێك واقیع (١٨٠) پلە پێچەوانەی ئـەم یاسایەیە، پەرلەمان‌و پەرلەمانتاران دەبنە هەوێنی دروستبوونی هەزار پرسیاری بێ وەڵام!

بپرسن، پەرلەمان بۆ بێدەنگە لە ئاست جێبەجێنەكردنی:

* یاسای ژمـــارە(١٧)ی ساڵی (١٩٩٣)ی ئەحزاب‌و شەكەتكردنی جەستەی هێزەكانی ناوخۆو پێشمەرگە بە رێكخستنی حیزبیی.

* ســەربــاری یــاســای ژمارەی (٢)ی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، نەگەیشتنی راپۆرتەكان‌و بێباكیی پەرلەمان لە شاردنەوەیان!

* یــاســای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی نەوت‌و گازو بێئاگایی پەرلەمان لە گرێبەستەكان‌و دروستنەكردنی كۆمپانیا نیشتمانییەكان.

* یاسای ژمارە (١٤)ی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی شورای هەرێم‌و دروستنەكردنی دەستەكانی.

* بە دیاریكراویی مادەكانی (٢٠و ٢١و ٢٤)ی یاسای بودجەی (٢٠١٠)، كە تایبەتە بە ناردنی میزانەی تەواوكاری حساباتی نەوت‌و باشكردنی مـووچـەی ئاسایش‌و پێشمەرگەو پۆلیس‌و خانەنشین‌و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

* یـــاســـای ژمـــارە (٣٥)ی (٢٠٠٧)ی رۆژنامەگەریی‌و نەبوونی مافی وەدەستهێنانی زانیاریی.

* یاسای سەرۆكایەتی هەرێم‌و بێ جێگریی سەرۆك، دوای (١٦) مانگ لە هەڵبژاردن.

*یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم‌و نادیاریی چارەنووسی ئەو هەڵبژاردنە.

* پەیڕەوی ناوخۆو پشتگوێخستنی مەبدەئی عەلەنییەت‌و كلۆمدانی دەرگاكانی پەرلەمان بە رووی راگەیاندندا. لەبەرچاو نەگرتنی مادەكانی(٧١و ٧٢)ی تایبەت بە ریزبەندیی زەمەنی ناردنی پـرۆژە یاساكان، نەبوونی پاسەوانی تایبەت بە پەرلەمان‌و وەك لە مادەكانی (٩٠و ٩١)ی جەختی لێكراوەتەوە.

* بـڕیـاری ژمـــارەی (١)ی سـاڵـی (٢٠٠٥) پەرلەمانی كوردستان وەك تاكە مەرجەعی سیاسیی‌و دەستووریی لە پرسە چارەنووسسازەكانی خەڵكی كوردستان دەناسێنێت، بەڵام سەودا سیاسییەكەی كورد لە پێكهێنانی حكومەتی عێراقدا دەریخست پارتی‌و یەكێتی رۆڵی مەرجەعیەتەكە دەگێڕن.

ئەم دۆخە بەرلەوەی پرسیار لە هەیبەتی پەرلەمان بكات، حكومەت‌و پەرلەمانتاران دەخاتە بەردەم دوو حاڵەتی نەخوازراو:

- بۆ حكومەت كە یاساكان جێبەجێناكات، مانای رێزنەگرتنە لە ئیرادەی ئەو دوو ملیۆن دەنـگـدەرەی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) پەرلەمانی دروستكردو پێگە جیاوازەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردنی بە «ئەوان» بەخشی!

- بۆ پەرلەمانتارانیش:

یەكەم: مانای رێز نــەگرتنی ئەو (١٩) هەزار دەنگدەرەیە، بە دنیایەك هیواو متمانەو ئامانجەوە «ئەوی» وەك نوێنەری خۆی هەڵبژاردووە تـــا چاودێریی كارەكانی حكومەت‌و لە بودجەدا شەڕ لەسەر باشكردنی بژێویی چین‌و توێژەكان بكات‌و بەگوێرەی گۆڕانی زەمەنیش یاسای لەبارتر بۆ پێشڤەچوونی كایەكانی ژیان فەراهەم بكات.

دووەم: مانای لاوازیی ئیرادەی سیاسیی‌و یاساییە، كە ئەندامەكانی دامەزراوەی یاسادانان ناتوانن لەبەردەم هەژموونی حیزب‌و حكومەت بەرگریی لە یاساكانیان بكەن.

پەیوەست بەم حاڵەتە، ئەندامێكی لیژنەی یاسایی بە نیگەرانییەوە پێیوتم: «یاساكان بە شەونخونیی دێنە بەرهەم، بەڵام كاتێك جێبەجێ ناكرێن ئەگەر وشەكانی بە ئاڵتونیش نووسرابێت، جگە لە مەرەكەبی سەر كاغەز هیچی تر نین!».

ئەم دۆخە بەرلەوەی پرسیار لە هەیبەتی پەرلەمان بكات، حكومەت‌و پەرلەمانتاران دەخاتە بەردەم دوو حاڵەتی نەخوازراو

## د. بەختیار باڵەكی، پسپۆڕ لە كاری پەرلەمانیدا:

# ئەگەر حیزبەكان لە پەرلەمان هەوڵی
# دەستكەوتەكانی خەڵك نەدەن، تووشی



دانیشتنێكی پەرلەمانی كوردستان

**د. بەختیار غەفور باڵەكی، پسپۆڕ لە كاری پەرلەمانیی‌و مامۆستا لە كۆلیژی یاساو رامیاریی زانكۆی سەلاحەدین، لەم بەشەی دۆسیەكەدا بیروبۆچوونەكانی دەخاتەڕوو.**

**رۆژنامە: هۆكار چییە كە تا ئێستا ئەدای پەرلەمانی كوردستان، وەكو پێویست نییە؟**

* ئـەگـەر تـەمـاشـای كـاری پەرلەمانیی بكەین‌و بەراوردێـك لە نێوان ئێستاو چەند ساڵێك لەمەوبەر بكەین، ئەوا بێگومان گۆڕانكارییەكی بـەرچـاو دەبینرێت لە نـێـوان ئەم قۆناغانەدا، هەربۆیە دەبینرێت كە لەهەر قۆناغێكدا چەندین بەرەوپێشچوون‌و لەهەمانكاتدا چەندین ئاستەنگ هەن‌و ئەم ئاستەنگانە وادەكەن كە بەردەوام مرۆڤ رازی نەبێت لە كارەكانی. بوونی چەندین بەربەستی رۆشنبیریی‌و سیاسیی‌و كلتووریی‌و ئابووریی، وایانكردووە كە كاری پەرلەمانیی لە وڵاتەكەمان‌و تەواوی ناوچەكە لە ئاست داخوازییەكانمان نەبێت، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین كە هۆكارەكان دیاریكراو نین‌و لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی دیكە دەگۆڕدرێن بەپێی گۆڕانكارییەكان.

**رۆژنامە: پەرلەمان سێ وەزیفەی سەرەكی هەیە، ئایا توانیویەتی جێبەجێیان بكات؟**

* هەروەكو ئاشكرایە، پەرلەمان چەندین وەزیـفـەی هـەیـە، هــەر لە وەزیـفـەی یـاسـادانـان‌و وەزیـفـەی دارایی‌و چاودێریكردنی دامودەزگاكانی حكومیی‌و سـەربـەخـۆو وەزیـفـەی رێكخستنی كاروبارەكانی ناوخۆی خــۆی هــەیــە، جیا لــە وەزیــفــەی دادگەریی‌و راوێژكردن‌و پەسەندكردنی دامەزراندنی پلە تایبەتییەكان، بۆیە ناتوانین بە گشتگیریی وەڵام بدەینەوە، بە بەڵێ، یان نەخێر، چونكە پەرلەمان لە هەندێك كاریدا تارادەیەك سەركەوتوو بووەو لە هەندێكی دیكەدا وەكو پێویست نەبووە، هۆكاری ئەوەش گرێدراوە بە بارودۆخی ناو پەرلەمان، بە تایبەت خودی ئەندامانی پەرلەمان، كە ئایا زیاتر بایەخ بە كام وەزیفە دەدرێت، یان هەموویان بە یەك چاو مامەڵە لەگەڵ ئەم وەزیفانە دەكـەن‌و جیا لەمەش، هەندێكجار پەرلەمانتاران دەیانەوێت پەرە بەگشت وەزیفەكانیان بدەن، بەڵام لەوانەیە هۆكاری دەرەكی ببنە بەربەست لە بەردەم ئەم ویستەیان. جێبەجێكردنی وەزیفەكانی پەرلەمان، گـرێـدراوە بەچەندین بارودۆخی هەمەلایەنەوە، تا بتوانێت پیادەی بكات‌و لەم رووەوە پەرلەمان توانیویەتی هەندێك وەزیفەی بەپێی پێویست ئەنجام بـداتو لە هەندێكی دیكە بەربەستی هاتوونەتە پێش‌و وەكو پێویست نەبووە.

**رۆژنـامـە: زۆرتـریـن گرفت‌و ئاستەنگ لـەبـەردەم پەرلەمان‌و ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، پەیڕەوی ناوخۆیە، چ تێبینییەكتان هەیە لەسەر پەیڕەوەكە؟**

* لـەوانـەیـە پـەیـڕەوی ناوخۆ یەكێك بێت لە چەندین گیروگرفت كە پەرلەمانتاران بەدەستییەوە دەناڵێن‌و بێگومان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش بەحوكمی ئەوەی كە زۆر لە كۆنەوە دارێــژراوە، بە چەندین ئاریشەدا تێدەپەڕێت‌و چەندین تێبینی لەسەرە كە ئێستاو لەم دیمانەیەدا ناكرێت هەمووی بخرێتە بەر باس‌و لێكدانەوە، بەڵام پەرلەمانی كوردستان‌و ئەندامە بەرێزەكانی، ئاشنان بەم تێبینییانەو دەكـرێـت بەپێی پێویست‌و ئەگەر ویستیان، تێبینییەكانمان پێشكەش لایەنی پەیوەندار بكەین، تا بتوانین پەیڕەوەكە دەوڵەمەندتر بكرێت.

**رۆژنامە: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەندام پەرلەمان وەك پێویست خاوەن دەسەڵات نییە، ئەوە لەكاتێكدایە كە نوێنەری هەزاران دەنگە؟ تێبینیت لەسەر ئەوە چییە؟**

* ناتوانین بڵێین ئەندام پەرلەمان خاوەن دەسەڵات نییە، چونكە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبن، ئەوا نەك كارەكان بەرێوە ناچن، بەڵكو پەرلەمان تووشی شەلەل دەبێت، هەربۆیەئەندامانی پەرلەمان دەسەڵاتیان هەیە، بەڵام دەبێت بزانرێت چۆن‌و كەی بەكاردەهێنرێت‌و لەم روانگەیەوە، لەوانەیە لە وڵاتی ئێمە رۆشنبیریی پەرلەمانی وەكـو پێویست نەبێت،

پێویستە سەنتەرێكی تایبەت بە بەرزكردنەوەی توانای ئەندامان‌و بڵاوكردنەوەی رۆشنبیریی پەرلەمانیی دابمەزرێت

# وەبەرهێنان لە سلێمانی لە (١٠) مانگی یەکەمی ئەمساڵدا داڕووخاوە

# وەبەرهێنانی سلێمانی: لە (٣٥) رۆژدا (٧٠٧) ملیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە

**راپۆرتی: ئەلەند مەحوی**

بەپێی نوێترین ئاماری پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکانی وەبەرهێنان تا ٢٠١٠/١٠/٣١، سلێمانی بە بڕی (١) ملیارو (٨٣٦) ملیۆن دۆلار لەدوای هەولێرو (٤٢٨) ملیۆن دۆلار لەدوای دهۆکەوە دێت، لە کاتێکدا ساڵی (٢٠٠٨) سلێمانی لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا لەپێش هەولێرو دهۆکەوە بووە.

دەستـەی وەبـەرهـێنـانـی هەرێمی کوردستان لە ئامارێکیدا کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، دەریدەخات؛ کە ساڵی (٢٠٠٦) سلێمانی بە بڕی (٤٣٨) ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە، ساڵی (٢٠٠٧) ئەم پارەیە گەیشتووەتە (١) ملیارو (١٩) ملیۆن دۆلار، ساڵی (٢٠٠٨) لە بەرزترین ئاستدا وەبەرهێنان لە سلێمانی گەیشتووەتە (٢) ملیارو (٨٨) ملیۆن دۆلار، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ئاستی وەبەرهێنان دابەزیوە بۆ (٩٦٧) ملیۆن دۆلار، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، کە لە ساڵی (٢٠١٠)داو تا کۆتایی تشرینی یەکەم لە سەردەمی کابینەی شەشدا ئاستی وەبەرهێنان دابەزیوە بۆ نزمترین ئاست لەماوەی (٤) ساڵی رابردوویدا، کە (١٩٣) ملیۆن دۆلارە، لە کاتێکدا لە تا هەمان بەروار ئاستی وەبەرهێنان لە هەولێر (٢) ملیارو (٢٩) ملیۆن دۆلار بووەو لە دهۆکیش (٦٢١) ملیۆن دۆلار بووە.

پسپۆڕێکی سیاسەتی ئابووریی هۆکاری ئەو داڕووخانەی وەبەرهێنان لە سلێمانی بۆ نەبوونی پلانێکی ستراتیژیی وەبەرهێنان لە سلێمانی دەگەڕێنێتەوە، کە لە لایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی سلێمانی دابڕێژرێتو بە بەرنامە پرۆژەکان بەگەڕ بخرێن.

سەروەر محەمەد عەبدوڵڵا، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی جگە لە نەبوونی پلانی ستراتیژیی، پێیوایە: «نـەتـوانـراوە لە دیاریکردنی بودجەدا رەچاوی ناوچەکانی سلێمانی بکرێت بە بـەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر، چونکە سلێمانی لە سەردەمی بەعسدا زیانی زۆرتـری بـەرکـەوتـووەو پێویستی بە خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە.

ئەم ئامارانەی دەستەی وەبەرهێنان پێچەوانەی ئەو پڕوپاگاندانەن کە بۆ گرنگیدانی کابینەی شەشەم بە پارێزگای سلێمانی دەکرێن، بۆ نموونە گۆڤاری گوڵان لە هەڵسەنگاندنێکیدا بۆ کابینەی شەشەم بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح، لە ژمارە (٧٧٤)یدا ئاماژە بەوە دەکات؛ کە د.بەرهەم دەیەوێت لە رێگەی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەتەوە نفوزی یەکێتی لەو پارێزگایە بەهێز بکاتەوە، کە بەهۆی سەرهەڵدانی بـزووتـنـەوەی گۆڕانەوە رووی لە لاوازیـی کـردبـوو، سەرۆکی حکومەتیش لە زۆر بۆنەو دیداردا ئاماژەی بەوە کردووە؛ کە ئەو «کوڕی سلێمانییەو دەیەوێت خزمەتی ئەم شارە بکات».

بە بڕوای سەروەر محەمەد، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی داڕووخانی ئابووریی لە سلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکەتولاتەی لە ناوخۆی یەکێتی لە کۆنو یەکێتی لە ئێستادا هەیە، کە هێزی دەسەڵادارن لەم پارێزگایەدا، جگە لـەوەی ئۆپۆزسیۆن لە سلێمانیدا لەوپەڕی بەهێزیدایە، بەم هۆیانەشەوە گرژیی سیاسیی زیاتر روودەداتو کاریگەریی سلبی لەسەر بواری ئابووریی بەجێهێشتووە.

ئـامـارەکـەی دەسـتـەی وەبەرهێنان ئـەوەش دەخاتە روو: کە زۆربـەی ئەو وەبەرهێنەرانەی لە پارێزگای سلێمانیدا سەرمایەکانیان بەگەڕخستووە، خۆماڵیی بـوونو وەبەرهێنەری بیانیش بە پلەی دووەم دێـتو وەبەرهێنەری هاوبەشی بیانییو ناوخۆیش بە پلەی سێیەم دێت.

ئەگەرچی لە ئێستادا ئاماری دوو مانگی کۆتایی ئەمساڵ لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەرپرسانی وەبەرهێنان لە سلێمانی ئاشکرای دەکەن؛ کە لە کۆتایی ئەمساڵدا ئاستی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە، بە شێوەیەک کە پێشبینی دەکرێت پێش هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک بکەوێت.

بەڕێوەبەرێتی گشتیی وەبەرهێنان/ سلێمانی لە روونکردنەوەیەکیاندا کە لەم لاپەڕەیەی رۆژنـامـەدا بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرای دەکات؛ کە سەرمایەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی لە کابینەی شەشەمدا بـەو مۆڵەتانەی کە بەخشراونو بەو زیادکردنانەی کە لە سەرمایەی پرۆژەکاندا ئەنجامدراون هەتا ٢٠١٠/١٢/٥، زیاترە لە (٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دۆلار، ئەمەش دەریدەخات کە تەنیا لە تشرینی دووەمی ئەمساڵو (٥) رۆژی یەکەمی ئەم مانگەدا ئاستی وەبەرهێنان لە سلێمانی (٧٠٧) ملیۆن دۆلار چووەتە سـەرەوەو پێش پارێزگای دهۆک کەوتووەتەوە.

لای خۆیەوە حەمەسەعید حەمەعەلی، سەرۆکی لیژنەی ئـاوەدانـکـردنـەوە لە پەرلەمانی کـوردسـتـان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرزبوونەوەو دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لەهەر پارێزگایەکدا پەیوەستە بەو کارئاسانییەی کە ئیدارەی ئەو پارێزگایە بۆ وەبەرهێنەرانی دەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر کارئاسانیش نەکەن بۆ وەبەرهێنەران، رووبەڕووی لێپرسینەوە دەبنەوە.

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بۆ رۆژنامە وتـی: «لەئێستادا لیژنەکەمان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە پرۆژەکانی وەبـەرهـێـنـانو راپۆرتێکمان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانییەوە لەسەر سێکتەری نیشتەجێبوون پێگەیشتووەو داواشمانکردووە راپۆرتێکی ترمان لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی وەبەرهێنان بۆ ئامادە بکەن».

بەپێی زانیاریەکانی رۆژنامە، لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان داوای روونکردنەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی کـردووە لەسەر بڕی ئەو پارەیەی لە سندوقی نیشتەجێبوون بۆ پارێزگای سلێمانی ماوەتەوە، جگە لەوەی تێبینییان هەبووە لەسەر کاتی تەواوکردنی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونو گرێبەستی کۆمپانیاکانو کاتی دەستبەکاربوونیان.

> سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە: بەرزبونەوەو دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لەهەر پارێزگایەکدا پەیوەستە بەو کارئاسانیەی کە ئیدارەی ئەو پارێزگایە بۆ وەبەرهێنەرانی دەکەن







## روونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانییەوە

**بۆ/ هەفتەنامەی (رۆژنامە)**
**بابەت/ روونکردنەوە**

ئـامـاژە بـە مـانـشـێـتو بابەتی بڵاوکراوەتان لەژێر ناونیشانی: (لە سەردەمی کابینەی شەشەمدا وەبەرهێنان لە پاریزگای سلیمانی داڕووخـاوە) لە ژمارە (٦١٠)ی ٢٠١٠/١١/٣٠، کە وێڕای خۆشحالیمان بەوەی کە رۆژنامەکان بە شێوەیەکی گشتیی بە دواداچوون بکەن بۆ ئـەدای دامودەزگاکانی حکومەتو پەنجە بخەنە سەر خاڵە لاوازەکـان، لە هەمان کاتدا بە پێویستمان زانی، کە ئەم روونکردنەوانە بخەینە بەردەم بەڕێزتانو گشت خوینەرانی بەڕیز:

١. کـابـیـنـەی شـەشـەم کـار بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکات، هەرگیز جیاوازیی نەکردووە لەنێوان پارێزگایەکو پارێزگایەکی تردا.

٢. ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لە لایەن بەڕێز (ئەلەند مەحوی) ئامادە کراوە، شێوە پەلەکردنێکی تیادایە، کە حوکمی لەسەر ژمـارەو ساڵێک داوە کە نە ژمارەکەو نە ساڵەکە کۆتایی نەهاتووە، بەڕێزیان هاتوون بەراوردیان کردووە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٨، ٢٠٠٩) لەگەڵ (٢٠١٠)، کە زانیارییەکانی خشتەکە بەرواری ٢٠١٠/١٠/٣١ی لەخۆ گرتووە، بە واتایەکی تر ئەو پرۆژانەی کە لە مانگی (١١و ١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ مۆڵەتیان وەرگرتووە، یان مۆڵەت وەردەگرن، هیچ ئاماژەیەکیان پێ نـەدراوە، کە ئەمەش لێکۆڵینەوەکەی نووسەر دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

٣. پێمان باشتر بوو کە نووسەری بەڕێز پێش ئـەوەی کە ئەو بابەتەی بخستایەتە سەر رۆژنامەکان، سەردانێکی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکەمانی بکردایە بـۆ ئـەوەی لـە راسـتـیو دروسـتـی ئـەو زانیارییانەی کە دایبـەزانـدووە، بـکـۆڵـیـایـەتـەوە، دواتـر بابەتەکەی بڵاوکردایەتەوە.

٤. بەم روونکردنەوەیە نووسەری بـەڕێـزو گشت خـوێـنـەران ئـاگـادار دەکەینەوە کە سەرمایەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی لە کابینەی شەشەمدا بەو مۆڵەتانەی کە بەخشراونو بەو زیـادکـردنـانـەی کـە لـە سـەرمـایـەی پرۆژەکاندا ئەنجامدراون، هەتا بەرواری نووسینی ئەم روونکردنەوەیە زیاترە لە (٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، کە بە بەڵگەو دۆکیۆمێنت ئامادەی سەلماندنی ئەو راستییەین.

٥. لە مانگی (١٢)ی ئەمساڵیشدا پلانی فەرمانگەکەمان ئەوەیە، کە مۆڵەت بدرێت بە چەند پرۆژەیەکی تری گرنگ، کە سەرمایەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی زۆر زیاتر دەکات لەوەی کە ئێستا تۆمار کراوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو روونکردنەوانەی سەرەوە هیوادارین لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵو راپۆرتانەدا، بۆ ئەوەی هەواڵەکە زۆر زانستییو راست بێت، راو سەرنجی فەرمانگەکەمان وەربگیرێت، ئەگەر بمانەوێت خزمەت بە شارو پرۆسەی وەبەرهێنان لە شارەکەماندا بکەین.

**بەریوەبەرێتی گشتیی**
**وەبەرهێنانی سلێمانی**

«یەکێتیی مامۆستایان» لەدەستی دوو حیزبەکە دەرهێنرا 16

## ڕاڤەی بودجە

# ڕێکخراوەکان و بەهەدەردان

**عەلی حەمەساڵح**

یەکێک لە سیما ڕەنگینەکانی هەر دەسەڵاتێک کە بانگەشەی دیموکراتی بکات، پشتیوانیکردنی ڕێکخراوی ناحکومییە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دونیای نوێدا هەوێنی پێشکەوتنی کۆمەڵگەن و هاوکارێکی بەهێزن بۆ پێشکەوتنی دیموکراتیەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر لە هەموو بوارە ژیارییەکاندا.

لە مـــاوەی ساڵانی ڕابـــردوودا، بە پشتیوانی حیزب و کەسانی ناو حیزب دەیان سەنتەر و ڕێکخراو لە کوردستاندا کرانەوەو بەشێکی ئەم سەنتەرانە ڕۆڵی بارەگا حیزبییەکانیان دەبینی و لە پێناو بەرژەوەندیی حیزبەکەیاندا کاریان دەکرد، هەندێکیشیان نە لە پێناوی حیزبەکەو نە لە پێناوی کاری ڕێکخراوەیشدا هیچ کارێکییان نەکردووەو وەک «مشەخۆرێک» مانگانە بودجەیەکی شیاویان لە حکومەت وەرگرتووەو بەسەر چەند کەسێکدا دابەش دەکرا، چۆن؟

بەپێی ئامارێکی فەرمیی، کە لە ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە، لەم هەرێمە سێ شارییەدا، مانگانە (٤٢٦) ڕێکخراو و سەنتەر ملیارێک و (٤٥٦) ملیۆن دینار وەردەگرن، ئەگەرچی ئەم ژمارەیە دروست نییەو دروستکەی لە خوارەوە دەخەمە ڕوو، بەڵام ئەو دۆخەی کە ئێستا لە کوردستاندا دەیبینین بەرهەمی کاری ئەم (٤٥٦) ڕێکخراوە بێت، ئایا جیاوازیی نێوان بوون و نەبوونیان چییە؟

گومان لەوەدا نییە چەند ڕێکخراوێکی چالاک لە کوردستاندا هەن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و کاری جدیی دەکەن و شوێندەستیان دیارە، بەڵام لە زانستی ئابووریدا هاوکێشەیەک هەیە.. کاتێک مرۆڤ بڕیاری خەرجکردنی بڕێک پارە دەدات هەڵسەنگاندنێک لەنێوان بڕە پارەی خەرجکراو و سوودی ئەو شتەدا دەکات کە پارەکەی بۆ خەرج دەکات، ئەگەر سوودی شتی پارە بۆ خەرجکراو زیاتر نەبێت، ئەوا پێداچوونەوە دەکات تاوەکو دەگاتە بڕیارێک کە ئەو پارەیەی بۆ ئەو شتە خەرجکراوە، یان کەرەستە خەرجی دەکات لە هەر بوارێکی دیکەدا خەرج بکرایە، ئەوەندە سوودی نەدەبوو، بەڵام لە خەرجکردنی پارە بۆ ڕێکخراوەکان تەواو پێچەوانەی ئەمە ڕوویداوە.

ئەوەی لە کوردستاندا بە ناوی ڕێکخراوەکانەوە بە چەند کەسێک دەدرێت، بڕێکی ئەوەندە زۆرە کە مرۆڤ تووشی شۆک دەکات، ناچاری ئەوەمان دەکات کە پرسیاری ئەوە بکەین ئەم حکومەتە کێ بەڕێوەی دەبات، چۆن؟

تەنیا ساڵی ڕابـردوو وەردەگـرم، ئەو بڕە پارەیەی دراوەتە ڕێکخراوەکان، بەشێکە لە بودجەی بەکاربردن و لە بودجەی بەکاربردنیشدا لەنێو خانەی مینحە (بەخشین) جێی کراوەتەوە، ساڵی ڕابردوو (٣٦٨) ملیۆن دۆلار، واتە (٣٦) هەزارو (٨٨) دەفتەر دراوەتە بەخشین (لە ئایندەدا قسە لەسەر ئەمە دەکەم) لەنێو ئەم بڕە پارەیەدا (١٣١) ملیۆن (٢٦٤) هەزار دۆلار، کە (١٣) هەزارو (١٢٦) دەفتەر دۆلار دەکات، دراوەتە ڕێکخراوەکان، کام ڕێکخراو؟

بۆ ڕێکخراوە زانستییەکان (**المنظمات العلمية**) (٩) ملیارو (٣٠٩) ملیۆن دینار خەرجکراوە، بە ڕاست ئەم ڕێکخراوەکانە ئەوەندە کاران لەم بوارەدە، کە پارەی دروستکردنی (٦) قوتابخانەیان بۆ خەرجکراوە، ڕەوشی زانست لەم مەملەکەتەی ئێمەدا بۆ وایە؟

(١٩) ملیارو (٨١٢) ملیۆن دینار بۆ ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی (**المنظمات الثقافية**) خەرجکراوە، باشە ئەم ڕێکخراوانە دەبێت ئاستی ڕۆشنبیریی کێیان بەرز کردبێتەوە؟

ئــەوەی لە هەمووی سەیرترەو جێگەی لەسەر وەستان و بەدواداچوونە، ساڵی ڕابردوو (١٢٦) ملیارو (٣٩٥) ملیۆن دینار دراوەتــە ڕێکخراوی دیکە (**المنظمات اخرى**)، لە کوێی دونیادا هەیە پارەی دروستکردنی(٨٠) قوتابخانە بدرێتە ڕێکخراوێک، کە ڕۆشنبیریی و زانستی نەبێت و پێناسەیان نەبێت و پێناسەی دیکەیان بۆ دابتاشرێت؟

گومانم نییە لەوەدا بەشێکی زۆری ئەم پارەیە چووەتە باخەڵی کەسانێکەوە، کە حیزبین، یاخود لە پێناوی حیزبدا پێیاندراوەو سێبەری حیزبن، ئایا ڕێکخراوەکان ساڵی ڕابردوو لە بەرامبەر خەرجکردنی (١٥٧) ملیارو (٥١٧) ملیۆن دیناردا چییان بەخشیوە بەم کۆمەڵگایە؟!، بەم پارە (١٠٠) قوتابخانەی (١٨) پۆلیی دروستدەکرێت، ئایا هێندەی بوونی (١٠٠) قوتابخانە سوودیان هەبووە؟ ئەو پارەیەی لە ساڵی ڕابردوودا دراوەتە ڕێکخراوەکان، زیاترە لە دوو ئەوەندەی ئەو پارەیەی بۆ پرۆژەکانی وەزارەتــی پــەروەردە خەرجکراوە بە بینای قوتابخانەو بەڕێوەبەرێتییەکانی پەروەردەو سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی ئەم وەزارەتە.

ئایا بەهەدەردانی ئەم پارەیە جیاوازیی چییە لەگەڵ ئەو پارەیەی کە مانگانە یەکێتی و پارتی لە بودجەی گشتیی بۆ خۆیان دەیانبرد، ئەگەر جیاوازیی نییە بۆ ئۆپۆزسیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان و پەرلەمانتارەکانیان وەک پارەکەی یەکێتی و پارتی لێی بە دەنگ نایەن؟!

ئەوەی گرنگە، لە ئێستادا پرۆژەیاسایەک هەیە بۆ ڕێکخستنی کـاری ڕێکخراوەیی لە کوردستاندا، لە پێناوی پێشخستنی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان و بەهەدەرنەدانی سامانی گشتییدا دوو خاڵ گرنگە لەم پرۆژەیەدا بچەسپێت، ئەوانیش: دامەزراندنی ڕێکخراوەکان بە تۆمارکردن بێت و پێدانی هاوکاریی بە ڕێکخراوەکانیش لەسەر بنەمای ئەو پرۆژانەبێت کە دەیکەن، واتە پارە بۆ پرۆژەکان خەرج بکرێت و ئەویش لیژنەیەکی شارەزا بێلایەنانە سەرپەرشتی ئەم کارە بکات، نەک وەک ئەوەی کە ئێستا هەیەو مانگانە بدرێتە ئەم ڕێکخراوانەو نەزانرێت چی کارێکیان کردووە لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەم پارەیەدا، بە ڕەچاوکردنی پێدانی هاوکاریی لە بەرامبەر پرۆژە، بە دڵنیاییەوە بڕە پارەیەکی باش کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهەدەر چووە، بۆ ئایندە لە خزمەتی گشتیدا خەرج دەکرێت.

## حکومەت، هاوڵاتییان لە ڕوونەدانی گرانیی، دڵنیا دەکاتەوە

# باران، ئاردی گران کرد

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

**نرخی خواردن، بەتایبەت ئارد لە بازارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات و وەزارەتی بازرگانیش هاوڵاتییان دڵنیادەکاتەوە کە ئەگەر وشکەسالیش ڕوووبدات، نابێتە هۆی نەبوونی خۆراک و تا (٤)ساڵی تر خۆراکی بایەعی بەردەوام دەبێت.**

بەهۆی دواکەوتنی باران لەکاتی سروشتیی خۆیدا (سەرەتای مانگی ١١ی هەموو ساڵێک)، هاوڵاتییان ترسی وشکەساڵییان لێنیشتووەو بەو هۆیەوە بازرگانەکان نرخی خواردەمەنی، بەتایبەت ئاردیان لەبازاڕدا بەرزکردووەتەوە.

خاوەن نانەواخانەیەک لە سلێمانی، بەرزبوونەوەی نرخی گەڕاندنەوە بۆ باران نەبارین و بە ڕۆژنامەی وت: لەدوای جەژنەوە، نرخی ئارد بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووەو کاری لە ئیشەکەیان کردووە.

نرخی فەردەی (٥٠)کیلۆیی ئاردی هـــاوردەی تورکیا لە جۆرەکانی (پەروانەو شێر) لە (٢٧)هەزار دینار بۆ (٣٢)هەزار دینار بەرزبوونەتەوە، ئاردی (زین) لە (٢٠)هەزار دینارەوە بۆ (٢٩)هەزار دینار بەرزبووەتەوە، ئاردی بایەعیش لە (١٢)هـــەزارەوە بووەتە (١٨)هەزار دینار.

خاوەنی نانەواخانەکە، وتیشی: «ئــەگــەر وابــڕوات، یــان دەبێت دووکـانـەکـەمـان دابـخـەیـن، یان قەبارەی نانەکە بچووک بکەینەوە، یاخود نرخەکەی زیاد بکەین، ئەگەر هەربەردەوامیش بێت، دووکانەکەم دادەخەم».

لەوبارەیەوە عەزیز ئیبراهیم، لە دیوانی وەزارەتــی پیشەسازیی و بازرگانیی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەشەخۆراکی هاوڵاتییان تا (٢٠١٥) هەر بەردەوام دەبـێـت و نزیکەی (٥٠٠)هـــەزار تەن گەنمی ناوخۆیی لە جوتیاران وەرگـیـراوەتـەوەو پاشەکەوتێکی باشی گەنمان هەیەو «هاوڵاتییان دڵنیا دەکـەم، ئەگەر وشکەساڵیش ڕوووبدات، کێشەمان نابێت».

هـــاوکـــات، دارا حـــەســـەن، بەڕێوەبەری کەشناسیی سلێمانی، وتی: هیچ ئاماژەیەکی زانستی نییە بۆئەوەی وشکەساڵیی ڕوووبدات.

دارا حەسەن، ئاماژەی بەوەدا: دواکەوتنی بارانبارین ئاساییە، چونکە ساڵ هەیە لەسەرەتاوە باران زۆر دەبارێت و لەکۆتایی وەرزی بارانبارینیدا کەمدەکاتەوەو ساڵیش هەیە لەسەرەتاوە درەنـگ باران دەبارێت و لە کۆتاییەکەیدا باران زۆر دەبێت.

وتیشی: تا ڕۆژی(١٢/٢١) باران نەبارێت، بە ئاسایی دادەنرێت.

لەو کاتەدا کە پەیامنێری ڕۆژنامە بە تاکسییەک دەچوو بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، شۆفێرەکە وتی: خەڵک لەترسی وشکەساڵیی، زیاتر کەلوپەلی خواردن دەکڕن و پاشەکەوتی دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە نرخ لە بازاڕدا زۆر زیاد بکات، نەهاتنی بایەعیش ئەوەندەی تر هاوڵاتییانی نیگەران کردووە.

شۆفێرەکە، وتیشی: بە ناوی بـــازاڕی ئـــازادەوە، هــەر کەسە بـە ئـــارەزووی خــۆی یـاریـی بە نرخەکانەوە دەکات.

جـەمـیـل عــەلــی، مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی ئابووریی زانکۆی سلێمانی، چەمکی بـازاڕی ئازادی ڕاستـکـردەوەو وتــی: «ئابووریی بازاڕە، نەک بازاڕی ئازاد»و هاوکات بـە ڕۆژنـامــەی ڕاگـەیـانـد: چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستاندا بڕیاری دیاریکردنی نرخی خۆراک، بڕەخۆراکی مانگانە بــووە، بۆیە وشکەساڵیی کـارنـاکـاتـە سەر بەرزبوونەوەی نرخەکان، چونکە لە ساڵانی ڕابـردوودا وشکەساڵیی هەبووەو نرخەکان بەرزنەبوونەتەوە، بۆیە دەستوەردانی دەرەکیی هۆکاری تری بەرزبوونەوەی نرخە، ئەوانیش خۆی لە بەرهەمهێنەرانی قۆرخکارو ئەوانەی دەتوانن دەست لە سیستمی بڕەخۆراکی مانگانە بدەن.

بازرگانێک کە ئــارد هـــاوردە دەکات بۆ هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە پشت بە ئاردی تورکیاو ئێران دەبەستین، لە گومرکی ئیبراهیم خەلیل (سنووری نێوان تورکیا هەرێمی کوردستان) بۆ هەر تەنێک هاوردەکردنی ئارد، (٥٠)دۆلار گومرک وەردەگیرێت و ئــەوەش هۆکارێکە کە نرخی ئارد بەرزدەکاتەوە.

جەمیل عەلی، لەوبارەیەوە وتی: هیچ پێویست نییە کە حکومەت باج و گومرک لەسەر کاڵا کشتوکاڵییەکان وەربگرێت، لەکاتێکدا بەرهەمە ناوخۆییەکان پێدوایستی بەکاربەر پڕناکەنەوە، وتیشی: لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان خاوەنی پارەی نەختینەی خــۆیــەتــی، لــەســەر چ بنەمایەک باج و گومرگ وەردەگرێت و قورسایی لەسەر هاوڵاتییان زیاد دەکات.

عەزیز ئیبراهیم، لە وەزارەتــی پــیــشــەســازیــی و بــازرگــانــیــی، زیادکردنی نرخەکەی گەڕاندەوە بۆ بازرگانەکان و یاریکردن بە نرخەکانەوە لەلایەن بازرگانەکانەوە، وتیشی: هەفتانە ڕاپۆرتمان بۆ دێت بۆ دیوانی بازرگانیی و نووسراوێکی وەزارەتــی بازرگانیی عێراقیشمان پێگەیشتووە، کە چەندین شاحینە گەنمی هـــاوردەمـــان بـۆ دێــت و کێشەمان نابێت.

غەفور محەمەد، کە شیرینی دروست دەکات، بە ڕۆژنامەی وت: لە ئێستادا بە هۆی گرانیی ئاردەوە لە زەرەردا کاردەکەین و ئەگەر هەر وا بــڕوات، دەبێت دووکانەکەمان دابخەین، وتیشی: دەبوو حکومەت پشتی بــە دەرەوە نەبەستایەو کشتوکاڵی ببووژاندایەتەوە.

هەر لەوبارەیەوە، زانا محەمەد ساڵحی قایقامی قەزای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان لیژنەی بەردەوامیان هەیە بۆ چاودێریکردنی نرخی بازاڕ و لە نوێترین بڕیاریشیاندا، ڕێگە لە نـاردنـەدەرەوەی خۆراکی بـایـەعـی دەگــرن بــۆ دەرەوەی پارێزگای سلێمانی.

قایمقامی سلێمانی، وتیشی: لەماوەی ڕابردوودا، دەست بەسەر (١٠)ئۆتۆمبێلی گــەورەی خۆراکدا گیراوە کە ویستوویانە خۆراک ببەنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

> کەشناسی: وشکەساڵیی ڕوونادات
>
> ***
>
> پسپۆڕێکی ئابووریی: بەرهەمهێنەرانی قۆرخکارو ئەوانەی سیستمی بایەعی ڕێکدەخەن، یاریی بە نرخەکان دەکەن

> قایمقامی سلێمانی: دەست بەسەر (١٠) ئۆتۆمبێلی گەورەی خۆراکدا گیراوە



سلێمانی، شەممەی ڕابردوو، نانەواخانەیەک لەکاتی کارکردن تیایدا

فۆتۆ: ئاکام

## بەیاننامەیەک: سەرۆکی شارەوانی سووکایەتی بە مامۆستایان کردووە

# مامۆستایانی کفری هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن دەکەن

راپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور

دابەشکردنی زەوی بەسەر ژمارەیەکی کەم لە مامۆستایان لە کفریو بێبەشکردنی بەشێکی دیکەیان. نیگەرانییو تووڕەیی مامۆستایانی لێدەکەوێتەوەو هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن دەکەن.

لە بەیاننامەیەکدا ئەو مامۆستایانە نیگەرانیی خۆیان بەرامبەر سەرۆکی شـــارەوانـــیـــی کـــفـری رادەگـــەیـــەنـــن؛ کە «سووکایەتی» پـێـکـردوونو سەرۆکی شارەوانیی کفریش دەڵێت: «وەرگرتنی زەوی بۆ ئەو کەسانەیە کە پێش بەرواری ٢٠٠٦/٦/٨ ناویان بۆ وەرگرتنی زەوی بەرزکراوەتەوە».

مامۆستا قـادر قـەرەداغـی، نوێنەری مامۆستا ناڕازییەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەکو مامۆستایان نیگەرانین لەوەی کە پێدانی زەوی لەسەر بنەمای حیزب حیزبێنە بە هەندێ مامۆستا بدرێت، زۆرینەش لێی بێبەش بکرێن».

وتیشی: «لـە قـەزای کفری چەندین مـامـۆسـتـامـان هـەیـە، کـە تـەمـەنـی لە مامۆستاییدا تەواوکردووە، کەچی تائێستا زەوی وەرنەگرتووە، کە بە هەموو پێوەرێک مافی وەرگرتنی زەوی هەیە، کەچی هەندێک مامۆستای تر لە سەر بنەمای مەنسووبیەت زەوییان پێدەدرێت».

هاشم عەبدوڵلا، یەکێکی تر لە مامۆستانی ناڕازیی داوایکرد؛ کە دابەشکردنی زەوی لە هەر شوێنێک لەسەر بنەمای خاڵ بێتو مافی کەس پێشێل نەکرێت، بۆ رۆژنامە وتی: لێرە سیستمی خاڵ رەچاو نەکراوە. زەوی بە چەند مامۆستایەک دراوە، لە کاتێکدا دەیان مامۆستای لەوان موستەحەقتر لە شارەکەدا هەیە.

مامۆستایان رەخنە لـەوەش دەگـرن، کە دابەشکردنی زەوی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا وەک بەشێک لە بانگەشە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکارهێنراوە.

بە وتەی مامۆستا هاشم: «دابەشکردنی زەوی بەسەر چەند مامۆستایەکدا لە کفری لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستاندا بوو بۆ دوانزەیەمین کۆنگرەی ئەو رێکخراوە، ئەمەش زیاتر لە ریکلامکردنو راکێشانی مامۆستا بۆ بەرژەوەندیی حیزبیی هیچی تر نەبوو، چونکە خزمەتی مامۆستا بەوە دەکرێت کە بەپێی ئیستیحقاق خزمەت بکرێت، نەک لەسەر بنەمای حیزبیی»، هەروەک پێیوایە: «ئەم هەنگاوەی حکومەت زەنگێکە بۆ ئـەوەی کە حیزب هەرگیز لە دەســتـوەردان لە سەرجەم ریکخراوە حکومییو ناحکومییەکان دەست هەڵناگرێت».

نیگە ر ا نییە کا نی
مامۆستایانی قەزای
کـفـری دژ بە
شارەوانیی



شارۆچکەی کفری

فۆتۆ: ئەرشیف

شـارەکـەیـانو بـەرپـرسـانـی حکومەت گەیشتووەتە رادەی هەڵوێستوەرگرتنو مامۆستایەک لە گرووپی ناڕازییەکان جەخت دەکاتەوە؛ کە ئەگەر دابەشکردنی زەوی بەو شێوەیەی ئێستاو دەستوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەتو شارەوانیو مامۆستایان بـەردەوام بێت، هەڵوێست وەردەگرن.

مامۆستا خالید عەبدولکەریم، بە رۆژنامەی وت: «ئەو کارانەمان پێ قبووڵ ناکرێت، کە هەر کەسەو بە میزاجی خۆی، یان حیزبەکەی زەوی بەسەر هەندێک مامۆستادا دابەش بکاتو ئەوانی تریشی لێ بێ بەش بکات، لەکاتێکدا سەدان مامۆستا مەشمولە بە وەرگرتنی زەوی لە کفری بەپێی ئەو بنەمایانەی کە داێراوە، ئەگەر ئەو کارە رێی پێ نەگیرێت، ئەوکات ئێمە وەکو مامۆستایانی کفری هەڵوێست وەردەگرین».

مامۆستایانی قـەزای کفری لـەوەش نیگەرانن، کە بۆ پێدانی یاداشتنامەیەکی نـاڕەزایـەتـی سـەردانـی سەرۆکایەتی شارەوانی قەزاکەیان کـردووە، بەڵام لە لایەن سەرۆکی شارەوانییەوە رووبەڕووی سووکایەتیکردن بوونەتەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی شارەکە لە بەیاننامەیەکدا رایدەگەیەنن: «تەنیا ناوی حەوت کەس دەرچووە بۆ زەوی وەرگرتن لەسەر بنەمای حیزبییو مەنسوبیەت, کاتێک دەستەیەک لە مامۆستایان سکاڵاو یاداشتێک بەرز دەکەنەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو مامۆستایەک کۆپییەکی لە سکاڵاکە دەبات بۆ سەرۆکی شارەوانیو وەریدەگرێت پێش تەواو خوێندنەوەی تورە دەبێتو دەڵێت: «مامۆستایان بەم جۆرە فێڵە دەیانەوێت زەوی وەربگرن، مامۆستا چی کردووە؟ مامۆستا نەخوێندەوارەو دەوام ناکاتو ئیهمالەو چەندین قسەی تر».

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە لەو بەڕێزە دەپرسین؛ کە نازانین چۆن کراوەتە سەرۆک شارەوانی گوایە خزمەت بە خەڵک بکاتو چاو نەترسانە بە دوای مافی خەڵکو بە تایبەت چینی مامۆستایاندا بگەڕێت، نەک تەنیا گوێ بگرێت لەوانەی کە کارەساتیان بۆ مێژوو دروستکردووە».

لە بەیاننامەکەدا داوا لە سەرۆکایەتی هـــەرێـــمو پـــەرلـــەمـــانـــی کـــوردســـتـــانو ئەنجومەنی وەزیرانو سەرجەم رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی کوردستان دەکەن بە پەلە لیژنەیەک پێکبهێنرێتو سەرۆکی شارەوانیی کفری بدرێتە دادگا، ئەگەرنا مامۆستایان لەوە خۆشنابن بەو شێوەیە سووکایەتییان پێ بکرێت.

لەلایەن خۆشیەوە، نـەوزاد محەمەد، سەرۆکی شارەوانیی کفری بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێدانی زەوی بە هاوڵاتییانو مامۆستیانو فەرمانبەران لە قەزای کفری بە بڕیاری ژمـارە (٣١٣٨) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانە، ئێمە هیچ جیاوازییەکمان لەنێوان هیچ کەسێکدا نەکردووە، بەڵکو ئەوەی ناوی بۆ وەرگرتنی زەوی هاتووەتەوە، هەموو ئەو کەسانەن کە پێش بـەرواری ٢٠٠٦/٦/٨ نـاوی بۆ وەرگرتنی زەوی بەرزکراوەتەوەو ئێستا ناویان هاتووەتەوە».

بە وتەی مامۆستایانی کفری؛ ماوەی (١٠) ساڵە زەوی لە قەزای کفری دابەش نەکراوەو ئێستاش لە کۆی زیاتر لە (٣٠٠) مامۆستای قەزاکە، کە بەپێی خاڵ مافی وەرگرتنی زەوییان هەیە، تەنیا (٧) مامۆستایان لە وەرگرتنی زەوی سوودمەند دەبن.

---

# گەرمیان ئیمزا بۆ دکتۆر کۆدەکاتەوە

راپۆرتی: رۆژنامە

کەمیی پزیشکی پسپۆڕ لە ناوچەی گەرمیاندا، رێکخراوەکانی ئەو ناوچەیە ناچار دەکات کە ئیمزای بۆ کۆبکەنەوەو بەرپرسی راگـەیـانـدنـی تەندروستیی گەرمیانیش، دەڵێت: «تا ئێستا، چەندینجار داوای چارەسەری ئەو گرفتەیان کردووە، بەڵام حکومەتی هەرێمو وەزارەتـی تەندروستی، هیچ هەنگاوێکیان نەناوە».

هاوکات، ژمارەیەک لـە رێـکـخـراوەکـانـی گەرمیانیش، بۆ ئەو مـەبـەسـتـە، (٥٠٠٠) واژۆ لە ناوچەکە کۆدەکەنەوەو بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتێکدا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی بکەن.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشخانەکانی نـاوچـەی گـەرمـیـانـدا، (١٠) رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیی لەو ناوچەیە، هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەیان دەستپێکردووە.

لـەوبـارەیـەوە، عـەدنـان قـوربـانـی، وتـەبـێـژی رێـکـخـراوەکـانـی گـەرمـیـان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا، ژمـارەی ئـەو ئیمزایانەی کە بـۆ چـارەسـەری کەمییو نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لـەگـەرمـیـان کـۆمـان کردوونەتەوە، گەیشتوونەتە (٥)هـەزار ئـیـمـزاو لە هـەفـتـەی داهـاتـووشـدا، هاوپێچ لەگەڵ یـاداشـتـێـکـدا کـە زەرورەتـی دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ گەرمیانی تێدا روون دەکەینەوە، دەیدەینە پەرلەمانی کوردستان».

لـە سـنـووری بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی



گەرمیانوگەرمەسێرکەناوچەکانی خانەقینو جەلەولاو قەرەتەپەشی دەکەوێتەسەر، تەنیا (٨)پزیشکی ژنانو (٣)پزیشکی منداڵانو (٢) پزیشکی نەشتەرگەرییو (٢)پزیشکی بەنجو (٢)پزیشکی قوڕگو گوێ هەیە، کە ئەمەش بۆ ئەو ناوچە بەرفراوانە، زۆر کەمەو لە ئێستادا بووەتە یەکێک لە گرفتەکانی تەندروستی لە سنوورەکەدا.

لەبەرامبەردا، ئەرکان محەمەد، بەرپرسی راگـەیـانـدنـی تەندروستیی گەرمیان، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: «لـە سنووری بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی گەرمیانو لە سەرجەم بوارەکاندا پێویستمان بە پزیشکی پسپۆڕ هەیە، بەتایبەت لە بـواری ژنان، منداڵان، قوڕگو گوێ، چاو و نەشتەرگەرییو بەنج».

هەروەک جەختی لەوەش کردەوە کە بۆ ئەو مەبەستە، تا ئێستا چەندینجار بە زارەکیو بەنووسراوی فەرمیش داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزارەتی تەندروستی کردووە، بەڵام هێشتا کێشەکان بەردەوامنو چارەسەر نەکراون، وتیشی: «بۆ ئەمساڵ، بەڵێنمان پێدراوە کە لە دەرچووانی ئەمساڵ، (٦)موقیمان بۆ بنێردرێت کە لە ئێستادا بۆ سنووری بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی گەرمیان پێویستن».

بەڵام وتەبێژی رێکخراوەکانی گەرمیان، وتی: «ئەو پزیشکانەی لە سلێمانییەوە دێنە ناوچەی گەرمیان، بە ئارەزوومەندانەیە، ئەگەر خۆیان نەیانەوێت، نایەن، بۆیە ئێمە لەو یاداشتەدا کە بڕیارە بۆ پەرلەمانی کوردستانی بنێرین، داوا دەکـەیـن کە ئـەو پزیشکانە، میلاکیان بخرێتە سەر تەندروستیی گەرمیان».

عەدنان قوربانی، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە ئەگەر کێشەی کەمیی دکتۆر لە سنووری گەرمیان چارەسەر نەکرێت، بیر لە گرتنەبەری رێگاچارەی تر دەکەنەوەو هەڵوێست وەردەگرن.

# کۆیە بە دەست کێشەی سووتەمەنییەوە دەناڵێنێت

ئاری سابیر، کۆیە

سەرەڕای ئەوەی دەیان بیری نەوت لە سنووری قەزای کۆیەو تەقتەق رۆژانە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، زیاتر لە سێ مانگە کێشەی سووتەمەنی لە سنووری قەزای کۆیە سەریهەڵداوەو نیگەرانیی لە لای هاوڵاتییان دروستکردووە.

جەلال حەمە بایز، شۆفێری تاکسی کە بۆ وەرگرتنی بەشە بەنزینەکەی لە ریزدا وەستابوو، باسی لەوە کرد؛ ماوەی سێ مانگە رۆژانە سەدان شۆفێر لە بەردەم بەنزینخانەکان ریز دەگرن بۆ وەرگرتنی بەنزین.

ئـەو شۆفێرە، وتیشی: «رۆژانــە بە بەرچاوی ئێمەوە سـەدان تانکەر سووتەمەنی لـەژێـر خاکەکەماندا دەردەهێنرێتو هەناردەی دەرەوەی هەرێمی کوردستانو شارەکانی هەرێم دەکرێت، کەچی دانیشتووانی سنووری کۆیە بۆ وەرگرتنی (٣٠) لیتر بەنزین چەند کاتژمێرێک لە ریزدا دەوەستنو دەوامو کارەکانیان بەجێ دەهێڵن».

محەمەد کەمال، یەکێکی تر بوو لەو شۆفێرانەی کە بۆ وەرگرتنی بەشە بەنزینەکەی (٣) کاتژمێر لە ریزدا وەستابوو، باسی لەوە کرد؛ ئەمڕۆ یەک دیناری کار نەکردووەو وتی: «ئەگەر حکومەت ئاوامان لێ بکات، منداڵەکانمان لەبرسان دەمرن».

دوای سـەرهـەڵـدانـی کێشەی سووتەمەنی لە سنووری قەزای کۆیە، بەڕێوەبەرێتی گشتیی دابەشکردنی سووتەمەنی باکـووری عـێـراق لە بەرواری ٢٠١٠/١٠/٢١ نووسراوێکی بـە ژمـــارە (٤٧٨٨) ئـاراسـتـەی پارێزگاری هەولێرو سلێمانیو لایەنە پەیوەندیدارەکانی کـردووەو داوا دەکات لەو بەشە سووتەمەنییەی دێت بۆ سلێمانیو هەولێر (٢,٥٪)ی بدرێت بە قەزای کۆیە، بەڵام تاکو ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە.

چاپوک عومەر، قایمقامی کۆیە سەبارەت بە سەرهەڵدانی کێشەی سووتەمەنیو چارەسەرنەکردنی کێشەی سووتەمەنی لە قەزای کۆیە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ماوەی رابـردوودا قەزای کۆیە لە بێجییەوە بەشی تایبەتی سووتەمەنی هەبوو، جگە لە ناحیەکانی سەر بەو قەزایە، ئێستا ئەو بەشە بڕدراوەو تەنیا بەشی ناحیەکان ماوە دێتەوە کۆگای سووتەمەنی کۆیەو بەسەر بەنزینخانەکانی سنوورەکە دابـەش دەکـرێـتو بـەپـێـی توانا سووتەمەنی دەدرێت بە شۆفێران».

قایمقامی کۆیە، وتیشی: «لە سەرەتای دروستبوونی کێشەکە پەیوەندیم بە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کردووەو سەردانی هەردوو پارێزگاری هەولێرو سلێمانیمان کرد بۆ پێدانی ئەو بەشە سووتەمەنییە، بەڵام ئەوان ئەو بڕیارەیان جێبەجێ نەکردووە، بۆیە کێشەی سووتەمەنی لە قەزای کۆیە چارەسەر نەبووە، بە بەڕێوەبەری گشتیی سووتەمەنی باکووریشم راگـەیـانـد؛ کە ئـەوان بڕیارەکەیان جێبەجێ ناکەن».

سەرهەڵدانی کێشەی سووتەمەنی لە سنووری قەزای کۆیە لە کاتێکدایە، رۆژانـــە زیـاتـر لـە (٣٠٠) تانکەر سووتەمەنی لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق دەردەهێنرێت.

یاسای بەکرێدانی خانووبەرە کێشەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات 18

## هەڵبـــــژاردنی یەکێتـــــیی مامۆستایـــــان



**عەدنان شاسوار***

هەڵبژاردنەکەی یەکێتیی مامۆستایانی کـوردسـتـان بە ئاقارێکی دروستو شارستانی ئامێزدا نەڕۆیشت، یەکێتیی مـامـۆسـتـایـان کە ئەرکی دابینکردنی پێدا و یستییە کا نی هـەڵـبـژاردنـێـکـی روونو کـراوەی بە ئەستۆوە بوو، نەک نەیدەتوانی، بەڵکو نەیویست پرەنسیپ ڕێسای یەکسانی هەل Opportunity Equal بۆ لیستە جیاوازەکان برەخسێنێ، کە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی ئەژمار دەکرێت لە هەڵبژاردندا!

وەک زۆربە بۆی دەچوو، کەموکوڕیی پێش دەستپێکردنی پرۆسەکەو لە کاتی دەنگداندا بەرجەستەبوون، کە خۆیان لە پێشێلکاریی «ڕێکخراو»و دەستوەردانی دەرەکییو لادانی تاکەکەسیدا دەبینییەوە کە لەم شارو لەو مەڵبەندو وێستگەدا، بە بەرچاوی دەنگدەرانو چاودێرەکانەوە ئەنجام دەدران! جیاکردنەوەی دەنگدەرانی ڕاستەقینە واتە مامۆستایان، لە کارمەندەکانی تری پـەروەردەو لە هەموو ئەوانەی ئەم هەڵبژاردنە نەیدەگرتنەوە، بە نەخوێندەوارەکانیشەوە... کارێکی ئاسان بوو، چونکە بەشداربووان بە یەکتر بێگانە نەبوونو زۆریان هاو پۆلو هاو قۆناغ بوونو لە کاتی ئێستاشدا هاوپیشەن، قۆشمەی پێشێلکاریی بەوە گەیشتووە کە کەسێک لە تەک مامۆستایەکدا بووەو ئەمەی دواییان وتوویەتی: «ئـەم کەسە نەخوێندەوارەو دەیـبـەمو دەنگی پـێ دەدەم»، بە ڕاستی ڕووداوێکی پێکەنیناوی گریاناوییە! باسو خواسی پێشێلکارییەکان ڕووەو ئەو ئەنجامانە ڕۆیشتوون، کە خۆی لە دەستدرێژیی یەکێتیی مامۆستایاندا بۆ کەسایەتی مەعنەویی مامۆستاو بۆ لەکەدارکردنی پیشەکەیو نزمکردنی پایە بـەرزە کۆمەڵایەتییەکەیدا دەبینێتەوە!

خۆیان وتەنی؛ هـەژدە ساڵ ئەزموونی کـارکـردنـیـان هـەیـە! ڕاپرسییەکانیانو تەماشاکردنی ئەو دیـدارو گوێگرتن لەو بـەرنـامـانـەی کە لیستە ڕکابەرەکانیان ئەنجامیان دەدا، یەکێتیی مامۆستایانی دڵنیا کردبوو، کە پێگەی ئەم یەکێتییە لەناو مامۆستایاندا لاوازە، یەکێتیی مامۆستایان ئەو شورایەی چینیان دەدی، کە لەنێوان خـۆیـانو مامۆستایاندا هەڵیانچنیبوو و چاکیش دەیانزانی کە خۆیان لە دۆڵێکدانو مامۆستایان لە دۆڵێکی تردان! خۆپارێزییو خۆدزینەوەی لێپرسراوو کاندیدەکانی یەکێتیی مامۆستایان لە بەرنامە فرە - دەنگو فرە - ڕەنگەکانداو قەتیسکردنی ئەم دیدارانە لە کەناڵەکانی سەر بە دەسەڵاتداو لە دووتوێی چاوپێکەوتنی داخراو، ڕتووشکراوو پرسیاری ئاراستەکراودا، ئاماژەی حاشا هەڵنەگرن لە دڵنیابوونی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە دابڕانی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیو لە سەرچاوەی هێزەکەی.

لە هەلومەرجێکی وا خراپدا، تاکە دەرەتانێ کە یەکێتییەکی کـەم بەخشو دابـڕاو لە توێژەکەی پەنای بۆ ببات، پێشێلکارییە، لەم سۆنگەیەوە، جێی سەرسووڕمان نییە، لیستی شارێک لە شارێکی دی ببینرێتەوە، لە پڕێکدا ویستگەی نوێ لێرەو لەوێ بکرێتەوە، مووچەخۆری تری پەروەردەو زانکۆکانو هی تر بە نایاسایی بهێنرێنو حەرامیان بۆ حەڵاڵ بکرێت ... هەمووی بۆ ڕاستکردنەوەی بارێکی زۆر لار کە تەنیا خۆیان لە ئەستۆی خۆیان ناوە!

خۆبادانی ئەم یەکێتییە بە ئەوەوە کە بە بوجەیەکی کەمەوە پرۆسەیەکی وا مەزنی ئەنجامداوە! کۆمەک نەخواستن لە ڕێکخراوە دەستەخۆشکەکانی وەک دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو سەندیکای پارێزەران دیسانەوە جێی تێڕامانە!

* پـــــەروەردەکار

## ئۆپۆزسیۆن، گۆڕانکاریی لە پێکهاتەو کارەکانیدا دەکات

# «یەکێتیی مامۆستایان» لەدەستی دوو حیزبەکە دەرهێنرا



سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢ هەڵبژاردنی مامۆستایان
فۆتۆ: پشتیوان

**ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان، لیستە ڕکابەرەکانی دەسەڵات (٤٣٪)ی دەنگەکانی نوێنەرایەتی کۆنگرەیان بەدەستهێناوە.

لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی (١٢)ی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، دەیان خرووقاتو تەزویراتو کەموکوڕیی ڕوویانداوە، کە تارادەیەک کاریگەریی کردووەتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، مامۆستایانیش دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بە هەنگاوێکی گرنگ وەسفدەکەن بۆ گۆڕانکاریی لە پێکهاتەو شێوازی کارکردنی ڕێکخراوەکە.

ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٢) پـرۆسـەی هـەڵـبـژاردنـی ڕێـکـخـراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە (٦) بازنەی (هەولێر، دهـۆک، سلێمانی، گەرمیان، کـەرکـوک، موسڵ) بـەڕێـوەچـوو، تێیدا (١٠١) هـەزارو (٨) مامۆستا بەشداریی پرۆسەکەیان کـرد، بەوپێیەش ڕێـژەی دەنگدان گەیشتە (٨٠٪)و (١١) لیست کێبڕکێی یەکترییان کرد، بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی دوانزەیەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکە.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، دەنگی لیستەکان بەمشێوەیەیە: مامۆستایانی کوردستان (٥٧) هـەزارو (٧٤٠)دەنـگ، سـەردەم (١٥)هـەزارو (٧٠٥)دەنـگ، یەکگرتوو (١٣)هـەزارو (٦٥٠)دەنـگ، کۆمەڵی ئیسلامیی (٨)هەزارو (٣٦٦)دەنگ، پیشەیی (١٨٦٢)دەنـگ، کلدۆئاشوریی (١٢٧٥)دەنـگ، سەربەخۆ (١١٧١)دەنـگ، زەحمەتکێشان (٦٩٨)دەنـگ، تورکمانیی (٢٦٠)دەنـگ، (هەولێر/ تورکمان) (١٧٣) دەنگ، بزووتنەوەی چاکسازیی تورکمان (١٠٨)دەنگیان بەدەستهێناوە.

پرۆسەکە، ڕاستەوخۆ ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان سەرپەرشتیی کـرد، بـەو هۆیەشەوە چەندین کەموکوڕیی لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکەدا هەبوو، هـەروەک ئەم پرۆسەیە خاڵیی بـوو لە چاودێریی ناوخۆییو نێودەوڵەتیی.

دیـارتـریـن ئـەو کـەمـوکـوڕیـیو پێشێلکارییانەی لە کاتی بەڕێوەچوونی هـەڵـبـژاردنـەکـەدا بـەدیـدەکـران: (بەردەوامبوونی بانگەشە لەنێو بنکەکانی دەنگدان لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەو حـیـزبـەوە، چـاوسـوورکـردنـەوەو هەڕەشەکردن لە مامۆستایان، دواکەوتنی دەنگدان لە چەند بنکەیەکدا، تێکەڵکردنی فۆڕمی دەنگدانی هـەردوو پارێزگای سلێمانیو کەرکوک، دەنگدانی سەدان فەرمانبەری زانکۆی سەلاحەدینو زانکۆی هەولێری پزیشکییو زانکۆی سلێمانی بە ناوی مامۆستاوە، نەبوونی دادوەر لە چەند بنکەیەکی هەولێر، بوونی جیاوازیی لەنێوان لیستی مووچەو لیستی دەنگدەران، دەنگدانی کارمەندانی وەزارەتـــی تەندروستی، دەنگدانی فەرمانبەرو کارگوزارو نووسەر لە کـەرکـوکو خانەقینو چەمچەماڵ، کردنەدەرەوەی چاودێرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە بنکەکاندا لەلایەن نوێنەرانی لیستی دەسـەڵات، داخستنی کاتیی چەند بنکەیەکی دەنگدان بەهۆی نەمانی فۆڕمی دەنگدان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگدان بە شێوەیەک کە لە چەند بنکەیەک (١٠٠٪)ی تێپەڕاندووە، نەبوونی پەنجەمۆرو کۆدی قفڵی سندووقی دەنگدان،

> **»بەرپرسانی یەکێتیی مامۆستایان وێڕای دانانان بە بوونی کەموکووڕیی‌و پێشێلکاریی لە هەڵبژاردندا، بە پێچەوانەوە ئاماژە بە سەرکەوتنی پرۆسەکە دەکەن«**

دووبارەو سێبارە دەنگدان، نەهاتنەوەی ناوی مامۆستایان).

بـەهـۆی دانـانـی چەند مەرجێکو ڕێگریی یەکێتیی مامۆستایان، فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان نەکردو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەیان خستەڕوو: «یەکێتی مامۆستایان بەهانەیان بۆ بەشداریکردنی ڕێکخراوەکان هێناوەتەوە، ڕاشکاوانە پێیانراگەیاندین کە ناتوانن بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا کە بەشداریی نەکەین، بەشداریی نەکردنیشمان دەبێتە کەموکووڕییەک بۆ پرۆسەکەو پرۆسەکەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە».

هـەروەک بە بـڕوای ئاکار محەمەد، چاودێرو شـارەزا لە هەڵبژاردن: «ئەم هەڵبژاردنە بنەماکانی هەڵبژاردنی تێدا ڕەچاونەکراوە»، چونکە بنەمای سەرەکیی هەموو هەڵبژاردنێک، تۆماری دەنگدەرانە، بە پێی ئەو تۆمارە دەنگدەدرێت، ئەمە یەکێکە لە هەڵەو کەموکووڕییەکانو ڕێخۆشکەربوو بۆ ئەنجامدانی تەزویرو پێشێلکاریی، کە ئەوەش پرۆسەکە لەکەدار دەکات، هەروەها لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بانگەشە نەوەستێنراوەو لەناو بنکەی دەنگداندا بانگەشە کراوە، جگە لەوەی لە ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنەکەدا سزا دیاریی نەکراوە، ئەوەش بووە هۆکاری زیادبوونی خـرووقـاتو دووبـارەبـوونـەوەی ناوی دەنگدەران».

سـەبـارەت بـە بـەشـداریـکـردنـی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەو چـاودێـرە وتـی: «پێویستبوو ڕێگە بە بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بـدرایـە، چونکە ئـەو کاتە پرۆسەکە میسداقییەتی زیاتر دەبوو، بەپێچەوانەشەوە بەشدارینەکردنیان کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر ناوبانگی ئەم هەڵبژاردنە».

بوونی دەیان پێشێلکارو ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکەدا، نیگەرانییو نارەزایی مامۆستایانو لیستە بەشداربووەکانی لێکەوتەوە، ئەو پێشێلکارییانە کاریگەریی خراپی لەسەر ئەنجامەکان هەبووە.

ڕۆژێـک دوای هەڵبژاردن، لیستی مامۆستایانی سـەردەم، هەڵوێستی خۆی دەربارەی چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە خستەڕوو، لە پەیامێکدا ئاماژە بەوە دەکـات: «لە سەرەتاوە تێبینیمان لەسەر ڕێنماییو بنەماکانی هەڵبژاردنەکە هەبوو، بەردەوام ئاماژەمان بەوە دابوو کە ستافەکانی یەکێتیی مامۆستایانو لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن، بێلایەن نین لە ئەنجامدانی پرۆسەکە، ئەوە بوو لە ڕۆژی (١٢/٢) گومانەکانی ئێمە، زیاتر بوونە واقیع وەک بوونی کەموکورتیی لە پێداویستییەکانی ویستگەکانی دەنگدانو ناو نەهاتنەوەی ژمارەیەک لە مامۆستایان، هەروەها دەنگدانی ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە مامۆستا نەبوونو بە دروستکردنی پشتگیریی بۆیان، لەوانە ژمـارەیـەک فەرمانبەری زانکۆکانو نووسەری قوتابخانەکان دەنگیان دا وەک مامۆستا، بەکارهێنانی هەڕەشەو توندوتیژیی بەرامبەر بە مامۆستایان لەلایەن کادیری حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بە مەبەستی ناچارکردنیان بە دەنگدان بە لیستێکی دیاریکراو».

سەنگەر فایەق، وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سـەردەم بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئامادەکارییەکی تـەواو بۆ هەڵبژاردن نەکرابوو، کەموکووڕییەکی زۆر هـەبـوو، هـەروەک لـە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا چەندین خرووقاتو پێشێلکاریی ئەنجامدراوە، یەکێتیی مامۆستایانیش بێلایەنانە مامەڵەی نەکردووەو ئەو تەزویراتانەش کاریکردووەتە سـەر ڕێـژەی دەنگی بەدەستهاتووی لیستەکان.

وتیشی: «ئێمە چەندین بەڵگەمان لەسەر خروقاتەکانی هەڵبژاردن هەیەو تەواوی وردەکاریی خرووقاتەکان بۆ ڕای گشتیی بڵاودەکەینەوە».

هاوکات ئەحمەد کەرکوکیی، سەرۆکی لیستی مامۆستایانی کۆمەڵی ئیسلامیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لیستەکەمان تێبینییەکی زۆری لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە هەیە، پێمانوایە بێبەرنامەییو کرچوکاڵییەکی زۆری پێوە دیاربوو، کە ئەوەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەنجامدانی چەندین خرووقات لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە.

وتـیـشـی: «ئـەو خـرووقـاتـانـە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ڕێژەی دەنگی لیستەکانی دەرەوەی لیستی دەسـەڵات، بە تایبەتی لیستەکەی ئێمە، سکاڵامان بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردن بـەرزکـردووەتـەوەو داوامانکردووە بەدواداچوونو لێپێچینەوەی یاسایی بۆ سکاڵاکان بکات، چاوەڕوانی ئیجرائاتەکانی لیژنە باڵاکەین».

بەرپرسانی یەکێتیی مامۆستایان وێڕای دانانان بە بوونی کەموکووڕییو پێشێلکاریی لە هەڵبژاردندا، بە پێچەوانەوە ئاماژە بە سەرکەوتنی پرۆسەکە دەکەن.

م.عەبدولواحید محەمەد، سەرۆکی لیژنەی ئـامـادەکـاری هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: ئـەوەی گرنگە یەکێتیی مامۆستایان بەبێ هاوکاریی دەزگاکانی هەڵبژاردن ئەم هەڵبژاردنەی بەڕێوەبردووە، بەڵام ئەم پرۆسەیە بێ کەموکووڕییو هەڵە نەبووەو خرووقات هەبووە».

سـەبـارەت بە سکاڵاو تـانـەدان لە هەڵبژاردنەکە م.عەبدولواحید ئەوەی خستەڕوو: «فۆڕمی تانەدان دراوە بە چاودێرەکانو ئێمە لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردن پێداچوونە بە یەکبەیەکی ئەو فۆڕمانە دەکەین، تا بزانن ئەو خرووقاتانە چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان».

ماوەی (١٨) ساڵە یەکێتیی مامۆستایان هەڵبژاردنی نەکردووە، بە درێژایی ئەو ماوەیەش ڕێکخراوەکە لەنێوان یەکێتییو پارتیدا دابـەشـکـراوە، مامۆستایان هەڵبژاردنی (١٢/٢) بە ڕۆژێکی پرشنگدار وەسفدەکەن، بەو پێیەی کە (١١) لیست بەشداریی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد، هەرچەند بڕیار بـوو بۆ هـەر (٣٠٠) مامۆستا، یەک نوێنەری دەبێتە ئەندامی کۆنگرە، بەڵام ئەو ژمارەیە بۆ نزیکەی (٢٥٠) کەس کەمدەبێتەوە، بەوپێیە لە کۆی نزیکەی (٤٠٤) کورسی کونگرە، لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان زیاتر لە (١٥٠) کورسی بەدەستدەهێنن، بەپێی چەند زانیارییەکیش پێدەچێت لقەکانی (سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە) بۆ لیستەکانی (سـەردەم، یەکگرتوو، کۆمەڵ) بێت.

عـەبـدولڕەحـمـان عـەلـی، وەکـو مامۆستایەک پێیوایە، هەڵبژاردنی (١٢/٢) وەرچەرخانێکی گرنگە بۆ مامۆستایانو یەکێتیی مامۆستایان: «یەکێتیی مامۆستایان بە درێژایی تەمەنی لەلایەن دوو حیزبەوە قۆرخکرابوو، بە دەرکەوتنی لیستی ئۆپۆزسیۆنو ڕکابەریکردنی دەسەڵات، ئەم ڕێکخراوە لەو کۆتوبەندە ڕزگاری دەبێت، لە ئێستادا گۆڕانکاریی بەسەر پێکهاتەو شێوازی کارکردنی ڕێـکـخـراوی یەکێتیی مامۆستایاندا دێتو ئیدی ئەو ڕێکخراوە موڵکی دوو حیزب نییەو تەنیا ئەوان بڕیار بەدەست نابن، بەڵکو لە ئێستاوە ڕەنگو دەنگی جیاوازی تێدا دەبێتو دەبێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی».



# جیهان ڕووبەڕووی ئایدز دەبێتەوە

**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**

ڕۆژی (١٢/١)، جیهان هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی ئایدز (HIV) دەستپێدەکاتو بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش، لە ئێستادا زیاتر لە (٣٠) ملیۆن کەس هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن.

ڤایرۆسی (HIV)، یان کەمبوونەوەی بەرگریی لـەش، یەکێکە لە نەخۆشییە هەرە مەترسیدارەکانی جیهانو هەرێمی کوردستـانو عێراقیش بێبەش نین لـەو نەخۆشییەو بە گـوێـرەی ئامارە ڕەسمییەکانیش (٤٩) کەس لە عێراقو (١٢) کەس لە هەرێمی کوردستاندا هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن.

لە ڕاگەیەندراوێکدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بـەرەنـگـاربـوونـەوەی ئایدز، وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە؛ کە لە ساڵی (١٩٨٦) تاوەکو ٢٠١٠/١١/٣٠، (١٢) حاڵەتی نەخۆشییەکە لە هەرێم تۆمارکراوە، کە (٣) یان مردوون، لـەوانـە: یەکێکیان بە هـۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەستداوە، هاوکات (٦٩) حاڵەتی تریش دەستنیشانکراوە لە خەڵکانی بیانیو ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان کراونەتەوە.

ئەو حاڵەتانەی کە لە هەرێمن، هەڵگری ڤایرۆسی کەمی بەرگریی لەشنو ئایدزیان نییەو ئێستا لەژێر چاودێریی پاراستنی تەندروستیدانو پشکنینو بەدواداچوونیان بۆ دەکـرێـت، ڕێنماییو ئامۆژگاریی تایبەتییان پـێ دەدرێـتو وەزارەتـی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە چڕکردنەوەی کارەکانی.

هەروەک بەپێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی عێراقیش (٤٩) کەس لە عێراقدا هەڵگری ڤایرۆسی کەمبوونەوەی بەرگریی لەشن.

لـە کـۆنـگـرەی سـاڵانـەی نـاوەنـدی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تایبەت بە ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئایدز لە عێراقدا ئاشکرا کرا؛ کە گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئـاوارەو پەناهەندە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ عێراق، هۆکاری تەشەنەسەندنی ڤایرۆسەکەیە، بە گـوێـرەی ناوەندی نیشتمانیی چاودێریی لە عێراقدا (٥٨٠) حاڵەتی تووشبوون بـەو نەخۆشییە تۆمارکراون، لەو کەسانەی لـەدەرەوەی وڵاتو لـە نـاوچـە سنوورییەکانەوە گەڕاونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئامارەکانی وەزارەتـی تەندروستی عێراق زۆر کەمترن لە چاو ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، کە ئاماژەیان بەوە کـردووە، کە (٤٤٨) تووشبووی ڤایرۆسی ئایدز لە عێراقدا هەن، نیوەیان لە هاوڵاتییانی عێراقین. هاوکات تائێستا عێراق لە ڕیزبەندی دواوەی ئەو وڵاتانەیە کە ئەو نەخۆشییەیان تێدا بڵاوە.

ڕۆژی (١٢/١)ی هەموو ساڵێک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی ئایدزە لە هەموو جیهاندا، ئەویش دوای کۆبوونەوەی لوتکەی وەزیرانی تەندروستی وڵاتانی جیهان، کە لە ١٩٨٨/١٢/١ لە لەندەن بەڕێوەچوو، بڕیاردرا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی ئایدز ئەژمار بکرێتو هەموو لایەک پێکەوە کار بکەن بۆ بنەبڕکردنو بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتا کوشندەیە، هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی خەڵکیش بەڕێوە ببرێت لە لایەن ڕێکخراوە نـێـودەوڵـەتـیـیو نـاوخـۆیـیو وڵاتانی جیهانەوە.

تا ساڵی (٢٠٠٤) نزیکەی (٣) ملیۆن کەس بەو نەخۆشییە گیانیان لەدەستداوەو نزیکەی (٤٠) ملیۆن کەسیش هەڵگری ڤایرۆسەکە بـوونو زۆرترینیشیان لە دانیشتووانی ئەفەریقا بوون.

ڤـایـرۆسـی (HIV) هێرشدەکاتە سـەر دەزگـای بەرگریی لـەش، کە ئەو دەزگایە کاری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشییانەیە کە دەچنە لەشی مرۆڤەوە، بە تایبەتی نەخۆشی شێرپەنجە.

بەپێی دوا ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش ژمـارەی ئەو کەسانەی ئێستا تووشی ڤایرۆسەکە بوونو لە ژیاندا ماون (٣٣) ملیۆنو (٣٠٠)هـەزار کەسەو (١٥) ملیۆنو (٩٠٠) هەزاریان لە ڕەگەزی مێنو (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەسیشیان منداڵی خوار تەمەن (١٥) ساڵن.

وەزارەتـــی تـەنـدروسـتـیـش ئاشکرایکردووە؛ کە «خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان کەمترین حاڵەتی ڤایرۆسی کەمیی بەرگریی لەشی تێدایە بە بەراورد لەگەڵ هەرێمو وڵاتانی تری جیهان، ئەمەش هەوڵەکانی پێشگیرییو کۆنترۆڵکردنی مسۆگەرتر دەکات، ئەگەر هەموو لایەک هاوکاربین لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە».

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کوشندەیەش وەزارەتـــی تەندروستی ڕێنمایی دەکات، کە «خێرا دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن بە ئەنجامدانی پشکنین بۆ ئەو کەسانەی کە بە گرووپی مەترسیداری نەخۆشییەکە ناسراون، وەک: کرێکارانی بیانی، شاندی وڵاتـان، ئەو کەسانەی زوو زوو خوێن وەردەگـرن، یان هەوکردنی درێژخایەنی جگەر، نەخۆشیی خـوێـن، نەخۆشییە سێکسییەکان، یان پێویستیان بە شۆردنی گورچیلە هەیە، هەروەها هەموو بوتڵێکی خوێنو ئەو بەندکراوانەی لەسەر کاری سێکسیی بەند دەکرێنو کارمەندانی شوێنە گەشتیارییەکان ...هتد».

لـەگـەڵ بەهێزترکردنی تواناکانی دامـودەزگـا تەندروستییەکان لە ڕووی پزیشکو کادیری پزیشکی ڕاهێنراوو دابینکردنی پێداویستییەکانی تاقیگەیی، بۆ دەستنیشانو چەسپاندنی حاڵەتەکان لە هەرێمی کوردستان، هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکانی هەرێمو وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییو یونسێف.

بـۆ ئـەو مـەبـەسـتـەش وەزارەتـــی تەندروستی بە نیازە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو پرۆگرامێکی تایبەت بۆ پێشگیریی لە نەخۆشیی ئایدز لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەن، کە تیایدا سوود لە ئەزموونی پسپۆڕو شـارەزایـانـی نێودەوڵەتیی وەردەگـرن بۆ بەهێزکردنی پرۆگرامی بەرەنگاربوونەوەی ئایدز لە کوردستان.

نەخۆشیی ئایدز، یان ڤایرۆسی (HIV) بە شێوەیەکی خێرا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە لەڕێی ئەنجامدانی کاری سێکسیو گواستنەوەی خوێنی هەڵگری ڤایرۆسەکەو هەروەها لە دایکی سکپڕەوە بۆ کۆرپەکەی.

هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی ئایدز

فۆتۆ: AFP

# تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە، لەنێو منداڵاندا لە زیادبووندایە

**ڕۆژنامە**

بەڕێوەبەری کۆمەڵەی منداڵانی تووشبوو بـە نەخۆشیی شەکرە، ئاشکرای دەکـات، نەخۆشیی شەکرە لەنێو منداڵاندا لە زیادبووندایە.

شـەهـلا حسێن، بـەڕێـوەبـەری کـۆمـەڵـەی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە بە (سبەی) ڕاگەیاند: بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان سەبارەت بە تووشبوونی شەکرەی منداڵان، لە شاری هەولێر زیاتر لە (١٦٦) منداڵ تووشی نەخۆشیی شەکرە بوون.

بەڕێوەبەری کۆمەڵەی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە، وتیشی: تەمەنی ئەو منداڵانەی لە کۆمەڵەکەمان ناویان تۆمار دەکرێت، لەنێوان (٦) ساڵی بۆ سەرووی (١٨) ساڵیدایە.

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کۆمەڵەکەیان لە ئێستادا سەرقاڵی کردنەوەی لقی خۆیەتی لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

شەهلا حسێن، ئـەوەشـی خستە ڕوو، لە کۆمەڵەکەیان چەندین دەرمانو ڕێنماییان بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە دابینکردووەو هاوکات پزیشکیش چاودێرییان دەکات.

# پشدەرو بتوێن، کەمتر لە (٨)سەعات کارەبای نیشتمانییان پێدەدرێت

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

ناوچەکانی پشدەرو بتوێن، کەمتر لە (٨)سەعات کارەبای نیشتمانییان پێدەدرێت، لەگەڵ ئەوەی کە نزیکەی (٩٠)گـونـدی ناوچەکەش تا ئێستا کارەبای نیشتمانییان نییە.

ئەندازیار، عەلی محەمەد عەلی، بـەڕێـوەبـەری کـارەبـای ڕانییە، هۆکاری کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانی گەڕاندەوە بۆ هاتنی وەرزی سەرماو زیاد بەکارهێنانی کارەباو وێستگەکانیش توانای ئەوبڕە زۆرەی پێدانی کارەبایان نەبێت کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە بەکاردەهێنرێت.

ئەوەشی بە ڕۆژنامە وت: «لە هەردوو دەڤەری پشدەرو بتوێندا، چەندین هێڵی (٣٣) کەیڤی هەیە، بـەتـایـبـەتـی وێستگەکانی (چـواقـورنـەو قـەڵادزێ)و بەهۆی بـارزۆریـی لـەسـەریـان، تووشی ئـەم کێشەیەهاتوونو هەروەها شارۆچکەکانی (حاجیاوا، چواقورنە، سـەروچـاوە) بـەهـەمـانـشـێـوە فیدەرەکانیان ڕووبەڕووی ئەم گرفتە بوونەتەوە.

هەر لەسنووری پشدەرو بتوێندا، لەکۆی (٢٣٠)گوند، تا ئێستا (٨٥) گوندیان کارەبای نیشتمانییان بۆ ڕانەکێشراوە.

ئەندازیار، عەلی محەمەد عەلی، ئاماژەی بەوەکرد: لەهەوڵی ئەوەدان کەبۆساڵەکانی(٢٠١١-٢٠١٢)تەواوی ئەو گوندانە کارەبای نیشتمانییان بۆ ڕابکێشنو ئەوگوندانەشی کە تا ئێستا کارەبای نیشتمانییان نییە، زۆربەیان ژمارەی خێزانەکانیان کەمن، بەپێی ڕێنماییەکانیش کارەبای نیشتمانی بۆ ئەو گوندانەیە کە زیاتر لە (٥)مالیان لێ نیشتەجێ بێت.

گوندەکانی پـشـدەرو بتوێن، وێڕای ئەوەی لەکارەبای نیشتمانی بێبەشن، زۆربەشیان تا ئێستا هیچ مولیدەیەکی حکومییو ئەهلییان نییە.



# سێ تۆمەتبار، خۆیان تەسلیمی پۆلیس دەکەن

**شارا عەبدولڕەحمان**

سێ تۆمەتباری بەشدار لە کردەی هێرشکردنە سەر خانەی نەوجەوانانی سلێمانی، خۆیان تەسلیمی پۆلیس دەکەن.

مولازم ئاسۆ عومەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەکدارانی هێرشەکەی مانگی ڕابردوو کە هەڵیانکوتابووە سەر خانەی چاکسازیی نەوجەوانان لە سلێمانی، خۆیان تەسلیمی پۆلیس کرد.

چەند چەکدارێکی نەناسراو شەوی ٢٠١٠/١١/٥ بە شێوەیەکی نایاساییو بە مەبەستی ڕفاندنی نەوجەوانێک کە تۆمەتبارە بە کوشتنی کەسێک، چوونە سەر خانەی چاکسازیی نەوجەوانانی سلێمانی لە کارێزەوشک.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیس، وتیشی: «ئەو سێ تۆمەتبارە بە بڕیاری دادوەر بەپێی مـــادەی (٤٠٥)ی یاسای سـزادانـی عیراقیی دەستگیرکراون».

سەبارەت بەو ژمـارە چەکدارەی تریش کە دەستیان هەبوو لە هێرشەکەدا، مـلازم ئاسۆ وتی: «گەڕانو لێکۆڵینەوە بەدوای ئەوانی تریشدا بەردەوامە».

کوردستان پێویستی بە تۆڕێکە لە هێڵی ئاسن 20

# بیمەی بێکاریی‌و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

ئەحمەد حەمەساڵح



بیمەی بێکاریی، زاراوەیەکی ئابوورییە کە زیاترمۆرکێکی کۆمەڵایەتیی هەیە بۆ بەدیهێنانی دادوەرییەکی کۆمەڵایەتی کە تاڕادەیەک گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە بێکارن‌و ئەم داخوازییە چاکسازییە دەسپێکی داواکارییەکانی سەندیکا کرێکارییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بووە، هەروەها لەسەدەی بیستەمدا لە چەند وڵاتێکی ئەورووپای رۆژئاوا، پرەنسیپی بیمەی بێکاریی کرایە یاسایەکی هەمیشەیی بەردەوام، بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کرۆکی ئابووریی کۆمەڵایەتی ئەم زاراوەیەش، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەموو هاوڵاتی‌و نیشتەجێیەکی هەمیشەیی، مافی ئەوەی هەیە کە لایەنی کەمی ژیانی بۆ دابین بکرێت، بەڵام بەگشتیی لە وڵاتانی ئەورووپادا، ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت کە بێکار هەتا ئەوکاتەی کارێک دەگرێتە دەست، دەتوانێت لەو یاسایە مانگانە بەمووچەیەک سوودمەند بێت.

لەهەرێمی کوردستان، ناتوانرێت بەتەنیا پێدانی مووچە بە بێوەژن‌و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، بوترێت بیمە هەیە، لەکاتێکدا هەزاران هێزی کار بێکارن‌و بیمەی بێکارییش لەئارادا نییە، ئەو کەسانەش کە لەکەرتی تایبەتدا کاردەکەن، ئایندەیان نارۆشنە، لەبەرئەوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەک پێویست کارا نەکراوەو بە یاسایەکی کۆنیش کە یاسای ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧)ە، کاردەکات لەسەر پرۆژەی تایبەت‌و تێکەڵاو هەرەوەز، لەم یاسایەدا هاتووە، هەرشوێنکارێک لە (٣) کرێکار زیاتری هەبێت، چاودێریی دەکرێت‌و لەکاتی دەستەبەرکردنی هەرکرێکارێکدا بە وەرگرتنی بڕێک پارە، بەم شێوەیە: (١٧٪ی مووچەی مانگانەی کرێکارێک کە ٥٪ لەسەر کرێکارەکەیەو ١٢٪ لەسەر خاوەنکارەکەیە)، ئەو شوێنانەی کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، بەدڵنیاییەوە، نە کرێکارو نە خاوەنکار دڵخۆش نین بە وەرگرتنی ئەوبڕەپارەیە لەلایەن حکومەتەوە، لەبەرئەوەی کرێکاران ئاشنانین بە مافەکانیان‌و دڵنیانین بەسوودوەرگرتن لەئایندەدا، لەکاتێکدا کە یەک لە ئامانجەکانی دەستەبەریی بریتییە: لە سوودگەیاندنی مادیی بۆ ئەو کرێکارانەی کە دەستەبەریان بۆ دەکرێت، ئایا هێندەی تەمەنی یاسای کارو سەندیکای کرێکاران‌و کۆی ئەوبڕەپارانەی کۆکراونەتەوە، کار بۆ بەرژەوەندیی کرێکاران کراوە، کە هەڵگرانی دروشمی بەدەستێک نان‌و بەدەستێک بنیادنانن بەتایبەت لەکاتی تووشبوونیان بەڕووداوو ئەوکاتەی کە بەهۆی تەمەنەوە توانای کاریان نامێنێت؟ ئەو ژمارە کەمەش کە یاساکە دەیانگرێتەوەو دەستەبەریان بۆدەکرێت، وەک باج وەرگرتن سەیری دەکەن.

لێرەدا مەبەست باسکردنی زۆرو کەمیی باج نییە لەسەر هاوڵاتییان‌و چۆنێتیی سەرفکردنەوەی، کە تەنیا مەبەست دەرخستنی جیاوازیی نێوان ئەم دەستەواژەیەو بیمەی بێکاریی‌و دەستەبەری کۆمەڵایەتییە، وەک لەیاسای کاردا هاتووە، ڕێنمایی بۆ هەموو پرۆژەکانی کەرتی تایبەت‌و هەرەوەزیی‌و تێکەڵاو دەگرێتەوە، هەر لە سەلامەتیی پیشەیی‌و بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ کرێکاران بەپێی ڕاژەو تەمەنی یاسایی‌و تێکچوونی باری تەندروستیی‌و لەحاڵەتی مردنیشدا، تەنیا بۆ ئەو کرێکارانەی کە دەستەبەریان بۆکراوەو ئەویاسای کارەی کە ئێستا حکومەت کاری لەسەر دەکات، پێویستە زیاتر بۆ سوودی کرێکاران بەکاربهێنرێت‌و لەهەمانکاتیشدا پێویستە یاسای کار کرنگی بدات بە (کرێکاران، پیشەوەران، وەستاکانی بیناسازیی، شۆفێران و..هتد) کە یاسای دەستەبەری نایانگرێتەوە.

کەواتە یاسای کار پێویستی بە پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەو گۆڕانگاریی هەیەو ئەرکی سەندیکای کرێکارانە کە لەڕێگەی پەرلەمان‌و حکومەتەوە، کاربکەن تا یاسای کار لە بەرژەوەندیی هەموو هێزی کارەکاندا بێت بۆ بەدیهێنانی یاسایەکی نوێ‌و هاوچەرخ کە لەگەڵ پێویستی ئەم سەردەمەدا بێت، بەمەبەستی پاراستنی سامانی مرۆیی وڵات (هێزو تواناکانی کار) کە یاسا لە بەرژەوەندییان بێت، هەرنەبێت بۆ بەگەڕخستنی زیاتری تواناکانیان لەجیاتی کپکردنەوەی هێزی کاری ناوخۆیی، سستی سەندیکا بێت، یان کەمتەرخەمیی حکومەت کە بووەتە هۆیەک هاوڵاتییان زیاتر هەوڵی بەدەستخستنی مووچەی میریی، یان حیزبیی بدەن‌و کارکردن لەکەرتی تایبەت نارۆشن ببینن بۆ ئایندەیان.

# (٣٠٠) کەس لە بیرە نەوتەکانی ناحیەی شەمامک لەکار لادەبرێن‌و زێرەڤانی لە جێگەیان دادەنرێت

راپۆرتی:
هەنگاوهاشم- هەولێر

زیاتر لە (٣٠٠)هاوڵاتی سەر بەناحیەی شەمامک‌و دیبەگەی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەشوێنی کارەکانیان لەبیرەنەوتەکانی ناوچەکەیان دەردەکرێن‌و لەجێگەشیاندا هێزێکی زێرەڤانی جێگیر دەکرێت‌و بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامکیش، یەکێک لەو هاوڵاتییانە دەستگیردەکات.

سادق شێخ عومەر، کە خەڵکی گوندی عەلیاوەیەو شارەزایە لەبورای کشتوکاڵی ناوچەکە، باسی لەوەکرد، پاش ئەوەی کە هاوڵاتییەکی زۆری ئەو ناوچانەی کە بیرەنەوتەکانی لێبوو، لەسەر ئەم بیرەنەوتانە دامەزرابوون، لەکۆتایی مانگی رابردوودا ئەم هاوڵاتییانە لابران لەسەر کارەکەیان‌و هێزەکانی زێرەڤانی هاتن‌و پاسەوانیی بیرەنەوتەکان دەکەن.

ناوبراو، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆری گوندەکانی ناحیەی شەمامک لەسەر ئەم بیرەنەوتانە دەرکراون کە پاسەوان بوون‌و کاریان دەکرد، لەئێستادا بەبێ کار ماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم گوندانە لانکەی شۆڕش بوون.

لەیاداشتێکی هاوڵاتییانی دیبەگەو کەندێناوەو دەوروبەریدا، ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەوان لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، (٣٠٠)کەس لە دانیشتووانی گوندەکانی: حەسارۆک، یەدی قو، شۆڕیجە، بەرزەوار، سەید ئەمین، دیبەگەو دەوروبەری، وەک کرێکار پاسەوانی لەو (٧٠)بیرە نەوتە دەکەن، کە بەبۆری ڕەوانەی گوندی هێلەوە دەکرێت، بەڵام بەر لە هەفتەیەک لەسەر کارەکانیان لابراون‌و لەجێگەیان هێزی زێرەڤانی جێگیرکراوە.

لەو یاداشتەدا کە کۆپییەکی بۆ رۆژنامە نێردراوە، ئەو هاوڵاتییانەی ناحیەی شەمامکو کەندێناوە، باس لەوەش دەکەن: «حەوت پارچە زەوییان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی (کاری تورکی)ەوە بەکارهێنراوە کە نزیکەی (٣٥٠)دۆنم دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەکی خاوەن زەوییەکان بکرێتەوەو لەبەرامبەردا مۆڵەتی کارپێکردنیشیان پێ ڕەوا نابینن، کە بژێویی ژیانی خێزانەکانیانی پێ دابین دەکەن».

دانیشتووانی دیبەگەو کەندێناوەو دەوروبەری، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دەنگی نارەزایی‌و داواکارییەکانی خۆیان دەگەیەننە بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی کاری تورکی‌و بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامکو لەبەرامبەردا هاوڵاتییەکیان دەستگیرکراوە.

کاکەلاس ئەحمەد، یەکێک لەکرێکارەکانی ئەو بیرەنەوتانە، بۆ رۆژنامە وتی: «پاش ئەوەی کە ئاگادارکراینەوە بەوەی لەسەر کارەکانمان لادەبرێین، چەند کەسێکمان بەنوێنەرایەتیی ئەو کەسانەی لەسەر ئەوبیرەنەتانە لابراوین، سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامکمان کرد، پاش ئەوەی داوامکرد، لەسەر کارەکانمان لانەبرێین بەوپێیەی خەڵکی ناوچەکەین، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامکەوە دەستگیرکرام».

ناوبراو، باس لەوەش دەکات، بڕیاری دەستگیرکردنەکەم راگرتن بوو بۆماوەی (١٠)رۆژ، بەڵام دواتر بەهۆی هەوڵی خەڵکی ناوچەکەوە، ماوەی دوو شەوو سێ رۆژ دەستگیر کرام.

جەمال مەنتک، بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامک بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو کۆمپانیایەی لەبیرە نەوتەکاندا کاردەکەن بەپێی ڕێنمایی خۆیان خەڵکی دادەنێن.

وتیشی: «ئەو زێرڤانیانەی جێگیر کراون بۆ چاودێری بیرە نەوتەکان دانراون، بەڵام هەوڵدەدەین بەشێ لەم کرێکارانە بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان‌و پێویستە کرێکارەکان لەگەڵ هێزەکانی زێرەڤانی هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرکارەکانیان.

دەربارەی ئەوەی کە کەسێک لەکاتی سەردانی بۆ بەرێوبەرایەتی ناحیەی شەمامک دەستگیر کراوە، بەرێوبەری ناحیەی شەمامک، وتی: ئەو کەسە لەسەر ئەم کێشەیە دەستگیر نەکراوە، بەڵکو زیادە رۆیی (تجاوز) کردوە.



کرێکارێکی نەوت لە کێڵگەکانی کوردستان
فۆتۆ: AFP

# یاسای بەکرێدانی خانووبەرە کێشەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات

راپۆرتی:
شارا عەبدولڕەحمان

پەرلەمانی کوردستان جێبەجێکردنی یاسای بە کرێدانی خانووبەرەی ڕاگرت، پەرلەمانتارێکیش ئاماژە بە ئەگەری دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی دەکات لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکەدا.

یاسای ژمارە (٩ی ساڵی ٢٠٠٨)ی بە کرێدانی خانووبەرە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا کاری پێ نەکرابوو، بەڵام لە (٧/١٥)ی ئەمساڵەوە جێبەجێ کراوە، ئەمەش چەندین کێشەی بۆ کرێچییەکان دروستکردبوو، هەر بۆیە هەفتەی رابردوو پەرلەمان دووبارە جێبەجێکردنی یاساکەی ڕاگرت بۆ دوو ساڵی ترو پێدەچێت لەو ماوەیەدا هەمواری بکاتەوە.

حەمە سەعید حەمە عەلی، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: لە کاتی کارپێکردنی یاساکەوە، کە (٧/١٥)ی ئەمساڵە، ژمارەیەک خەڵکی خاوەن موڵک سکاڵای یاساییان لەسەر کرێچییەکانیان تۆمار کردووە، هەر بۆیە لە پەرلەمان جێبەجێکردنی یاسای بە کرێدانی خانووبەرەمان ڕاگرت بۆ ئەوەی کاری پێ نەکرێت هەتا هەموار دەکرێت، دوو بڕگەشمان زیادکرد، بەوەی هەموو ئەو سکاڵایانەی کە لەدوای ئەو ماوەیەوە هەبوون‌و بڕیاری تێدا دەرچووە لەکار بخرێت، ئەوانەش کە بڕیاری تێدا دەرنەچووە رابگیرێن.

بە هۆی کارپێکردنی ئەو یاسایەوە، داواکاریی هاوڵاتییانی کرێچی زیادیکرد، چونکە زەرەرمەندی سەرەکیی لە جێبەجێکردنی یاساکە ئەوان دەبن، بەپێی وتەی پەرلەمانتارەکەش کرێچی هەیە (٢٠) ساڵە لە دووکانەکەدا کار دەکات، یان بە سەرقفڵانەیەکی زۆر بە (١٥ بۆ ٢٠) دەفتەر دۆلاری ئەمریکی دووکانەکەی کڕیوە، لە ئێستادا بە هۆی ئەو یاسایەوە دەبێت دووکانەکە چۆڵ بکات، «ئەمە زوڵمێکی زۆری تیایە بەرامبەر بە هاوڵاتی هەژارو کەمدەرامەت‌و خەڵکانێک کە چەند خێزانێک لەسەر دووکانێک دەژی».

سەبارەت بە هۆکاری دەرچوواندنی یاساکەش لە (٢٠٠٨)دا سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە وتی: «کاتی خۆی کە ئەو یاسایە دەرچووە هەلومەرجی کوردستان‌و ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە ڕەچاو نەکراوە، لە کاتێکدا یاساکە بەو جۆرەی ئێستا هەیە، کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێت هاوسەنگیی رابگیرێت لەنێوان خاوەن موڵک‌و کرێچیدا، دەبێت بە شێوەیەک مامەڵە بکرێت کە هەر سێ ساڵ جارێک گرێبەست بە شێوەیەک تازە بکرێتەوە کە لەگەڵ بازارو داهاتی هاوڵاتییدا بگونجێت، کۆمەڵێک پرەنسیپ دیاری بکرێت کە زوڵم لە خاوەن موڵک‌و کرێچی نەکرێت، ئەو کاتەش خاوەن موڵک ناتوانێت کرێچی دەربکات، یان کرێی لەسەر زیاد بکات، لەبەر ئەوەش پێمان باش بوو، کە یەکەم: یاساکە رابگیرێت، دووەمیش: هەموار بکرێت.

یاسای هەموارکردنی ژمارە (٩)ی بە کرێدانی خانووبەرە کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا کە لە پەرلەمان دەرچوو، بڕیار بوو تا (٢) ساڵ بۆ «دووکانەکان» جێبەجێ نەکرێت‌و بۆ «خانوو»ش تا (٤) ساڵ جێبەجێ نەکرێت، هەر بۆیە لە ئێستادا کە ساڵی جێبەجێکردنی یاساکە بوو، ژمارەیەکی زۆری کرێچی دووکان چوونە بەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان‌و داوای هاوکارییان لە پەرلەمانتاران کردو ئاماژەیان بەوە کرد؛ کە خۆپیشاندان ساز دەکەن‌و ماندەگرن، ئەگەربێت‌و یاساکە جێبەجێ بکرێت.

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان وتیشی: «چارەسەر ئەوەیە کە بۆ هەموارکردنی یاساکە ژمارەیەک خەڵکی پسپۆڕی بواری ئابووریی‌و تایبەت بە مەسەلەی زەوی‌و زارو کەسانی یاسایی‌و خاوەن موڵک‌و کرێچیش ئامادەبن، تا یاساکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەموار بکرێتەوە».



بەشێکی زۆری دوکانەکان بە سەرقفڵانە گیراون
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# خوێندنەوەیەکی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی مامۆستایانی کوردستان



مەحمود عەبدولسەمەد

ئەگەر وەک چاودێرێکی بێلایەن سەیر بکرێت، باوەڕ ناکرێت کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆو پیشەیی وجودی (بوونی) هەبووبێت کە بەڕاستیو ناوەڕۆک «نەقابە، یان یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بێت»، بەڵکو ئەم ڕێکخراوە لە دەستپێکی دروستکردنییەوە تا ئەمڕۆ، ئەگەر چاوێک بخشێنرێت بەناوی سەرۆکەکانو ستافی بەڕێوەبردنەکانیدا، بە ئاسانی دەردەکەوێت (وەک تێکڕای ڕێکخراو و سەندیکاکانی دیکە) هەر (واجیهەیەکی) دەسەڵاتەکانی ڕۆژگاربووەو لەڕێی چەند چالاکییەکی حیزبی دەسەڵاتەوە (با هەر ناوێکی هەبووبێت)، کراوە بە ئامێرێک بۆ ڕاپێچکردنی مامۆستایان بۆ ئەندامێتیی بەزۆرو ئیبتیزازی مامۆستایانی ناڕازیی (نموونەش زۆرە)و داشکاندنی ئابوونەی مانگانە (بە نایاسایی) لە مووچەکانو تەخشانکردنی داراییەکە، بە نموونە مانگانە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار، تەنیا بۆ بەنزینی ئۆتۆمبێلی سەرۆک...و گوایە پسوڵە داراییەکانیش، لە دۆلابێکی شکاودا لە ساڵۆنێکدا ونبوون!؟ با هەر خۆیان وەڵامبدەنەوە، بەڵام تەنیا (١١٠٠٠٠) سەدو دە هەزار دینار خەڵات بۆ نزیکەی (٤٠) چل ساڵ ڕەنجی پیشەیی مامۆستایەکی خانەنشینکراو دانراوە، کە دەشێت لەوەشدا دووریو نزیکیی تێدا بووبێت (کە خودی خۆمی گرتەوە).

لەسەروو هەموو ئەمانەوە، کۆتکردنی مامۆستا پیشەییەکان بە ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری قوتابخانەو سەرپەرشتەکان، کە کرابوون بە ئامێر بۆ تووشکردنی مامۆستایانو گواستنەوەیان بەبێ پاساو، وەک ئەوەی مامۆستا کارمەندی بەڕێوەبەر بێت، نەک دەوڵەت.

ئێستاش دوای مانەوەی درێژخایەنی ستافی دەسەڵات لە باڵادەستیی بەسەر ئەو ڕێکخراوەدا، وا هەڵبژاردن ئەنجامدراو ئەنجامیش هەر چۆن بەدەستهێنراوە، تازە ڕاگەیەنرا، ئەوەی لێرەدا پەیوەندیی بە لیستی مامۆستایانی سەردەمەوە هەیە، دوای دەستخۆشیی لە ڕەنجی پیشەییان، ئەم سەرنجانەیە:

أ- بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشتر، ئاسۆیەکی ڕووناکترو بەرینتری ڕێژەیی باشتریان نمایشکرد.

ب- کەشوهەوایەکی هێمنو مەدەنیئامێز، بەشێوازی ڕاگەیاندنەوە دیاربوو.

ج- باوەڕبوون بە داهاتوویەکی باشتر، خستبوونییە جۆش، وەلێ:

١- ئەگەر (سەردەم) بە (بەرە) لەگەڵ لیستی (سەربەخۆ)دا دابەزیبایە، ئەنجام لە بەرژەوەندیی هەردوولا باشتر دەبوو، بەڵام بۆ نەکرا؟ ئەو تاکلایەنییەی سەردەم ئەگەر بە کاریگەریی (گۆڕان) بووبێت وەک حیزب، ڕەوت، ئەوا ڕووداوێکی ویستراو نییە.

٢- بە ئاشکرا کاریگەریی دەڤەرێکی دیار بەسەر لیستەکەوەیە، لە ڕاستیدا ئەوەش بەهۆی بەدەستنەهێنانی دەنگ لە هەندێک پارێزگاو شارو شارۆچکەداو پێویست بە گۆڕینی تەکتیکی کارکردنی سیاسییو پیشەیی دەکات، چونکە کاتێک کە لیستی مامۆستایانی (تورکمان) لە سلێمانی، هەڵەبجە دەنگ ناهێنێت، سروشتییو سادەیە، بەڵام کە (سەردەم) لە بادینانو گەرمیان دەنگی نەهێنابێت، سروشتیی نییە.

پیرۆزبایی لە ڕەنجی پیشەییو سیاسیی پێشکەوتنخوازی هەموو مامۆستایان دەکەم، بەهیوای یەکخستنی هەموو ڕەنجەکان بەبێ جیاوازی بۆ خزمەتکردنی زانستو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کە چاویان بڕیوەتە مامۆستاکانیان، هەروەها لەپێناو بەدیهێنانی سبەینێیەکی باشتر بۆ مامۆستایان لە سێبەری هاوکارییو خۆشەویستیو ڕزگارکردنی کەسایەتیی پیرۆزی مامۆستا لە شکستپێهێنانو هەر هەژموونێک.

# هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانو هەڵوەستەیەک

م. فەرەیدون مامەند

ئەوەی من دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەربکەم، چۆنێتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانە کە وەک مامۆستایەک لە نزیکەوە چاودێریی وردم دەکرد. ئەم کۆنگرەیەی یەکێتیی مامۆستایان، دەکرێت وەک خاڵی وەرچەرخان ببینرێت لە مێژووی ڕێکخراوەکەدا، بەوەی کە دوور لە پێکهاتنی سیاسییو سەپاندنی زۆرەملێ، کۆمەڵێک لیست، کاندیدو بەرنامەی خۆیان خستە نێو ململانێوە، بە ئامانجی ئەوەی کە یەکێتیی مامۆستایان نوێنەرو داکۆکیکاری مامۆستایان بێت بەبێ جیاوازی، لێرەوە بەشێکی بچووک لە شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە لەکاتی بانگەشەو ڕۆژی هەڵبژاردن دەخەمەڕوو لەسنووری لقی کۆیە وەک نموونەیەک بۆ تەواوی پرۆسەکە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەدا، لیستەکانی دەسەڵات هیچ ئامادەکارییەکیان نەکردبوو و پێیان وابوو کە هەمانشێوەی کۆنگرەکانی تر، بەبێ سەرئێشەو ماندووبوون، نوێنەرە سەپێنراوەکانیان دەگەیەننە کۆنگرە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی لیستی جیاوازو ڕکابەر، ئەوانیش کەوتنەخۆ، بە شێوازێک کە هەموو دەسەڵاتە حیزبییو حکومییەکانیان خستە خزمەت بانگەشەوە بە شێوازە نەویستراوەکەیانەوە، بەجۆرێک کە ئۆرگانە حیزبییە باڵاکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتو هەموو دەزگا پەروەردەییەکان، هەڵبژاردنەکەیان وا نیشاندەدا وەک هەڵبژاردنێکی سەرتاسەریی دیاربوو، فشارخستنەسەر مامۆستاو ترساندنیان بە گواستنەوەو دوورخستنەوەیانو خستنەکاری چەندان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئۆرگانە حیزبییە باڵاکانیانەوە، سیما هەرە دیارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوەو بەڕێوەبەرو یاریدەدەری زۆربەی خوێندنگاو قوتابخانەکان لەم سنوورە، بە زۆرەملێ باشترین کەسە دیارەکانی بانگەشەیان بوون، پاشان کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم چینو توێژەکان، کە هەندێکیان هیچ پەیوەندییەکیان بەم هەڵبژاردنەوە نەبووە، بۆ نموونە، کۆبوونەوەی بەرپرسانی حیزبیی لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس بۆ هاندانی مامۆستا ناسیاوەکانیان، دواتر گەڕانی بەرپرسی کۆمیتەو ناوچەکان بەتایبەتی لە قوتابخانەی گوندەکان، بەرپرسێک لەزۆربەی قوتابخانەکان، وتبووی: «ئەگەر ئێمە دەرنەچین، ئەوا حەیامان دەچێت»، هەروەها لەناو شاریش، زۆربەی بەڕێوەبەرەکانو یاریدەدەرەکان ئیجبارەکران، یەکەیەکە بانگی ئەو مامۆستایانە بکەنو گوشاریان بۆ بهێنن کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت، دەنگ بە لیستی مامۆستایانی کوردستان نادەنو پێیاندەوتن، ئەگەر دەنگ بەم لیستە نەدەن، ئەوا ئەنجامی باشی نابێتو ئەنجامدانی ڕاپرسی حیزبییو بڵاوکردنەوەی بەرنامەی لیستی دەسەڵات بەشێوەیەکی بەربڵاو و بزرکردنو لابردنی بەرنامەی لیستەکانی تر، بەتایبەتی لیستی سەردەم دوای ڕۆیشتنی کاندیدەکان، بەشێکی تری کارەکانی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکان بوو، هەموو ئەمانە بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە لامان پارێزراون. لەیەکێک لە قوتابخانەکاندا، بەڕێوەبەر کە کاندیدی لیستی دەسەڵاتە، بە مامۆستایانی وتبوو: «هەرکەسێک دەنگ بەئێمە نەدات، دەزانین»و ئەوانیش وتبوویان «چۆن دەزانن؟»، ئەو وتبووی: «قوتابخانەکەمان بنکەیەو ئێمە یەکەم کەس دەنگدەدەین، دەنگەکانی ئێمە دەکەونە ژێرەوەو ئێوارە کە سندووقەکە بەتاڵدەکەین، دەنگەکانتان دەکەونە سەرەوەو خۆماندەزانین، کە کێ دەنگی بە ئێمە نەداوەو دوایی خۆتان بەرپرسیار دەبن».

لیستی حیزبی دەسەڵات، سەرجەم زانیارییو داتاکانی تایبەت بە ژمارەی دەنگدەرو کارتەکانی دەنگدانیان لەبەردەستدابوو، بەڵام بۆ لیستەکانی تر نەبوو، بەڵگەشمان بۆ ئەمە، چەند ڕۆژێک پێشتر خۆیان بە مامۆستایانیان وتبوو کە لەکوێ دەنگدەدەن، ئەمە پێش ئەوەی لقی کۆیە زانیارییەکەی بداتو لە ڕۆژی دەنگداندا، مامۆستایەکی زانکۆ لە بنکەی(٩) لە کۆلێژی یاسا ناوی نەبوو، ئەویش وتی: ناوم هەیەو لە کۆمیتەی زانکۆوە پێیانڕاگەیاندووم کە ناوت هەیە.

کارئاسانیی زۆر بۆ مامۆستایانی خۆیان دەکرا، بۆیە لە (کۆیە) مامۆستایانی دەنگدەر، پێش هەڵبژاردن لە زاری لقی کۆیەوە (٣٢٠٠)مامۆستا بوو، بەڵام دوای هەڵبژاردن سەدان ناو زیادی کردبوو، بەمەش ڕێژەی دەنگدەر زۆر لە سەرووی (١٠٠٪)وە بوو، ئەمە جگە لە نارێکوپێکیو بێبەرنامەیی شێوەی هەڵبژاردنەکە.

لە کۆتاییدا دەپرسم، مامۆستایانی کوردستان، چراهەڵگری ڕێگا تاریکو شەوەزەنگ، نەوەی نوێ لەسەر دەستی ئێوە پەروەردە دەبێت، ئێوە پیشەو کارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ بینادەکەن، ئەگەر لەم چەواشەکارییە بێدەنگ بن، ئیتر چۆن پێناسەیەک بۆ نەوەی نوێ بدۆزینەوەو چاوەڕێی چییان لێ بکەین.

# گەردەلولەکەی ویکیلیکسو چیغە شڕەکەی سەرۆکەکان

بورهان ساڵح

بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکان لەلایەن ماڵپەڕی (ویکیلیکس)ەوە لەسەر سیاسەتمەدارانو سەرکردە ناسراوەکانی جیهان، وەک ڕەشەبایەک خەریکە هەموو کونو کەلەبەرێک پڕدەکاتەوە.

خۆڵی ئەم ڕەشەبایە دەچێتە چاوی ئەو سەرکردانەوە کە تائێستا خۆڵیان کردووەتە چاوی خەڵکەوە، کێ بیری لەوە کردبووەوە، کە لە سەردەمی بچووکبوونەوەی جیهاندا بۆ گوندێکی ئەلەکترۆنیی، یاسای دانێک بە دانێک چاوێک بە چاوێکی حامورابی دووبارە بێتەوە، تا ئاشکرابوونی نهێنییەکانیان، نەتەوەپەرستو سیاسەتمەداری سەرکەوتوو، سەرکردەی ڕۆحیو تێڵا بە دەستو یاسادانەرو میهرەبانو تۆقێنەر هەر خۆیان بوون. لەمە بە دواوە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، تاوانبارو ناپاکو خاکفرۆشو بودەڵەو ترسنۆکو سازشکارو گەندەڵ هەر خۆیانن.

بڵاوبوونەوەی ئەو بەڵگەنامەو نهێنییانە، لێکۆڵینەوەو وتارو بابەتی زۆری لە سەرجەم ماڵپەڕو گۆڤارو ڕۆژنامە جیهانییەکاندا بە دوای خۆیدا هێنا، جگە لەمەش لە گۆڕەپانی سیاسییدا کێشمەکێشمو یەکتر تاوانبارکردنو بێبڕوایی بڵاوکردەوە، لە زۆرێک لە وڵاتان داوای دادگاییکردنی بەرکەوتووانی ئەو ڤایرۆسە دەنگێکی بەرزە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا داوای لێپێچینەوەو لێپرسینەوە لەوانە دەکرێت.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی، سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەڵێنی دەستلەکارکێشانەوەی داوە لە کاتی ساغبوونەوەو بەڕاست گەڕانی ئەو زانیارییانەی لەسەر ئەو سەبارەت بە تێوەگلانی لە گەندەڵیو بوونی چەند حسابێکی بانکیی نهێنیی لە بانکەکانی سویسرا، ڕەنگە ئاشکرابوونی ئەو نهێنییانە لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی زەمینەی شەڕێکی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لە دژی ئێران خۆشبکات، بۆیە ئەحمەدی نەژادی، سەرۆکی ئێران بە پلانێکی ئەمریکی ناوزەدی دەکات.

ئەمە مشتێکە لە نموونەی خەروارێک، وەک بەرپرسی ماڵپەڕەکە ئاشکرای کردووە، بڕیارە (٢,٨) ملیۆن بەڵگەی تر بڵاوبکەنەوە، ئایا دەبێت ئەو گەردەلوولی ڕەحمەتە ڕوو لە کوردی بەشمەینەتو هەمیشە چەواشەکراو نەکاتو دەیانو سەدان نهێنیی ئاشکرا نەکاتو چیغە شڕەکەی دەسەڵات لە بنەوە هەڵنەکەنێتو ڕووخساری ڕاستەقینەی پاڵەوانە خەیاڵییەکانو گفتوگۆی ژوورو هۆڵە داخراوەکانیان نەخاتە بەر ڕەحمەتی بڵندگۆ.

ئەگەر بووکەبەبارانەی چەند ساڵەی گەلی کورد، بارانێکی هیوابەخش بەسەر وشکەساڵیی بەڵێنە ناراستەکانی سەرکردە خۆسەپێنەکانی کورددا داچۆڕێنێت! بەهاری دەرکەوتنی ڕاستییەکان شکۆفە بکات! دەبێت پاساوی ئەم سەرکردانە چی بێت، ئایا دەبێت ئەو کاتەش هەر بڵێن، بەڵگەنامەکانی ماڵپەڕەکەش هەر دەستی بێگانەو بەرپرسی ماڵپەڕەکەش کۆنە بەعسیو سوننی توندڕەوە.

ئایا ئەمانیش وەک سیاسەتمەدارانی تری دنیا هەر هیچ نەبێت چاو لە سەرۆک وەزیرانی برا تورکەکانیان دەکەنو بەڵێن دەدەن دەستلەکار بکێشنەوە! یان هەمدیسان ئەو خۆڵەی گەردەلوولەکە دەیکاتە چاویانەوە، نایکەنەوە چاوی گەلو خیانەتەکانیش ناکەنە دەستکەوتو سەرکەوتنی بێوێنە بۆ خۆیانو پارتو بنەماڵەکەیان، ئایا دەبێت مەڵبەندەکەی لەمەڕ ئێمەش خاوەنی دەستوورو یاسایەکی وا بێت، کە بتوانێت سەروەریی خۆی بسەلمێنێتو ئەوانەی ناپاکییان لێدەرکەوت لە کەژاوەی پیرۆزیان داگرێتە خوارەوە بۆ بەردەم دادگا؟!

ئەی دەبێت ئەو هەموو وتووێژانەی لەگەڵ داگیرکەراندا کراوە، سیمینارێکی هاوبەشو داڕێژراو نەبووبێت؟! پشوویەک نەبووبێت درا بە دوژمن، دەرفەتێک بە خۆیان بۆ مانەوەی هەلومەرجی نەشەڕ نەئاشتی بۆ بەپێت ڕاگرتنی کێڵگەی قەوزەکردووی دەسەڵاتیان؟!

ئەم گریمانانەو سەدانی ترو هەزاران پرسیارو تێڕامان، دەسپێرین بە بادەکەی خۆش مروری گەردەلوولەکەی ویکیلیکسو هیواداریین چیغە شڕەکەی سەرکردەکانمان لە ڕەگەوە هەڵبکەنێت، تا ئێمەش وەک گەلانی خواپێداو ئەو دیوی چێغەکەیان کە ڕووی ڕاستەقینەو کاراکتەی خۆیانیان تێدا شاردووەتەوە، بە ئاشکرا ببینینو ژمارە بانکییە نهێنییەکانیانو سازشو بودەڵەییو خۆبەدەستەوەدانەکانیان، هەمووی ببێت بە تفو نەفرەتی گەلو مێژوو ناوچەوانو ملی کەچیان بۆ هەمیشە شێدار بکات.

# ئاماژەکانی هەڵبژاردنی مامۆستایان



هیوا جەمال

سەرەڕای پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنو ناتەواویی لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکەدا، هەڵبژاردنی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە مەبەستی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە، جێگەی بایەخە.

هەڵبژاردنەکە لە چەند ڕوویەکەوە چەند مەسجێکی پێیە، ئەوانیش: ڕووی (سیاسیی، ڕێکخراوەیی، ڕۆشنبیریی، پرۆسەی هەڵبژاردن، دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن).

لەڕووی سیاسییەوە: هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕاوەکانیش ئەنجامدرا، لە یەک ڕۆژو کاتدا، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەمانەوێت بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بڕۆینو نوێنەرەکانمان بە هەڵبژاردن ببنە ئەندامی کۆنگرە، نەک بە دانانو تەعین.

هەر لەڕووی سیاسییەوە، حیزبە دەسەڵاتە بەدەستەکانی هەرێم بەدەرنەبوون لە دەستێوەردان لە پرۆسەکەو دیسان وەک هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو هەرچی لە توانایاندابوو، ئەنجامیان دا، بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکە، بێگومان بەشێک لە ڕێڕەوەکەشیان گۆڕی.

لەڕووی ڕێکخراوەییەوە: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ماوەی (١٢)ساڵە کۆنگرەی نەبەستووەو هەڵبژاردنی ئەنجام نەداوە، کە لە ڕاستیدا میسداقییەتی کەوتبووە گومانەوەو بەڕێوەبەرانی شەرعییەتیان لەدەستدابوو، بەڵام ئەم کۆنگرەیە بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە، شەرعییەت دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕێکخراوەکە.

لەو بڕوایەدام یەکێتیی مامۆستایان گەورەترین ڕێکخراوە لە ڕووی ژمارەوە، چونکە زیاتر لە (١٢٠) هەزار ئەندامی هەیە، بۆیە دەتوانرێت حساباتی زۆر لەسەر هەڵبژاردنەکەو ئەنجامەکانو دەرئەنجامی کۆنگرەکەش بکرێت، بە تایبەت کە مامۆستایان ئەرکی پەروەردەکردنی ڕۆڵەو نەوەکانمانیان لەئەستۆدایە.

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە: بەگشتیی مامۆستایان وەک چینێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر لە قەڵەم دەدرێن، ئەم چینە ڕۆڵو نەخشیان لە کۆمەڵگەدا دیارە، دەبێت لە زۆربەی چینەکانی تریش ڕۆشنبیرترو تێگەیشتووتر بن، بەڵام بەداخەوە گرفتێک لێرەدا هەیە، ئەویش لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت.

وا دەبینرا کە چینە ڕۆشنبیرەکان (مامۆستا وەک یەکێک لەوان) باشتر لە خەڵکانی ئاسایی لە کەموکوڕییەکانو گەندەڵییو لادانەکانی دەسەڵات تێبگەنو ئەو چینە بتوانن دەسەڵات ئاگادار بکەنەوە لە کەموکوڕییەکان، بە تایبەت ئەو سیستمەی کە ئێستا دەسەڵات کاری پێدەکات.

لە ڕووی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە: دەنگدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان بە لیستی دەسەڵات، جێگەی نیگەرانییە، لەبەرئەوەی:

١. لیستی دەسەڵات ئەو ماوە درێژە هەڵبژاردنی لە ڕێکخراوەکەدا نەکردو گومانی لە میسداقییەتی دروستکرد.

٢. خاوەنەکانی «لیستی مامۆستایانی کوردستان» ئەم وڵاتە بەڕێوەدەبەنو ڕۆژانە گلەییان دەچێتە سەرو سیستمێکی خراپی بەڕێوەبردن پیادە دەکەن.

٣. نارێکیی لە دابەشکردنی پۆستەکانو سامانی گشتیدا لە ناوەوەو دەرەوەی ڕێکخراو، لە ئەستۆی لیستی دەسەڵاتدایە.

هەر لەوبارەیەوە، پێویستە ئۆپۆزسۆن، جارێکی دیکە چاو بەو پەیامەیدا بخشێنێتەوە کە ئاراستەی خەڵکی کردووە، چونکە دەبێت وای دابنێین کە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە پەیامەکەی سەبارەت بە خراپیی سیستمی حوکم لە وڵاتدا بگەیەنێت بەو چینە ڕۆشنبیرە، بۆیە بەو شێوەیە ئەنجامەکان دەرچوون.

هەر لەسەر ئۆپۆزسیۆن پێویستە بە میکانیزمی کارکردنیدا بچێتەوەو جارێکی دیکەش چاو بە گوتارەکانی سەبارەت بە دەسەڵاتو هەرێمی کوردستان بخشێنێتەوە، چونکە بێگومان کەموکوڕیی هەم لە پەیامەکەو هەمیش لە گەیشتنیدا هەیە.

پێشنیازی چەند پرۆژەیەک لە بواری بیناسازییدا 22

# نامەیەک بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز، جەنابی سەرۆک، من وەک ئەندازیارێکی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیا، وا بۆ سالێک دەچێت کە دەمەوێت ئەو هەڵە ستراتیژییەی کە لە هەڵبژاردنی مەساری هێڵی ئاسنی کەرکوک- سلێمانیدا کراوە بخەمە بەردەستی جەنابتان.

ئێوە وەک تاکە بەرپرسی باڵا لەم هەرێمەدا، بەپێی دەستوور، فراوانترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنتان پێدراوە، بۆیە ئەگەر بێتو ئەو پرۆژەیە بەو شێوەیە جێبەجێبکرێت، ئەوا بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی جەنابتانەوە.

بەڕێز، جەنابی سەرۆکی هەرێم، مەساری هێڵی شەمەنەفەری کەرکوک/سلێمانی، هەتا چەمچەماڵ بە ڕێکوپێکی هاتووە، بەڵام لە ناوچەی بازیان، دوو تونێلی تێدەکەوێتو تونێلەکە لەخوار فرۆکەخانەکەی سلێمانییەوە سەر دەردەکات، هیوادارین کە جەنابتان تەدخول بکەنو مەسارەکە بگۆڕن، بۆئەوەی لە خۆرئاوای تەکیەوە بەرەو سەیتەرەی دوکان/سلێمانی بڕوات، نەک بەرەو تانجەرۆ.

بەڕێز، جەنابی سەرۆکی هەرێم، ئەمە ڕاستییەکی زانستیی ماتماتیکییەو ئیجتیهاد قبووڵ ناکات، فەرموون ئەم ڕوونکردنەوەیە:

١- مەسارەکەی ئێستا: (١١٨کم)درێژەو (٩کم)ی تونێلە، کولفەکەی نزیکەی (٢)ملیار دۆلارە بە دیزاینەکەوە، من دڵنیام کە ئەو کولفەیە زیاد دەکرێت!

٢- مەساری ئەلتەرناتیف: (٨٥کم)درێژە، (٦کم)ی تونێلەو بەو پێوەرەبێت، پێویستی بە نزیکەی (١،٢)ملیار دۆلار دەبێت.

٣- ئەگەر ئەو مەسارە نەگۆڕدرێت، وەک عەرەب دەڵێت: ئەو پرۆژەیە (عقیم)دەبێت، لەبەر هۆکارە تەکنیکییەکانی تۆپۆگرافو لە داهاتوودا موستەحیلە بەرەوە، پێنجوێن (کە مەبەستە) درێژبکرێتەوە، بۆیە دەکرێت بەو پارە زیادەیە، خەتی سلێمانی- هەولێر جێبەجێبکرێت، کە درێژاییەکەی نزیکەی (٨٠کم)ێکەو بەم شێوەی خوارەوە:

لە کانی شەیتانەوە (کە دەبێتە وێستگەی سەرەکیی لە سەرەتاوە) بەرەو -ئاغجەلەر- گۆپتەپە-کۆیە-بێستانە-قوشتەپە (دەبێتە وێستگەی سەرەکیی لەکۆتاییدا)،

ئەمەش مەساری ئەلتەرناتیڤە بۆ هێڵی کەرکوک-سلێمانی:

خۆرئاوای تەکیە- خۆرئاوای کانی شەیتان- نێوان گوندی باینجانو سەرچاوە- لەنێوان سەیتەرەی سلێمانی-دوکانو لای گوندی باخان کۆتایی دێت.

ئەم هێڵە لە داهاتوودا بەرەو ئێران بە بناری پشت فەرماندەیدا بەردەوام دەبێتو بە پشت بەنداوەکەی سەرچناردا، ئەزمڕ دەکات بەتونێل بەرەو جادەی عەربەت- دووکانیانو ناڵپارێز-پێنجوێن- بەرەو ئێران.

بەڕێز، جەنابی سەرۆکی هەرێم، سەقەتی هەڵکەوتەی سروشتیی شاری سلێمانیو زەعیفی ئیدارەی شارەکە لە ساڵانی ڕابرووداـ سلێمانیی تووشی چەندین قەیرانی بنیاتنان کردووە، کە چارەسەریان مەحاڵەو ئەگەر ئەو مەسارە چارەسەر نەکرێت، ئەوا لەداهاتوودا سلێمانی تووشی گەورەترین قەیرانی بنیاتنان دەبێتو بەستنەوەشی لە ڕێگای هێڵی ئاسنەوە بە شاری هەولێرەوە مومکین نابێت.

بەڕێز، جەنابی سەرۆکی هەرێم، ئێمە ئامادەین بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، لەگەڵ هەر لایەنێکی پەیوەندیداری عێراقی، یاخود کۆمپانیا بیانییەکە هاوکاربن.

خەڵکانی ناوچەکە بەسەرسورمانەوە دەپرسن: چی مەساری ئەو هێڵەی گەیاندە سنووری قەرداغ!؟ هێڵێکی (١١٨کم)ی بۆ دەبێت (٩کم) تونێلی تێبکەوێت، لە کاتێکدا تونێلی ئەلتەرناتیڤ هەیە بە(٦کم)!؟

هیوادارین نەوەکانی داهاتوو گلەییمان لێنەکەن.

**ڕێزمان بفەرموون..**
**ئەندازیار: ئەمین جاف-ئەڵمانیا**

# درامای «هەیئە» بنەماڵەی شەهیدێک نیگەران دەکات

**ڕاپۆرتی: چاوان عەلی**

درامای هەیئە بنەماڵەی شەهید سەروەر نیگەران دەکاتو ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە وەکو پێویست گرنگیی بە کەسایەتیو ڕۆڵی ئەو شەهیدە نەدراوەو جیاوازییەکی زۆر لە ڕۆڵی سەروەرو ڕاستیی ڕووداوەکەدا هەیە.

درامای هەیئە کە شەوانی جەژنی قوربان لە سێ ئەڵقەدا لە شاشەی کەناڵی کوردساتو هەفتەی ڕابردووش لە کەناڵی زاگرۆس نمایشکرا، لە نووسینی سەلام عەبدوڵڵاو دەرهێنانی بەکر ڕەشید، باسی لە ڕووداوێکی مێژووی خەباتی کورد دەکرد لە ساڵی (١٩٧٧)، بەڵام بە بۆچوونی بنەماڵەی شەهید سەروەرو زۆرینەی شۆڕشگێڕەکان. لە باسکردنی ڕووداوەکەو تەنانەت لە تۆمارکردنی دراماکەشدا مافی خۆیان پێ نەداوەو زیاتر گرنگیی دراوە بە پاڵەوانی دراماکە، کە ئەمڕۆ لە ژیاندایەو نووسەری ڕۆمانەکەیە.

میران ئەنوەر عەلی، برازای شەهید سەروەر عەلی، بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوە کرد: «ئەوان وەک بنەماڵە، بە تەنیا لەوەدا دەستخۆشییو سوپاسی خۆیان ئاراستەی نووسەرو دەرهێنەری ئەم درامایە دەکەن، کە توانییان ناوی شەهید سەروەر (بەس وەکو ناو) بخەنەوە بەر گوێی هاوڕێو هاوسەنگەرانو بنەماڵەکەی، چونکە سەروەر، لە چاو شۆڕشگێڕییو نەترسییو جوامێرییەکەی لە خەباتی کوردایەتیدا، تاکو ڕادەیەکی فراوان ناوی ونەو لە باسکردنی مێژووی گەلەکەماندا مافی خۆی نەدراوەتێ.

بە بڕوای بنەماڵەکە، لە دراماکەدا شەهید سەروەر، تەنیا وەکو کەسایەتییەکی لاوازو لاوەکیی (کۆمبارس) دەرکەوتووەو پێیانوایە: «تەنیا ویستراوە زیندانەکەی پێ قەرەباڵغ بکەنو بۆشایی پێ پڕ بکەنەوە»، چونکە بە وتەی میران: «ئەو بەڕێزەی وەکو ئەکتەر ڕۆڵی سەروەریان پێ سپاردووە، بەرجەستەی نەکردووە وەکو خۆی، بەڵام ئێمە گلەییمان لەو کەسە نییە، چونکە هەر ئەوەندەی لەسەر بووە کە بە دڵی دەرهێنەر ڕۆڵ ببینێتو دەرهێنەریش لەوەدەچێ تا ڕادەیەکی زۆر شارەزایی لە ڕاستییو مێژووی ئەم ڕووداوە کەموێنەیە نەبووبێت».

بنەماڵەی شەهید سەروەر، جەخت لەوە دەکەنەوە؛ کە (سەروەر) لەو داستانەدا شەهید نەبووە، بەڵکو ئەویش بە هەمان شێوەی (سەلام) لە ڕێگەیەکی ترەوە بە چەندین نەهامەتییو لە ماوەی چەند شەوو چەند ڕۆژێکی یەک لەدوابییەک بە دەشتو دەری نێوان کەرکوکو سلێمانیدا وەکو پاڵەوانێکی تری دراماکە کە باسکردنو چارەنووسی لە دراماکەدا فەرامۆشکراوەو نادیارە، گەیشتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەو چەکی خەباتی کردە شان، هەمان پاڵەوانێتی بۆ خۆی لە مێژوودا تۆمار کرد، تاکو بەرواری ١٩٧٩/٦/٢٧ شەهید کرا.

بە بڕوای میران: «جیاوازیی زۆر لەنێوان ڕۆمانەکەو دراماکەدا هەبوو، نموونەی دیمەنە ناڕاستەکانیش (تەقەکردن لە لایەن حەرەسو پیاوانی ڕژێم) کاتی ڕاکردنی زیندانییەکان.

# کوردستان پێویستی بە تۆڕێکە لە هێڵی ئاسن

**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**

گواستنەوەو گەیاندن، شادەماری بنەمای ئابووریی هەموو وڵاتێکەو ئامرازەکانی گواستنەوە بریتیین لە ڕێگاوبان، هێڵەکانی ئاسن، هێڵە دەریاییەکان، هێڵی ئاسمانییو ئەمڕۆش لە سایەی شۆڕشی ئەلەکترۆنییەوە، ئینتەرنێت گشت سنوورەکانی بەزاندووە، بۆیە لەئێستادا ئینتەرنێت بووە بە ئامرازێکی گواستنەوەی زانیارییو داتاو پەیوەندییە بازرگانییەکان، بە تایبەت لە کاری بانکەکاندا.

هێڵەکانی ئاسن بۆ گواستنەوە، چ لە بواری بازرگانی، گەشتوگوزارو گواستنەوەی هاوڵاتییان لە کاتی جێبەجێکردنی کارە ئاساییەکانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، لەبەرئەوە هێڵەکانی ئاسن، گەورەترین خزمەتی ڕاستەوخۆ بە گشت سێکتەرەکانی ئابووریی پێشکەش دەکەن.

لەبەر گرنگیی ڕۆڵی هێڵەکانی ئاسن وەک ئامرازی گواستنەوە، ئاماژەیەکی کورت بۆ وڵاتی ئەڵمانیا دەکەین، وەک نموونەیەکی چالاک لەو بوارەدا.

لە ئەڵمانیادا، سێ جۆر لە خەتی ئاسن هەیە-

١- FERNBAHN سیستمێکی بەهێزی گەورەی تایبەت بە گواستنەوەی نێوان شارە گەورەکانە.

٢- STADTBAHN سیستمێکی مامناوەندییە لە نێوان شارە گەورەکانو شارۆچکەکانی دەوروبەریدا.

٣- STRASSBAHN سیستمێکی زۆر ساکارو سادەیە، بۆ ناو شارە گەورەکان لەناو شەقامەکاندا کاردەکات.

* ئەڵمانیا کە ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٠٠)کیلۆمەتر دووجا لە عێراق بچووکترە، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بەدرێژایی (٣٤,٠٠٠) کیلۆمەتر، هێڵی ئاسنی تیادا بووە، ئەمە تەنیا لەنێوان شارە گەورەکاندا، نزیکەی (٢٠,٠٠٠)کم لە هێڵە لاوەکییەکان، ئێستاش زۆر لەو ژمارەیە زیاترە، (بۆ ڕوونکردنەوەو بەراورد، بە واتای (٥٤)ئەوەندەی هێڵێکی ئاسنی نێوان بەسرەو زاخۆیە).

تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (٢٩)ملیار یۆرۆ داهاتی هەبووە، (٢٣٩٠٠٠) کارمەند، (١٠,٠٠٠) ویستگەی سەرەکیو لاوەکیی، (٢)ملیار هاوڵاتی گواستووەتەوە، (٣٤١) ملیۆن تەن کەرەستەی گواستووەتەوە، (٩٣)تەن کەرەستەی لە هەر کیلۆمەترێکدا گواستووەتەوە.

کاتێک کە تەماشای وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا دەکەیت، بەسەدان چیای زەبەلاح بڕاونو کراون بە تونێلو بەسەدان پردی گەورە لەسەر ئەو هەموو ڕووبارو شیوانە بەستراون، ئەم کارانە هەر ئینسان جێبەجێیکردوون، بۆیە کورد پێویستی بە ئیرادەو ئیدارەی سەرکردەی لەخۆبووردووە بۆ ئەو کارانە!

پێکهێنانی تۆڕێک لە هێڵەکانی ئاسن بۆ کوردستان، ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانییەو جێبەجێنەکردنی ئەوکارەش، پێشێلکردنی



هێڵی ئاسن پێویستییەکی گرنگە بۆ کوردستان

مافو پێویستییەکانی ئەو خەڵکەیە، چونکە لەوانەیە لە داهاتوودا، فرسەتی وەک ئێستا لە بوارەکانی سیاسییو ئابووریشدا بۆ کوردستان نەڕەخسێت.

گرنگیی ئەو تۆڕی ئاسنە بۆ کوردستان:

١- بەستنەوەی کوردستان لە ڕێگای هێڵێکی ئاسنی مۆدێرنەوە بە تورکیاوە، کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبەستێت بە ئەوروپاوە.

٢-لەسەر ئاستی نەتەوەییو نیشتمانیی، بەستنەوەی کوردستان لە ڕێگای ئەو هێڵانەوە بە وڵاتانی دراوسێوە، هەرچوار پارچەکەی کوردستان پێکەوە گرێدەدات، کاتێک کە سلێمانی بە ئێرانەوە دەبەستین، بە واتای پێکەوەبەستنی خۆرهەڵاتی کوردستانو باشووریەتی، بەهەمانشێوەش کاتێک کە دهۆک دەبەسترێت بە قامیشلۆوەو هێڵی ئاسنی خانەقین -زاخۆ، کرماشان بە دیاربەکرەوە دەبەستێتو هێڵی ئاسنی دهۆک- سلێمانی، قامیشلۆ بە سنەوە گرێدەدات.

بەمشێوەیە وێستگە سەرەکییەکەی هەولێری پایتەخت کە قوشتەپەیە، دەبێت بە سەنتەری هەر چوارپارچەکەی کوردستان وەک لە نەخشەکەدا هاتووە.

٣- تۆڕێکی ئاسنی لەو شێوەیە، گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت لە سەر ئاستی ئابووریی نیشتمانییو پەیوەندییە نەتەوەییەکان.

٤-بوونی ئەو تۆڕە ئاسنە، پشتگیرییەکی گەورەیە بۆ کەرتی گەشتوگوزارییو باشترین کارئاسانییو هاندەرە بۆ گەشتیارانی بیانیی.

٥- پاراستنی ژیانو سامانی هاوڵاتییان، کەمکردنەوەی کارەساتەکانی هاتوچۆ، بەهۆی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلەکانەوە.

٦- کارئاسانییە بۆ گواستنەوەی نەوتو غاز لە ناوەو دەرەوەی وڵات.

٧- بەکارهێنانی شەمەندەفەر بۆ گواستنەوەی هاوڵاتییان، پشتگیرییەکی مادیی گەورەیە بۆ خەڵکانی هەژار، نەدارا، کەمدەرامەت.

٨-هاندەرو پشتگیرییە بۆ سێکتەری ئاوەدانکردنەوە.

٩- باشترین خزمەت پێشکەش بە وەزارەتو دامودەزگاکانی حکومەت دەکات، بە چارەسەرکردنی گواستنەوەی کارمەندە حکومییەکان.

١٠- کوردستان دەبێتە سەنتەرێکی بازرگانیو گومرگیو ڕێگای ترانزێتی نێودەوڵەتیی، جگە لە بەستنەوەی وڵاتانی خۆرئاوای کوردستان بە وڵاتانی خۆرهەڵاتەوە، وەک ئێرانو سوریا کە ئاستی هەموو پەیوەندییەکانیان لە لوتکەدایە، بەڵام هیچ خەتێکی سنووریو شکایی کەمخەرجیی نایانبەستێت بەیەکەوە، هەروەها لوبنان.

ئەو تۆڕی ئاسنە، لە هەمانکاتدا تورکیا دەبەستێت بە باشووری ئێرانەوەو ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی ئابووریی گەورەیەو نابێت لەم خاڵەدا دەستکەوتە سیاسییەکانمان لەبیرچێت.

١١- پاراستنی ڕێگاوبانەکان لە داتەپینو تێکچوون کە ساڵانە پێویستیان بە ملیۆنەها دۆلارە بۆ چاککردنەوە، ئەویش بە کۆتایهاتنی گواستنەوەی باری قورس لەسەر جادەکان، وەک شیشو چیمەنتۆو نەوت.

١٢- لەبەرئەوەی بەرد لە کوردستاندا وەک سامانێکی نیشتمانیی، بە پلەی دوو دێت لە دوای ئاو، پاش کۆتایی نەوت، بۆیە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە کوردستان ببێت بە گەورەترین بازاڕو هەناردەکەری هەموو جورەکانی بەرد بۆ وڵاتانی کەنداو.

پێویستترین پرۆژە بۆ ئەمڕۆی کوردستان، کام هێڵە؟

**پرۆژەکان بەپێی پێویست :**

أ- هێڵی هەولێر-سلێمانی بە پلەی یەک، زۆر پێویستەو ڕێڕەوەکەی بەم ناوچانەدا تێدەپەڕێت:

گوندی کانی شەیتان دەبێت بە وێستگەی سەرەکیو خاڵی سفر، چونکە لە داهاتوودا هێڵی کەرکوک- سلێمانی دەبێت بە کانی شەیتاندا تێبپەڕێت، کەواتە -کانی شەیتان- ئاغجەلەر- گۆپتەپەی- باشووری کۆیە- بێستانە- قوشتەپە کە دەبێتە وێستگەی سەرەکیی هەولێرو قوشتەپە دەبێتە خاڵی یەکگرتنەوەی هەردوو هێڵی هەولێر- کەرکوک، هەولێر- سلێمانی لە داهاتوودا.

ب- هێڵی خانەقین- زاخۆ، بەرەو تورکیا تایبەت بە گواستنەوەی بارو نەوت، بەم شێوەیە:

خانەقین- کەلار- کفری- باکووری قادرکەرەم- باکووری لەیلان-چیمەن- حەسار- قوشتەپە- هەولێر- بەردەڕەش- فایدە- زاخۆ، بەرەو تورکیا.

ج- هێڵی کەرکوک- سلێمانی- پێنجوین،بەرەو ئێران بەم شێوەیە:

کەرکوک- چیمەن- گۆران-سەیدان- خۆرئاوای چەمچەماڵ-گوندی باوەفەتێ- کانیشەیتان- باینجانی سەروو- نێوان گوندی باخانو حەسەن تەپە-لەوێدا جادەی دوکان دەبێتە ویستگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ هەر سێ ئامرازەکەی گواستنەوە، ئۆتۆمبێل، فڕۆکەو شەمەنەفەر (پاش دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ فڕۆکەخانەی بەکرەجۆ لە سەیتەرەکەی دووکان بەو لاوە)،

- لە داهاتوودا هێڵی سلێمانی- ئێران بە بناری پشت فەرماندەیدا- پشت بەنداوەکەی سەرچنار- لە ئەزمڕەوە بە تونێلێکی مودێرن-ڕێگای عەربەت- دووکانیان دەبڕێت- ناڵپارێز- پێنجوێن- بەرەو ئێران.

د- هێڵی کەلار- سلێمانی، لە عەربەت لەگەڵ هێڵی سلێمانی- هەڵەبجە لەیەک دەدات.

هـ- سلێمانی- هەڵەبجە، لە وێستگە نێودەوڵەتییەکەی جادەی دووکانەوە- بە بناری تاسلوجەدا-باشووری فڕۆکەخانەکە- تانجەرۆ-لە عەربەت لەگەڵ کەلار- سلێمانی لەیەک دەدات.



# گۆڕانخوازی کۆنو گۆڕانخوازی نوێ

هیمداد هیرانی

کۆنو نوێ، وەک دوو چەمک لەوەتەی ژیان هەیە لە ململانێی بەردەوامدان. شێوازی جیای ململانێکانیان ئاراستەو بەرهەمی ململانێکانی گۆڕیوە، بە ئاقاری هەردوو حاڵەتی نەگەتیڤو پۆزەتیڤ.

کاتێک تێگەیشتنی کۆن بۆ نوێ، بــەردەوامــیو تواناو وزەو داهێنانی نوێ دەبێت، کاتێک تێگەیشتنی نوێ بۆ کۆن، سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی پڕ لە ئەزموونو هاوکارێکی بەردەوامی نوێو پردی دانەبڕان دەبێت لە مێژوو.

ئەوا، ئاستی تێگەیشتنو قبووڵکردنی یەکتر بە ئاڕاستەی دروستبوونی پردی دیالۆگ لەنێوانیاندا ئاستێکی بەرزو پڕ لە بەرپرسیارێتی دەبێت، کە سوودمەندی ئەم لێکتێگەیشتنە بەگشتی کۆمەڵگە دەبێت.

کـۆمـەڵـگـە بـە هـــەردوو (کــۆنو نوێ)، پەراوێزخستنی هەریەکەیان لە هاوکێشەی گشتیی پەیوەست بە کایەکانی ژیــان، زیان بە هــەردوولا دەگەیەنێت، ئەمەش بەو مانایە، ئەوە کۆمەڵگەیە لە دواجاردا بە ئاڕاستەیەکی نالەبارو ئاڵۆزو لێکتێنەگەیشتن دەبات.

هەموو تێڕوانینێکی لۆژیکیو زانستی کۆکە لەگەڵ ئەوەی کە کۆن هەبێ ئەبێ نوێش هەبێ، بە پێچەوانەشەوە، ناکرێ نوێ هەبێ کۆن نەبێ، کەواتە کارلێکی ئەم دوو چەمکە کارلێکێکی دوو سەرەو هاوبەشە یەکیان بێ ئەوی تریان نابێو ناژی.

تێگەیشتن لە پەیوەندی کۆنو نوێ بەپێی شوێنی ململانێکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت.

کــاتــێ ململانێی کــۆنو نــوێ لە دوو بــەرەی جیاوازدا دەبـن، جیاوازە لەوەی کە لە یەک بـەرەدا دەبنو یەک بەرنامەی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، لە هەردوو حاڵەتدا گۆڕان بەسەر شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەو تەعامولی یەکتر دەبینێت، ئەگەر وەک پەیڕەوکردنیش بێت لە سیستمی دیموکراسی دنیا، تەنیا دیموکراسییە دەتوانێت ئەم پەیوەندییە ڕێکبخات، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت بە میکانیزمو دامەزراوەی دیموکراسی ئەم پەیوەندییە ڕێکبخرێت، نەک بە تیۆرێکی ڕووتی دیموکراسی.

ئەگەر لە کوردستانو جوڵانەوە گۆڕانخوازییەکەیدا، هەڵوەستەیەک لەم دوو هێزگەلە بکەین (کۆنو نوێ)، میتۆدی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ یەکتردا لە سوچێکیدا، هەڵسوکەوتی ژیرانەو دڵخۆشکەرانەیە، لە سەرێکی ترەوە لێکتێنەگەیشتنێک هەیە کە دڵخۆشکەر نییە. ئەوەی پێویستە بۆ هەموو لایەکو گرنگە بگەڕێین بــەدوایــدا، وەڵامــی پرسیارگەلێکە بۆ ئەوەی ململانێکان بە ئاراستەیەکی تەندروست بەرین، وەک: ئایا کۆن کێن؟ ئایا نوێ کێن؟ ئایا تەمەن مەرجە بۆ نوێ بوونو کۆن بوون؟ ئایا کەسانێک لە سیاسەت کاریان کردبێت ناکرێ نوێخوازبن؟ ئایا هەموو ئەوانەی لە نوێ سیاسەت دەکــەن نوێخوازن؟ ئایا پیرێک دەتوانێت هەڵگری پەیامێکی نوێ بێت؟ ئایا ناکرێت گەنجێک هەڵگری پەیامێکی کۆن بێت؟ ئایا دەکرێت کۆن هێز بێت بۆ نوێ؟ ئایا دەکرێت نوێ هێز بێت بۆ کۆن؟ ئایا هەموو کۆنێک کۆنخوازە؟ ئایا هەموو نوێیەک نوێخوازە؟ وە ئایا نەواتی تەندروستیی نێو هەردوو کۆنو نوێ دەتوانن یەکتر بدۆزنەوە؟ دەیان پرسیارگەلی تر کە پێویستیان بە توێژینەوەی دروســت هەیە، بۆ ئەوەی پرۆسەی بەنوێکردنەوەی کۆنو بەردەوامیی بەیەکەوە کارکردن، ببێتە چاوگی لێکتێگەیشتنو پێشکەوتن.

گــەر ســەیــری ئــەزمــوونــی گــەلان بکەین، کاتێک ڕێنیسانس سەریهەڵدا هێزگەلێکی نوێخواز بوو، کە توانیی لە فەرەنساوە تیشکی کاریگەرییەکانی بۆ ئەورووپا بە تایبەتیو دونیا بە گشتیی بنێریت، ئــەوانــەی بەشدارییان لەم جوڵانەوە مێژووییەو کاریگەرە کرد، بە تەنیا گەنج نەبوون، بە تەنیا پیرە سیاسیی نەبوون، بە تەنیا گۆڕانخوازو ڕۆشنبیرو پێشکەوتنخوازی دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە نەبوون، بە تەنیا پێشکەوتنخوازو گۆڕانخوازی نێو دەسەڵاتیش نەبوون، بەڵکو نەواتی گۆڕانخوازو پێشکەوتنخوازی هەر چوار بەش بوون بەیەکەوەو شانبەشانی یەکتر بەشدارییان کرد لەژێر پەیامێکی هاوبەش لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.

ڕوویەکی تری کەلتووری وڵاتانی خــاوەن ڕێنیسانس بریتییە لە: بۆنەی تایبەت بۆ ڕێزلێنانو بــەرز ڕاگرتنی بەخششی شۆڕشگێڕو بەرگریکارو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو... هتد. هەموو ئەوانەی بەشداریی کاریگەریان هەبووە لە پارێزگاریکردنو بنیاتنانی وڵاتدا، چونکە ئەمانە بوون بە بەشێکی کەلتوریی وڵاتەکانیان، کە نەوەی نوێ شانازییان پێوە دەکاتو بە سەنگەوە بەشداریی لەم ڕێزلێنانە دەکات.

لەو وڵاتــەوە، لە وڵاتەکەی ئێمە، بەشێوەیەکی گشتیی هەموو ئەوانەی بەشدارییان لە بەرگرییو بنیاتنانی وڵات کردو بە هەموو چینو توێژەکان، دڵسۆزی ئەم وڵاتە بوون.

لەم کاروانەشدا بە هــەزاران کەس گیانی خــۆیــان بەخت کــرد، ئەمەش ڕووە جوانەکەی کەلتوری ئێمەیە بەشێوەیەکی گشتیی، بەڵام لەلایەکی تــرەوە پرسیارگەلێکی نەگەتیڤیش دروستبووە لەسەر ئەم وردە کەلتورییە، کە بەهۆی گرووپێکی کــەمو تایبەت لە شۆڕشگێڕانی دوێنێ کە خەباتو بەرگریی وڵاتیان کــردووەتــە چەکی پاراستنو قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانیان، بەرتەسککردنەوەی ئازادییو بەهەدەر بردنی موڵکی گشتیی... هتد، خۆیان کردووە بە خاوەنی ئەم کەلتورە، کە لە بنچینەدا ریسواکەرو عەیبداری کەلتورە پڕ سەروەرییەکەن، هەر ئەمانەش لە ڕێگەی هێزو کۆمەڵێک دامــەزراوەی تایبەتیی خۆیان، لەژێر دروشمی گەورەو جوانو بریقەداردا سیاسەتێکی توندو لە سەرێکی تریشەوە دیماگۆگیانە پەیڕەو دەکەن. کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تەواوی تاکەکان جێهێشتووەو کەلتورێکی درۆزنانەی داهێناوە، واتە؛ کەلتوری (درۆ، دزیی، گومان، بێڕێزیی، خۆبەزلزانین)، لەم کەلتورە سەقەتەدا هەموو شتەکان تێکەڵ بەیەک بوونو جیاکردنەوەیان لە یەکتر کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەبێت گۆڕانخوازان بە پیرو گەنجەوە کاریگەریی ئەم وردە کەلتورە ناتەندروستە بە هەند وەربگرنو دەبێت لەم ڕاستییە بگەن کە گەورەترین (تحدی) ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بریتییە لە: بەرپەرچدانەوەی ئەم وردە کەلتورە، لە کاتێک هەر وەک چۆن ئاماژەمان پێدا کە کاریگەریی ئەم وردە کەلتورە بە ڕێژەیەک لە ڕێژەکان لەنێو هەموومان(کۆنو نوێ)جێگای خۆی کردووەتەوەو خۆڕزگارکردن لە کەلتور، ئەرکێکی سەرەکیی گۆڕانخوازانە لە ئەمڕۆدا، کە بەمەش دەتوانین گۆڕان لــەم ڕووبــەڕووبــوونــەوە کەلتورییە، خەتەرناکە، گشتگیریە، بپارێزین.

بە وردبوونەوە لە کۆمەڵێک ڕەهەندی جیا، وەک سەرەتایەکی گرنگ، هاریکار دەبێت بۆ دەستپێکی کەلتورێکی نوێی سیاسیی جڤاکیی وەک: خۆڕزگارکردن لە شێوە تەشکیلاتێک کە تا ئێستا باو بووە، کە تەنیا دیکتاتۆری گەورەو بچووکی بەرهەم هێناوە، واتە: دەبێت تەشکیلەیەک بێت، کە ڕەنگدانەوەی کاری بە کۆمەڵو بەشداری فراوانی چینو توێژەکانی بێت لە(دروستکردنی بڕیار)دا.

هەرچۆنێک بێت دەرئەنجامەکەی گرنگە، بنەمای کــاری تەشکیلاتی پێکهاتەیەک بێت لە هەمووان، لە کۆن، لە نوێ ،لە هەموو ئەوانەی کاریان کردووەو شــارەزان لە یەکێک لە بوارەکان، ئەم حاڵەتەش دەبێت بە کۆمەڵێک پرنسیپی هەڵسەنگاندنی تەندروستو دیاریکراوو ڕووندا بڕوات.

هەروەها ناکرێت بزووتنەوەیەکی سیاسیی کە کــاری سیاسیی دەکــات، ببێتە داهێنەری نۆرمێکی سیاسیی کە کاری سیاسیی بکات بە پیشە، لەپێناو بژێویی ژیــانو قــووتو ئیمتیازاتدا، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا توخمی دوو ڤایرۆسی کوشندەن لەسەر تاک، یەکێکیان: زەوتــکــردنــی ئازادییە لە تاکو وابەستەکردنو ملکەچکردنیەتی بەخۆیەوە، ئەوەی تریان: ناچارکردنیانە بۆ دەستەگەریی نابەجێو خزمخزمێنەو دابڕان لە جەماوەرو خۆسڕکردنو بوون بە کاڵا، بۆ پاراستنی دەستکەوتە (مووچە) سیاسییەکە.

لەکاتێکدا، کە کاری سیاسیی لە بنەڕەتدا کارێکی ئازادانەیەو زۆر جاریش کارێکی خۆبەخشانەیە، کە بنەماکەی بریتییە لە: کۆمەڵێک بەها نەوەک شتی تر.

باشترینو دیــارتــریــن نموونە، ئەزموونی بەحیزبیکردنی کۆمەڵگا بوو لە ڕێگەی تاکەکانەوە، کە نەک هەر ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیانی زۆریشی گەیاند بە کایەی سیاسییو ئابووریيو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی کۆمەڵگا.

دواجار، ئەوەی کە ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، کە وا کەشتییەکەی ئازادیی، هێور هێور سەهۆڵبەندانی دەریای ناعەدالەتییو بەحیزبیکردن دەتوێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕووی شینو گەشی دەریای نەتەوەو نیشتمان چــاوی منداڵانی ئــەم وڵاتە بگەشێنێتەوە، بۆیە هەموومان وەک(کۆنو نــوێ)ی گۆڕانخواز، سەرنشینی ئەم کەشتییەین کە هەڵگری خەونی نەتەوەو نیشتمانێکە.






له پەرلەمانەوە

کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی

لەم وەرزەی پەرلەماندا، جارێکی تر بە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرایەوە، بۆئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە بە مەبەستی ئــەوەی کە پەرلەمانتاران، جیاواز لە وەرزی ڕابردوو، بە گیانی بەرپرسیارێتیی یاساییو نیشتمانییەوە تاووتوێی بکەنو دەنگ بۆ پەسەندکردنی بدەن، بەتایبەتی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بەئومێدی ناردنی پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە، کەچی حکومەت خەمساردیی خۆی نیشاندا لە ڕەوانەکردنی پرۆژەکە بۆ پەرلەمان.

هەنوکە زۆرینەمان هاوڕاین کە دەبێت دەزگای داواکاری گشتیی بە یاسایەکی تایبەت لەپەراوێزخستنو فەرامۆشکردن ڕزگاربکرێت، ئەوکات دەتوانێت ڕۆڵی خۆی هەبێت لە داکۆکیکردن لە مافەگشتییەکانو دەرخستنی تاوانو دژایەتیو بنبڕکردنی گەندەڵییو پارێزگاریکردن لەسامانی گشتیی.

بەبێ دڵەڕاوکێ، پرۆژەکە هەموو ئەو مەبەستانەی سەرەوەی لە خۆگرتووەو سەرباری ڕەتکردنەوەی، هەرهەمان پرۆژە پیشکەش کرایەوە، لەبەرئەوەی هێزو بایەخی پرۆژەکە لەوەدایە کە لەلایەن ئەندامانی داواکاری گشتییەوە، ئامادەکراوە. لێرەدا پرسیارێک ڕووبــەڕوومــان دەبێتەوە، بۆ دەبێت پرۆژەیەک ڕەتکرابێتەوەو جارێکی تر هەمان پــرۆژە بەبێ دەستکاریی بخرێتەوە ڕوو؟ بەکورتی، پاساوی ڕەتکردنەوەی پرۆژەکە، نایاساییو نالۆژیکی بوو، بەڵکو پەیوەندیی بە ڕوانگەو هەڵوێستی نائاساییو ناسروشتی لیستی دەسەڵاتەوە هەبوو لەبەرامبەر هەر پرۆژەیەک کە ئۆپۆزسیۆن تەبەنیو پشتیوانیی کردبێت، ئەوان پاساوی ڕووخسارییو ئامادەکراویان هەبوو بۆ ڕەتکردنەوە، ئەگەر هەمواركردنێكیش لەیاسای داواکــاری گشتیی کرابێت، نەبووەتە هۆی پاراستنی سەربەخۆییو بەهێزیی دەزگاکە، بۆیە پرۆژەکە نووسراوەو دراوەتە حکومەت، کەچی دوای دووســاڵ، حکومەت پرۆژەکەی ڕەوانــەی پەرلەمان نەکردو ئەم جارەش دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، بێئاکام بە پێشکەشکردنەوەی، ئەرکی خۆمان بەجێگەیاند.

وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە(١٩)ساڵ لە حوکمڕانی، تا ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە یاسایەکی تۆکمەو بەهێز بۆ دەزگــای داواکــاری گشتیی دەربکاتو بەئاشکرا کەس نکوڵی لەوە ناکات، کە دەبێت ئەم دەزگایە بەهێزبکرێتو وەکو جومگەیەکی بنەڕەتیی لە دەسەڵاتی دادوەریدا تەماشابکرێت، بەڵام لەکردەوەدا هیچ هەوڵێکی جدیی نییەو ســەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسییو دەستوورییەکان لەعێراق بە گشتییو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، پێگەی یاسایی داواکاری گشتیی ناکۆک بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقو ڕەشنووسی دەستووری هەرێم، وەکو ئێستا داواکاری گشتیی کە سەر بە وەزارەتی دادە، وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بێگومان کارێکی نادەستوورییەو پێچەوانەی مادەی (٨٩) دەستووری عــێــراقو هــەروەهــا مــادەی (٧٧) لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانەو پێچەوانەی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەو گوێ بۆ خواستو داوای داواکارانی گشتیی نەگیراوە.

پــرۆژە پێشنیازکراوەکەشیان ئــەم دەســتو ئەودەستی پێدەکرێتو بەمەش پێگەی داواکــاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان بە ناسەربەخۆییو لاوازیــی دەمێنێتەوە کە کاریگەریی خراپی لەسەر سەروەربوونی یاسا دەبێتو دەزگاکە ناتوانێت ڕۆڵی خۆی لە بەرگریکردن لە مافی گشتییو سامانی گشتیی ببینێت، لەهەمانکاتدا چاودێریی مەشروعییەتی ئەو یاساو بڕیارانە بکات کە جێبەجێ دەکرێن.

بۆیە پرۆژەکە زەرورەتــی بابەتیی خۆی هەیەو ئەرکی هەموو لایەکە بە جیاوازیی سیاسییەوە، پشتیوانیی لە پرۆژەیاساکە بکەن لەپێناوی بوونی دەزگایەکی بەهێزی داواکــاری گشتیی کە دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە پاراستنی سیستمە سیاسییەکە ببینێت.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شــاخــەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# دەزانی کەی بەسەردەچیت؟


د.خالد مونتەسیر

مرۆڤ سەرکەوتن، شۆرەتو ناوبانگو نەمریی وەک دەرمانو خۆراکی ناو قوتوو بەرواری بەسەرچوونیان هەیە! «ئۆپرا وینفری» ژنە پێشکەشکاری ئەمریکیی ویستی بە کەنارگیربوونی خۆی لە پێشکەشکردنی بەناوبانگترین بەرنامە لە مێژوودا ئەم پەیامە بە گوێماندا بدات: «پێش ئەوەی بەسەربچیت، لە وادەی گونجاودا وازبهێنە، پێش ئەوەی بریسکانەوەی خەڵکیت بکوژێتەوە، درەوشانەوەی خۆت بپارێزە»، بیرمان نەچێت ئەوە خەڵکییە بوونەتە مایەی سەرکەوتنی تۆ، پێش ئەوەی هێلکەی بۆگەنو تەماتەی رزیوت تێ بگرن، با بە چەپڵەرێزان بەرێت بکەن، بیستو پێنج ساڵە ئۆپرا وینفری رۆژانە لە سەرکەوتندا بوو، سی ملیۆن بینەری ئەمریکی هەبوو و لە سەدو چلو پێنج وڵاتدا پەخش دەکرا.

یەکێک لە دەوڵەمەندترینو کاریگەرترین کەسە لەسەر رای گشتیی سەرلەبەری جیهان، دەستبەرداری هەموو نەمرییو سەرکەوتنو درەوشانەوەو گەشەکردنی بوو تا بەرەو وێستگەیەکی دیکە هەنگاو هەڵ بگرێت، کە چارەنووسێکی نادیارە، سەرکەوتن وا بە سەر لەپی حەزیداو دۆڵپاوە، پێویستی بە بنیاتنانی تازەو خوێنی تازەو داهێنانی تازەیە، ئۆپرا تەمەنی بەرەو (٦٠) ساڵی لە هەڵکشاندایە، ئەو گەرموگوڕییەی بەرەو دۆزەخی سەرچڵیو سەرکێشی (مغامرە) بەجێهێشت، هێشتاکە هەستی خۆتێهەڵقورتانی دروستکردنی سەرکەوتن لە سفرەوەی هەر تێدا ماوە، ئایا خۆی تەرخان دەکات تا بکەوێتە بەڕێوەبردنو هونەری چێژوەرگرتن لە ژیان، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو تفتو تاڵیو نەگبەتیو گرژیی کێبرکێی ژیان، وەک «بیل گەیتس» هەرە دەوڵەمەندترینو زیرەکترینو سەرکەوتووترینو کاریگەرترین کەس لە جیهاندا؟ هێشتا بڕیارەکە وا لە دنیای نەدیودایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئۆپرا کارێکی کرد، چۆلەکەیەکی لە دەستدا بێت، وەک لەوەی لە شەوێکی سیحراویی ناو جەنگەڵدا بکەوێتە راوە چۆلەکەی سەر درەختەکان.

«یەحیا حەققی» تاقە هونەرمەندێکی عەرەبە لەوپەڕی نەمرییو سەرکەوتنیدا قەڵەمی فڕێداو وتی: ئیدی بەسە، لەوە کەوتووم داهێنانم هەبێت، هەر دەبێت بووەستم. کردە پەشیمان نابمو خەمیشی لێ ناخۆم، پێشتر بڕیاری دابوو لە رۆژنامە کەمفرۆشەکاندا بنووسێت، هەروەک بە هێمنیی بڕیاریدا وازبهێنێتو بکەوێتە غەزەڵو بەبێ دەنگەدەنگو لەسەرخۆ خۆی سازو تەیار بکات لە دنیای داهێنان بچێتە دەر.

تاقە سیاسەتمەدارێکی عەرەب، کە هەڵگری نازناوی (سەرۆکی پێشوو)ە، ئەویش «موشیر سوار ئەلزەهەب»ی سەرۆکی پێشووی سودانە، ساڵی (١٩٨٥) چووە سەر تەختی حوکمو ساڵی دواتر دەستبەرداری بوو، هەروەک بەڵێنی دابوو تاقە یەک ساڵ لە حوکمدا دەمێنێتەوە، بێگومان هەموومان گومانمان لە نییەتو راستگۆیی بەڵێنەکەی هەبوو، لە جیهانی عەرەبدا وا راهاتووین حاکم بەڵێنی یەک ساڵ بداتو تا یەک سەدەیش حوکم بکاتو نەتوانێ بە سیفەتی (سەرۆکی پێشوو) لە ناوماندا بژی!

هونەری وازهێنان لە کاتی گونجاودا ئاسوودەییو خۆشگوزەرانییەو ئێمە نایزانین، ناکرێت شاعیرێکی وەک رامبۆ، لە ناوماندا هەڵ بکەوێت، کە لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا کەوتە نووسینو لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بە یەکجارەکیی وازی لە نووسین هێنا!! هونەری زانینی بەرواری بەسەرچوونو کوێربوونەوەی سەرچاوەو پووکانەوەی داهێنانو بوون بە بیابانی یادەوەرییو لە دەستدانی لەشسووکیی سیاسەت، یا هونەر، یا تەنانەت خۆشەویستی، هونەرێکی وێرانەی مۆمیاکراوە، لە وڵاتی بەریتانیا نوژدار دوای تەمەنێکی دیاریکراو، پێموایە لە (٦٥) ساڵیدا واز لە کارەکەی دەهێنێتو خۆی بە توێژینەوەو نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی سەرقاڵ دەکات، ئەو لە داهێنان نەکەوتووە، بەڵکو لە بوارێکی دیکەدا یا بە رێگەیەکی دیکە داهێنانی دەبێت، لای ئەوان هونەرمەندێکیان نییە دەوری خوێندکاری زانکۆ ببینێتو تەمەنیان شەست ساڵ بێت! ئەوانە دژ بە کلسکردنی ئەفراندنو جەڵتەی پێشکەوتن دەجەنگنو کۆلیسترۆڵی دواکەوتوویيو پەککەوتنو پەردەپۆشکردنو رێگریی دەتوێننەوە، کە بە درۆو ساختە بە سەقامگیریی ناوی دەبەن، کورسییەکانیان لە جۆری (تیڤال)ەو سیاسەتمەدارو وەزیرو راوێژکارو بەڕێوەبەرانی پێوە ناڵکێت. بزانە کەی بەسەردەچیت؟ تەواو دڵنیابە لەوەی کە کۆتاییهاتنو بەسەرچوونت لە کارێکی دیاریکراودا مانای وا نییە کە تۆ مردوویت، بەڵکو واتای لە دایکبوونی خەونێکی دیکەیە.

**وەرگێڕانی: هیوا ساڵح**

# پەیڤێک.. پەیڤێکی خەماویی
## بۆ یادی چلەی زانای کورد پرۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار


سمکۆ جەباری

کاتێک لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا کەڵکەڵەی کۆکردنەوەی سەرچاوەو زانیارییو لەسەر نووسینم سەبارەت بە کەرکوکو کارەساتە ناخو ویژدانهەژێنەکانی کەوتە کەللەو مێشکو دڵو دەروونمەوە، دەبوایە شوێن پێی ئەو کەسە ئاگادارانەم هەڵگرتایە کە لەناو رووداوەکانو لەگەڵ کارەکتەرەکانیدا ژیاونو بە لایەنە پەنهانو شاراوەکانو شارەزاییان تاکو سەرەداویان لێ دەست بخەمو ئەم هەنگاوەم ببێتە سەر مەشقی کارەکەم.

دەمێک بوو خولیای ئەوەم بوو بە خزمەتی د.مارف خەزنەدار بگەمو پرسیاری سەروبەرو ئاگاداری بکەم سەبارەت بەم رووداوانەو کارەکتەرەکانی، وا دیارە بەخت یاربوو لە هەولێر لە مەڵبەندی رووناکی مەنزڵگای دکتۆر بە خزمەتی گەیشتم، سەرەتا وەکو هەر خانەخوێیەکی کوردەواری دەرگا کراوە بە رووی میوانان بە تایبەت نووسەرو رووناکبیرو قەڵەم بەدەستان، لەپاش پێشوازییو بەخێرهێنان، کەوتە پرسیاری کەسێتیم کێمو کێ نیم؟

وادیار بوو دکتۆر لە زرنگیو هوشیاری خۆی ئەو حەقەی بەخۆی دابوو، ئەمە سەرەتای پێ کرانەوەم بوو بۆ خزمەتی، ئەم زاتە بە سیماو ئەدگارو هەڵسوکەوتو گفتوگۆی هێمنانە دەریایەک بووە لە زانایيو ماریفەتو ئاغرییو وردبینی، کاتێک باسی سەربردەی رووداوەکانو کارەکتەرەکانی دەکرد، رست رست، ئەڵقە بە ئەڵقە بە زایەڵەی بیرم دەهۆنرانەوە، وێنەو سیماو شێوەی پاڵەوانانو کارەکتەرانی لەسەر پەردەی مێشکو هۆشم بە وێنەی فلیمی سینەمایی لەناو جەرگەو قوڵایی رووداوەکانو کارەساتەکان سەریان دەردەهێناو لە باگراوندێکی زەمەنیی لە جووڵەو بزاوتنو هەڵسوکەوتدا بوون، لەزاری دکتۆرەوە تێگەیشتم بۆ کەرکوکی وەکو وێستگەیەکی ژیانی لاوێتیو قوتابێتییو دواتر مامۆستایی هەڵبژاردووە بە ویستو ئارەزووی خۆی، وشەکانی سەرتابا وەفادارییو دڵسوتانو سۆز بوون بۆ هاوەڵو هاوڕێیانی ئەوانەی بە ناحەق خوێنیان رژا، بە قەولی خۆی لە سەرەنجامی رووداوەکانی ساڵی(١٩٥٩) ی کەرکوک لە (٢٣)ی حوزەیرانی ١٩٦٣.

لێتان ناشارمەوە سەرباری وردە وردە شارەزابوونم لە هەڵوێستو رەوشتو خودی ئەم زاتە بەرزە، بەڵام خۆمان وتەنیی ئینەیەکم تێدا هێشتبووەوە تاکو بەرگی دووەمی یاداشتەکانی بەناوی (رۆژگاری من دروست بوون ١٩٤٩-١٩٦٠) لە ساڵی پاردا کەوتە بازاڕەوە، کاتێک وشەو دێڕەکانی سەردانی بەندینخانەی بەغدام خوێندەوە بۆ دیدەنی شێخ مارفو شێخ حسێنو فاتیحی مەلا داودی جەبارییو ئەوانی ترو بیرکەوتنەوەی رۆژانی خۆشیو رۆژانی رەشی کەرکوکو دوا دیداریان هەر لەو بەندیخانەیە تا نیوەڕۆو تێر نەبوونیان لە یەکتر پێش گەشتە درێژەکەی روسیا بە رۆژێک، هەموو تەمی گومانی رەوانەوەو ئەم وشەو دێڕانەی سەر کاغەز هەمان وشەو دەربڕینی سەرزاری بوون لەکاتی خۆیدا، دکتۆری راستگۆو دڵو زارو قەڵەم، یەک شایەتییەکی رەوانبێژانەی دا بۆیان لە دادگای مێژوویدا.

لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکاندا لەلایەن خانەوادەی نووسەری شەهید (جەبار جەباری) رووی ئەوەم لێنرا بەرهەمەکانی کۆبکەمەوە، بەندەش لە رووی وەفادارییەوە کەوتمە سەرو سۆراغیو سەرجەم بەرهەمە کوردیو عەرەبییەکانم دەست خست، بڕیارمدا ئەم بەرهەمانەی بکەمە دوو بەرگ، یەکەمیان: کۆی بەرهەمە کوردییەکانو دووەمیان عەرەبییەکانی، لەگەڵ پێداچوونەوە لەسەر نووسینو پەراوێزدانانو نووسینەوەی سەربردەی ژیانی، دیارە (جەبار جەباری) شەهید هەر لە سەرەتای شەستەکاندا ئیرادەی خەباتی بە ریزەکانی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان گرێدابووەوەو سەرەنجامی قەناعەتە هزرییو سیاسییەکانی بەو هێڵە. دواتریش هەر خۆی لە ریزەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) دا بینیوە، هەرچەندە لە (بڕیاری لەسێدارەدانی) لەگەڵ کۆمەڵێک نیشتمانپەروەری شاری کەرکوکدا کە وایان تێدایە سەر بە لایەنی سیاسیی تر بووە، ئاماژە بەو رێکخستنە سیاسییە نەکراوە کە شەهید پەیوەست بووە پێوەی، لەم پرۆژەیەمدا لوتم بە بەردی راستییەکی تاڵدا تەقییەوە، (جەبار جەباری) یەک شەهیدی گۆڕگومی لایەنێکی سیاسیی بێت، بۆ ساتەوەختێکیش لە کاروانی خەباتو تێکۆشان نەترازابێت، سەرباری ئەوەی یەکەم قەڵەمبەدەستمان بووبێت، دەستی درێژ کردبێت بۆ نووسینەوەی (مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی) بە هەردوو زبانو زۆر سیفەتو ئەدگاری دانسقەو شیاو لە کەسایەتی، لەچاپدانی بەرهەمەکانی لەدوای ئەو چەندان ساڵە لە دەزگایەکی چاپو بڵاوکردنەوەی سەر بەو لایەنە سیاسییە ئەوەی بەندەو بەرهەمەکانی شەهید کراو دواتر بە قەڵەمە بڕشتە رەنگینەکەی پرۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار کە پێشەکی بۆ نووسیبووەوە، لەوانەیە بە هیچ کتێبێکی تر نەکرابێت!!

تەنانەت راسپاردەی ئەم زاتە لەلای (بەڕێوەبەری گشتی) نەیخوارد، سەرباری دەمولفتی فریودەرانەی. جا نازانم ئەم کابرایە کە رۆژێک لە رۆژان قوتابی سەر تەختەی کۆلێژی ئەدەبیات بووە لەلای ئەم زاتە بەرزەو وەکو ئیدیعای دەکات لە زیندانە سیاسییەکانە! نە هاوخەباتیو هاوڕێبازی شەهیدی نەمرو، نە وەفاو ئەمەکی مامۆستاکەی لەلا نەمابوو، یاخود گەندەڵییو بێسەروبەرییو شتی تر رێگر بوون لە بەچاپگەیاندنی لە ئانوساتی خۆیدا؟؟!!!... بەهەر حاڵ لە یەکێک لە سەردانەکانم بۆ خزمەتی ئەم زاتە وەکو پیشەی هەمیشەیی سەروسۆراغی کتێبەکەی لێ دەپرسیم، کاتێک راستییەکەم بۆ درکاند بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: وەریگرەرەوەو بیهێنە بۆ ئێرە لەگەڵ دەزگای(......) قسە دەکەم بەرپرسەکەی لە قسەم دەرناچێت با لێرە چاپ بکرێت.

ناچار لەسەر ئەم رێنماییە بە کۆڵی بندەستەوە بۆ سەفەری دووەم رووەکردە


د. مارف خەزنەدار

ئەو دەزگایە لە هەولێر، دوای تایپکردنی تارمایی دوژمنایەتیی دوابراوی جەلالیو مەلایی لەم پرۆژە کلۆڵە پەیدا بووەو لە دواجاردا بە عوزر خواییەوە بەرپرسی دەزگاکە نوسخە تایپکراوەکەشی دامەوەو خواحافیزیم لێکرد.

لەم هێنانو بردنەدائەو پەراوێزانەی بۆ کتێبی (مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی) کردبوومو زادەی پێداچوونەوەی چەندەها سەرچاوە بوو، هەر لەسەر رێنمایی دکتۆر بڕیارم دابوو بیکەمە کتێبێکی سەربەخۆ، تیاچوو، ئەم پەڕانە جارێکی تر رووبەرووی دەزگاکەی سلێمانی کرایەوە بە هەزار ناڵی عەلی ئەم بەرگەیان (بەرهەمە کوردییەکان) چاوی هەڵهێنا بە رۆشنایی چاپ لەدوای ئەم هەموو بێنەوبەرەبە.

ئەوەی مایەی گوشادیمە ئەو پێشەکییە بەپێزو بەنرخەیە کە بە قەڵەمە بڕشتەکەی ئەم زاتە نرخو بایەخی کتێبەکەی هەڵکشا.

ئەگەر ئاورێک لە هەڵکەوتەی رووناکبیریو زانستیی ئەم کەڵە زانایە بدەینەوە، دەبینین هەر لە سەرەتای هەرەتی هەرزەکارییو لاوێتی دەربارەی (لێکترازانی هزری= التفتق الفكري) لەلای سەری هەڵداوە، هەر بۆیە لە ریزی قەڵەمە ناسراوەکانی رۆژنامەکانی (هەولێر، ژین، الجبل، اخبار المساء، **الرأي العام، العراق اليوم، الهاتف، الشعب، الأهالي**) و گۆڤارەکانی (هەتاو، شەفەق، **الصحيفة، الرسالة الجديدة، الصياد، المعلم الجديد**) جێی شیاوی خۆی گرتووە، سەرباری بەشداری لە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا لە ساڵانی پەنجاکاندا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ناوەندە رووناکبیریە کوردیو عەرەبییە عێراقییەکانەوە هەبووە، لەو تەمەنەیدا بە تایبەتی لەگەڵ کەڵە پیاوانی سیاسەتو ئەدەبو زانست، وەکو: تەوفیق وەهبی، رەفیق حیلمي، گۆران، شێخ سەلام، محەمەد ساڵح دیلان، ئەحمەد هەردی، حسێن مەروان، سەیاب، عبدوالوهاب بەیاتیی...هتد.

هەر ئەو بنەمایە بوو بووە هاندەرو پشتیوانی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە یەکێتی شورەویی جارانو ئاشنابوونو هاوڕێیەتیی لەگەڵ رەمزە رووناکبیرییو ئەکادیمییە دیارەکانی کورد لە پارچەکانی تری نیشتمان سەرباری بیانییو غەیرە کورد.

تا دواجار چاولێکنانی یەکجارەکیی لە ٢٠١٠/١٠/٢٥ لە مەڵبەندی لەدایکبوونی (هەولێر) لە ریزی پێشەوەی هێما بەرزو شەکاوەکانی رووناکبیرییو ئەدەبو کولتووری نەتەوەکەی بوو.

هەزار دروود لە گیانی بەرزو نەمرت، گۆڕت هەر پڕ نوور بێت.

# پێشنیازی چەند پرۆژەیەک لە بواری بیناسازییدا


هاشم غەمگین

وەک دەبینرێت، لە ئێستادا بۆ قوتاربوون لە کێشەی بێکاریی توێژی گەنجان، باسو خواسی پێدانی دامەزراندنو بنیاتنانی پرۆژەی بچووک لە ئارادایە.

بۆ رەخساندنی هەلی کار بۆ توێژی گەنجانو چۆنێتیی رێکخستنو کارکردن لە کەرتی بیناسازییدا، بە پێویستمزانی نموونەی سێ قۆناغی کاری بیناسازیی بهێنمەوە کە خۆیان لە هونەری جوانکارییو کاری بۆیاخکردنو تەئسیساتی تۆڕی ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا دەبینێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجو باسکردنە، زۆرێک لەوانەی خەریکی ئەنجامدانی ئەم پیشانەن، دەبینرێن بەشێوەیەکی هونەرییو تیۆرییو ئەکادیمی رانەهێنراون، واتە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ شارەزاییان لەم پیشانەدا پەیدانەکردووەو بە هەڕەمەکیی لە یەکترییو بە لاوازیی فێربوون، لە هەمان کاتیشدا کارەکانیش بەبێ چاودێرییو هەڵسەنگاندن ئەنجامدراون، بۆیە زۆر جار بەهۆی خراپ ئەنجامدانیان رووبەڕووی نارەزاییو توانجی خاوەنکار بوونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بینراوەو بیستراوە لەبەر خراپ ئەنجامدانی کاری کارەبایی بیناو خانووەکانو دروستبوونی شۆرتی کارەبایی، هاوڵاتییان دووچاری زیانی گیانییو مادیی بوونو چەندین رووداوو کارەساتی جۆراوجۆری دڵتەزێن کەوتووەتەوە، هەروەها خراپ ئەنجامدانی تۆڕی ئاوو ئاوەڕۆش، بووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆنکرێتی نێو خانوو و بیناکانو زیانگەیاندن پێیان.

جا بۆ ئەوەی ئەم پیشانە چالاکانە ئەنجامبدرێنو بە یاساییو لەژێر چاودێریپکردندا کارەکان رێکبخرێن، چەند خاڵێک روون دەکەمەوە.

یەکەم: پێویستە وەزارەتی کارو دەزگاکانی وەبەرهێنانو ئاوەدانکردنەوە، پرۆژەو بەرنامەیان بۆ راهێنانو فێرکردنو پێگەیاندنی کارمەندو کرێکاران بۆ بوارەکانی بیناسازیی هەبێت، بە تایبەتی لە توێژی گەنجان، بۆ ئەوەی خاوەنی بڕوانامەو ناسنامەی پیشەیی خۆیان بن، هەروەها کارەکانیش لێهاتووانەو سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێن.

دووەم: دەبینرێت بۆ دەرکەوتنو بەخشینی سیمایەکی جوانتر، ئەو بیناو خانووانەی لە رابردوو و ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا دروستکراونو دەکرێن، بە شێوەیەکی گشتیی هەنووکە هاوڵاتییان خواستو ئارەزووی نۆژەنکردنەوەو بۆیاخکردنیان هەیە، بۆیە دەکرێت لە رێی پێکهێنانو دامەزراندنی کۆمپانیایەک بۆ ئەنجامدانی کاری بۆیاخکردنو دامەزراندنی سیستمی کارەباو تۆڕی ئاوو ئاوەڕۆو بیناو خانووەکان لەگەڵ هەبوونی کارمەندو کرێکاری پێویستو راهێنراو بۆ پیادەکردنی کارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمپانیایە پێگەیەکی بەربڵاوی هەبێتو لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان فەرعو بنکەیان هەبێت، بەمەش دەرفەتی کار لە تەواوی ناوچەکان بۆ گەنجان دەرەخسێتو ئەو پیشانەش بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵو سەرکەوتووانە ئەنجام دەدرێن.

# لەنێوان قەتەرو هەرێم
# ئیشکالییەتی نەبوونی خەونی مەزن



فرمان عەبدولڕحمان

رۆژی دووی ئەم مانگە وڵاتی قەتەر توانی لە کێبڕکێی بەدەستهێنانی میوانداریی مۆندیالی (٢٠٢٢) لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای بەرێتەوە، بووە یەکەم وڵاتی عەرەبیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە یەکێتیی تۆپی پێی جیهان (فیفا) دەستنیشانی بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو بۆنە وەرزشییە گرنگەی جیهان.

دیارە بەدەستهێنانی قەتەر بۆ میواندارێکردنی مۆندیالی (٢٠٢٢)و بردنەوەی لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووداوێکە کە هەڵگری زیاد لە خوێندنەوەیەکە، بەڵام لە سادەترین ڕەهەندیدا بریتییە لە بەرجەستەبوونی ئەو ڕاستییەی کە وڵاتێکی بچووکی وەکو قەتەر کە ڕووبەرەکەی بریتییە لە ١١ هەزارو ٥٢١ کیلۆمەتر چوارگۆشە، توانیویەتی ببێتە نموونەی ئەو وڵاتانەی کە پرۆسەی گەشەپێدانی ڕاستەقینەی سیاسییو ئابوورییو کەلتووریی چ ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە بەخشینی قورسایی و سەنگی سیاسیی لەسەر هەموو ئاستەکان، بە جوگرافیایەک کە پێش تەنیا ١٦ ساڵ لەمەوبەر جگە لە وڵاتێکی خێڵنشینی فەرامۆشکراو، شتێکی دی نەبوو...

لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت ئەوە بڵێین، کە ڕاستە دەوڵەتی قەتەر لە ساڵی (١٩٧١)ەوە سەربەخۆیی لە بەریتانیا وەرگرتووەو بووەتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، بەڵام بەڕاستی چیرۆکی گەشەکردنی قەتەرو هەموو ئەو دەستکەوتو هێزو ناوبانگە نێودەوڵەتییەی ئێستا هەیەتی تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵە «بە مێژووی زاینی»، ئەویش دوای ئەوەی ئەمیری ئێستای دەوڵەتی قەتەر (حەمەد بن خەلیفە ئال سانی) کودەتایەکی زۆر ئاشتییانەی بەسەر باوکیدا کردو حوکمی وڵاتی گرتەدەست...

حەمەد بن خەلیفە لەو دەمەدا تەمەنی ٤٥ ساڵ بوو، گرتنەدەستی فەرمانڕەوایەتییەکەی باوکی بۆ خزمەتکردنی نەزەواتو حوبی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی خەونی گەورەکردنی قەتەر بوو، وەکو خۆی لە یەکێک لەچاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا ئاماژەی بۆ دەکات. هەربۆیە دوای ساڵێک بەسەر کودەتاکەیدا کەناڵی جەزیرەی دامەزراندو توانی ئیمپڕاتۆرییەتێکی ئیعلامی لە ئاسماندا دروست بکات، کە ئێستا بووەتە تۆڕێکی گرنگو بەرفراوانی میدیاو دەتوانێت زۆر بە ئاسانی ململانێ لەگەڵ میدیا عیملاقەکانی دونیادا بکات.

بەڵام ئەی ئێمە، ئێمەی کورد لە هەرێمی کوردستان، بۆچی ناتوانین جوانییەک بنووسینەوە؟ ئەزموونێکی سەرکەوتن تۆمار بکەین؟ دوای ١٩ ساڵ لە تەمەن، بۆچی هەر دەبێت چاوەڕوان بین؟ دەزانم هەندێ لە زووڕناژەنەکانی دەسەڵات پێمان دەڵێن چۆن شت نەکراوە، بەڵێ کراوە، ئەوەنییە ١٠کم جادەمان قیرتاو کرد، ٥کم زێرابی سندووقیمان ئەنجامدا، شت چۆن نەکراوە؟...

مەخابن سەرباری بوونی سامانێکی مرۆیی ٤ بۆ ٥ ملیۆن کەسیی، هـەزاران دۆنم زەوی بەپیتی کشتوکاڵیی، چەندین سەرچاوەی ئاوی دەوڵەمەند، چەندین سامانی سروشتیو کانزاییو سامانی نەوت، بودجەیەکی زەبەلاح، کەچی دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی هەر بیانوو دەهێننەوە بۆ ئەم چەقبەستوویيو جەهالەتە کوشندەیە.

نازانم چیمان نییە بۆئەوەی ژیانێکی خۆشمان هەبێت؟...

ئاسانە ئیرادەیەکی دڵسۆزو عەقڵێکی سیاسیی کە خاوەنی خەونی مەزن بێت. سیاسییەکانی ئێمە خەونیان هەیە، بەڵام خەونەکانیان لەودیو سنووری مەزرەعەکانیانەوە کۆتایی دێت، بانگەشەیان بۆ دیموکراسی تا ئەو شوێنەیە، کە شەرعیەت بداتەوە بە دەسەڵاتەکانیان بۆ کۆکردنەوەی خەرمانی ئیمتیازاتی شەخسی. پرۆژەکانی وەبەرهێنان کاتێک ئەنجامدەدەن کە کوڕی کوڕەکانیان لەبەری بخۆن.

مەخابن دوای ١٩ ساڵ لە حوکمڕانیی، دوای ١٩ ساڵ لە بەڵێن، هێشتا ئەگەر شەقامێک قیرتاو بکرێت سەدجار بە منەت پێمان دەفرۆشنەوە، ئەگەر ١٠ دەقیقە کارەبای نیشتمانیی زیاد بکرێت ئیدی سەرمان دەبەنە کەشکەلانی فەلەک، بەڵام لەقەتەر دوای ١٦ ساڵ لە گەشەپێدان، داهاتی تاکێکی قەتەری لە ساڵی (٢٠٠٩) ساڵانە گەیشتە ٨٥ هەزار دۆلار، کەچی لە سایەی ئەو بودجە زەبەلاحەی حکومەتی هەرێمەوە، ئەگەر ٥٠٠ دیناری چاپی تازە بۆ کەمئەندامان، یان خانەنشینان زیاد بکرێت، دەبێتە مەکرەمەی سەرۆکەکانی حیزب.

یەکێتیو پارتی دوای ئەوەی هەموو ژیانیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا قۆرخکرد، هێشتا لەوە لاوازتر دەردەکەون خاوەن خەونێکی مەزنیان تێدا هەڵبکەوێت، مەخابن کە وایە قەدەری ئێمە...









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩